# دانوستاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
# لەگەڵ حکومەتی عێراق
# ١٩٨٤

هەواڵنامەی کتێب

د. سەروەر عبدالرحمن
د.دلێر ئەحمەد

هەولێر ٢٠١١

# دانوستاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق

## لەساڵی ١٩٨٤دا

هەواڵنامەی کتێب

د.سەروەر عبدالرحمن عمر

د.دلێر ئەحمەد حەمەد

هەولێر - ٢٠١١

ناوی کتێب: دانوستاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا

نووسینی: د.سەروەر عبدالرحمن عمر      د.دلێر ئەحمەد حەمەد

نۆرەی چاپ : یەکەم

سالی چاپ: ٢٠١١

شوێنی چاپ: هەولێر

چاپخانە: هێڤی

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆك


پێشەکی

خەسڵەتی گشتی توێژینەوەکە

چەمکی دانوستان

هۆکارەکانی دانوستانی نێوان حکومەتی عیراق و (ی.ن.ك)

پرۆسەی دانوستانەکە

سیاسەتی حکومەتی عیراق لەکوردستاندا لەکاتی دان‌وستاندا

هەڵوێستی دەوڵەتە ناوچەییەکان بەرامبەر دانوستاندن

هۆیەکانی سەرنەکەوتنی دانوستاندنەکە

ئەنجام

لیستی سەرچاوەکان

الملخص باللغة العربية

Abstract


هەواڵنامەی کتێب

ئەم توێژینەوەیە کە لەلایەن هەردوو ئەکادیمیی بەڕێز (د.دلێر ئەحمەد حەمەد) و (د.سەروەر عبدالرحمن عمر)ەوە نوسراوە، دواى رەزامەندی نیشاندانی ئەم دوو بەڕێزە، بەباشمان زانی لە یادی ٣٦ ساڵەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا لەسەر ئەرکی مەکتەبی راگەیاندن جارێکی تر چاپی بکەینەوە.

مەکتەبی راگەیاندنی
ی.ن.ك

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

خەباتی گەلی کورد دژی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان بۆ هێنانە کایەی مافە ڕەواکانی بەردەوامبووە، لەدیارترین شۆڕشەکانی لەسەردەمی نوێدا شۆڕشی ئەیلولە (١٩٦١) تا (١٩٧٥) کە چواردە ساڵی خایاندو دواتر لە ئازاری ١٩٧٥دا لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆو دەرەوە و بەتایبەتی ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان هەردوو ڕژێمی عیراق‌و شای ئیران شۆڕشەکە کۆتایی پێهێنرا. کە ئەم کارەساتە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك دەرەنجامی خراپی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هێنا.

ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلول تێکشکا، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو گیانی کوردایەتی کڵپەی سەندەوەو بەماوەی چەند مانگێك دوای هەرەس بەشێوازێکی تازەترەوە خەبات دەستی پێکردەوە. چەندین پارت‌و ڕێکخراوی کوردی چوونە مەیدانی خەباتەوەو خەباتی سیاسی‌و چەکدارییان دەست پێکردەوە. یەکێ لەو پارتانە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو.

لەدوای سەرهەلدانەوەی ئەم بزووتنەوانە، ڕژێمی بەعس هەوڵیدا کارێك بکات بۆ نەمانی پشتیوانی‌و یارمەتی دان بۆ بزوتنەوە وە کوردیەکان لەکوردستان‌و چەندین سیاسەتی دڕندانەی گرتە بەر. لەهەمان کاتدا بارودۆخی عیراق بەگشتی بەهۆی شەڕی لەگەڵ ئێراندا شێوابوو، شەڕەکە ماوەی هەشت ساڵی خایاند. ڕۆژ بەڕۆژ خەستتردەبوو، هیچ لایەکیان ملکەچی ئەوی تر نەدەبوو، هەردوولا توشی ڕەشبینیەکی تەواو ببوون.

ئەم شەڕە ماڵ وێرانییەکی یەکجار گەورەبوو بۆ هەردوو وڵات، سەدان هەزار کەس کوژران‌و بریندرابوون‌و کەم ئەندام بوون. دەیان

شاروشارۆچـكەی هـەردوولا وێـران بـوون. جگـە لـەوەی زیـانێكی گـەورەبوو لـەئابووری وولات، سـەرەڕای هـەموو ئـەو ناهەمواریيانـەی رووبەڕووی حكومەتی عيراق بوون.

لـەماوەی سـالانی ١٩٨٢-١٩٨٣ حكومـەتی بـەعس رووبـەڕووی قەيرانێكی (سياسـی، سـەربازی، ئابووری) ببوويـەوە، لەوكاتـەدا ئێـران فشـارێكی تونـدی خسـتبووە سـەر عێـراق، بـە هێـرش و پـەلامارە يـەك لەدوای يەكەكانی توانی چەندين شوێن و پێگەی سەربازی عێراق بخاتە ژێر ركێفی خۆيەوە. لەباشوردا هێزەكانی سوپای عێراق توشی شكست بووبوون، هـەر بۆيـە بـەعس هێزەكـانی لـە شـوێنە بـەرزو سـتراتيژيەكانی كوردسـتان بـۆ بـەرەكانی شـەڕ لەباشـوری عێـراق گواسـتەوە. ئەوسـاتە بەعس گەيشتبووە ئەو راستيیەیَ كە(ی.ن.ك) هێزێكـی قەوارە گەورەيە، لـەرووی رێكخسـتن و سـەربازييەوە تـەواو گەشـەی كـردووە. خـەڵكی كوردسـتان ئەوەنـدە پەيوەسـت بـوون بـە (ی.ن.ك) كـە بەبانگـەوازێك لەئێسـتگەوە هـەموو ئەڕژانـە شـەقامەكان و لـەدژی رژێمـی بـەعس خۆپيشاندان و مانگرتنيان ئەنجام دەدا

بۆيـە دەتـوانين بڵـێن نالـەباری بـارودۆخی عێـراق، بەعسـی ناچاركرد خۆی داوا لە(ی.ن.ك) بكات گفتوگۆی لەگەڵدا بكات. ئەوەبوو يـەكێتيش قبـوڵی كـرد، ئـەو گفتوگۆيـە كـەماوەی سـاڵێكی (١٩٨٤-١٩٨٥)ی خاياند.

يـەكێ لە شێوەكانی خـەبات گفتوگۆو دانوستاندنە، دەبـێ ئـەوەش بـزانين كـە گفتوگـۆكردن لەهـەر جێگەيـەكی دنيـادا، لـەنێوان دوو هێـزی دژبەيەكدا بەخێراترين پرۆسيس دادەنرێت بۆ چارەسـەركردنی كێشـەو گرفتەكان، كەس ناتوانێت نكوڵی لەوەبكات كە گفتوگۆكردن شێوەيەكی

مەلبەندی كتێب

خەباتە. بۆیە هەرکاتێك هەر رژێمێك داوای گفتوگۆی لەکورد کردبێت رەتی نەکردۆتەوە.

ئەگەر سەیرێکی پێوەندیەکانی کوردو بەعس بکەین، حکومەتی بەعس گەلێ جار لەکاتی لاوازیدا داوای گفتوگۆی کردووە، بەنیازی چارەسەرکردنی لاوازیەکانی خۆی، ئەگەر هاتوو تەرازووی هێز بەقازانجی خۆیان شکابێتەوە، جارێکی دی پشتیان لە داخوازیەکانی گەلی کورد کردۆتەوە.

لەسەردەمی شۆڕشی نوێدا (١٩٧٥) بەدوواوە زۆربەی پارتە کوردییەکان گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتی بەعس ئەنجامداوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتۆتەوە.

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە(دانوستاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٤دا)، هۆکارەکانی دەست پێکردنی و بەرنامەی (ی.ن.ك)و سیاسەتی بەعس و هەڵوێستی هەریەك لە دەوڵەتە ناوچەییەکان و پارتە کوردیەکان و جەماوەری کوردستانی تیادا خراوەتە روو، جگەلەمە لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکەش دواوین سەرباری ئەو ئەنجامەی کە لەکۆتاییدا پێی گەیشتووین.

بۆ نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سود لەگەڵێ سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە، لەوانە بیرەوەری کەسانێکی بەشداربوو لە پرۆسەکەدا، بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی (ی.ن.ك)لەو سەردەمەدا لەگەڵ چەندین سەرچاوەی مێژوویی ترو چاوپێکەوتنی کەسانێکی بەشداربوو.

هەواڵنامەی کتێب

# خەسڵەتی گشتی توێژینەوەکە

بابەتی دانوستانی نێوان حکومەتی عیراقو یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێکە لەقۆناغە گرنگەکانی مێژووی نوێو هاوچەرخی سیاسی کورد لەکوردستانی عیراق، چونکە ئەم دانوستانە لەبارودۆخێکی ئێجگار هەستیار رووی داوە، یەکێك لەخەسڵەتەکانی بریتیە لەوەی کە تاکە حزبێکی سیاسی کوردی بەتەنیا رێگای دانوستانی گرتەبەر بێ ئەوەی پارتو گروپە سیاسیەکانی تری لەگەڵدا بێت.

یەکێك لەخەسڵەتەکانی تری ئەم دانوستانە ئەوەیە کە دەوڵەتێکی بەهێز لەبواری ئابووری، سیاسی، عەسکەری وەك عیراق کە پشتو پەنایەکی نێودەوڵەتی لەڕادەبەدەری هەبوو، ئامادەیی خۆیی نیشاندا بۆ ماوەی یەك ساڵی رەبەق دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی حزبێکی سیاسی کوردی بەژمارە کەم لەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتی عیراق بێ هێزو بێ پشتیوانی وەك (ی.ن.ك) ئەنجام بدات.

خەسڵەتێکی تری ئەم دانوستانە ئەوەیە کە جگە لەدکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ وەك رێکخەری دانوستانەکە لەسەرەتادا، هیچ دەوڵەتو لایەنێك، لایەنی سێیەمی ئەم دانوستانەیان پێك نەهێناو هەربۆیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە ناچارین زیاد لەپێویست پشت بەو سەرچاوانە ببەستن کە لەلایەن سەرکردایەتی کوردییەوە لەشێوەی بەیاننامە، بڵاوکراوەی سیاسی، بیرەوەری، کتێبی سیاسی دانراونو بڵاوکراونەتەوە.

لەلایەکی تر ئەگەرچی هەندێ رۆژنامەنوسو توێژەری بێگانە باسی ئەم دانوستانەیان کردبێ بێگومان سەرچاوەکانی ئەوانیش هەر

هەواڵنامەی کتێب

سەرکردە کوردەکان بوونە لەڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنوسیەوە زانیاریان پێداون.

حکومەتی عیراقیش بەدرێژایی ساڵی (١٩٨٤) کە وەك سیستمێکی تۆتالیتار کۆنترۆڵی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کردبوو، بەهیچ جۆرێكو بەدوورو بەنزیك باسی لەم گفتوگۆیە نەدەکرد، تەنها جارێکیان نەبێ وەك وتەبێژ (نعیم حداد) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لەڕۆژنامەی (العراق) ڕایگەیاند کە: دانوستانەکە ئەوەندەی نەماوە کۆتایی پێ بێ.

سەرباری هەموو ئەمانە هێشتا بەتەواوی نازانرێ ئەم دانوستانە لەڕووی تەکنیکیەوە چەندە پابەند بووە بەئەتەکێتو هونەری دانوستان، چونکە دانوستان یاساو ڕێسای خۆی هەیە.

هەولێرنامەی کتێب

## بارودۆخی کوردستان بەر لەدەستپێکردنی دانوستاندن

خەباتی گەلی کورد دژی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان بۆ هێنانە کایـەی مافـە رەواکـانی بـەردەوامبووە، لـەدیارترین شۆڕشـەکانی لەسەردەمی نوێدا شۆڕشی ئەیلولە (١٩٦١) تا (١٩٧٥) کە چواردە سـاڵی خایانـدو دواتـر لـە ئـازاری ١٩٧٥دا لەئـەنجامی کۆمـەڵێك هۆکاری ناوخۆو دەرەوە و بەتایبـەتی ڕێککـەوتنی جـەزائیری نێـوان هەردوو رژێمی عیراق و شای ئیران شۆڕشـەکە کۆتـایی پێهێنـرا. کە ئـەم کارەساتە لەگـەڵ خۆیـدا کۆمـەڵێك دەرەنجـامی خراپـی بەسـەر کۆمەڵی کوردەواریدا هێنا.

ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلول تێکشکا، بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو گیانی کوردایەتی کڵپەی سەندەوەو بەماوەی چەند مانگێك دوای هـەرەس بەشـێوازێکی تـازەترەوە خـەبات دەسـتی پێکـردەوە. لـە ١٩٧٥/٥/٢٢دا لـە شـام (یـەکێتیی نیشـتیمانی کوردسـتان) یەکـەم بەیانی دامەزراندنی خۆی راگەیاند دواتر لە ١٩٧٥/٦/١ لە ئەوروپا دووەم بەیانی بلاوکردەوە.

دواتر چەندین پارت و لایـەنی تر دروست بوون، لەوانە(پارتی سۆسیالیسـتی کـورد-پاسـۆك) بـوو کەلـە (١١) ئـەیلولی (١٩٧٥) دروسـت بـوو. دواتـر( پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان-لیژنـەی ئامادەکـاری) بەسەرپەرشـتی د.مـەحمود عوسمـان و ( پـارتی دیموکراتی کوردستان-سەرکردایەتی کاتی) بەرێبەرایەتی مەسعود بارزانی و سامی عبدالرحمن هاتنەوە مەیدانی خەبات.

لەحوزەیرانی ١٩٧٦دا، لەساڵیادی دامەزراندنیدا (ی.ن.ك) شۆڕشی چەكداری دەستپێكردەوەو لەماوەیەكی كەمدا توانی هەزاران پێشمەرگە لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە.

هەروەها (حیزبی شیوعی عێراقی– قیادەی مەركەزی) لەشاخەكانی كوردستاندا هاتنەوە مەیدان و (حیزبی شیوعی عێراقی– لیژنەی مەركەزی)یش كە لەو سەردەمەدا لەگەل بەعسدا لە بەرەدابوو و دواتر ئەوبەرەیە هەڵوەشایەوەو ئەوانیش ڕێگەی شاخیان گرتەوە بەر.

لەدوای سەرهەلدانەوەی ئەم بزووتنەوانە، ڕژێمی بەعس هەوڵیدا كارێك بكات بۆ نەمانی پشتیوانی و یارمەتی دان بۆ بزوتنەوە وە كوردیەكان لەكوردستان. هەر بۆیە لەتەمووزی (١٩٧٨) كەوتە ڕاگواستنی دێ سنووریەكان كە نزیكەی (٢٥٠٠) ماڵ ئەبوون، جگە لەوەی خەڵكی زۆربەی گوندەكانی وەدەرنا، گوندەكانیشیان وێران كرد، كارێزو كانیاوەكانیان تەقاندەوە. بەرنامەی خوێندنیان كرد بە عەرەبی و هەموو پەڕتووكەكان بەعەرەبی ڕەوانەی قوتابخانەو خوێندنگاكان كران.[1]

هەواڵنامەی كتێب

---

[1] .شاخەوان عەباس: سەفەری كوردایەتی خەباتی شارو شاخ (١٩٧٤– ١٩٨٠) ئایاری ٢٠٠٥،ل ١٩٥–١٩٦

لەساڵی (١٩٧٩) کۆمەڵێك لەهێزەکانی (ی.ن.ك) جیابوونەوەو (حیزبی سۆسیالستی کوردستان)یان پێك هێنا، بەمەش پارتێکی تر لەکوردستان زیادی کرد.[1]

یەکێ لەو دیاردانەی شۆڕشی نوێ ی پێ جیادەکرایەوە لە شۆڕشەکانی پێشووتر، سەرهەڵدانی دیاردەی فرە حیزبی بوو، کە لەجیاتی یەك تاکە حیزب کۆمەڵێك حیزب هاوشانی یەکتری خەباتیان دەکرد. بەلام ئەمەش سەرباری لایەنی ئیجابی لایەنی سەلبیشی لێدەکەوتەوە، کە هەندێك کات وەك رکابەری یەکتری هەڵس و کەوتیان دەکردو تەنانەت شەڕی ناوخۆش لەنێوانیاندا هەڵگیرسا. بۆیە پارتەکان هەندێ جار هەوڵیان دەدا بەشێوازی بەرەیی کار بکەن و چوارچێوەیەك هەبێ کۆیان بکاتەوەو ئەو کێشانەی نێوانیان چارەسەر بکات.

یەکێك لەوانە بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراتية–جوقد) بوو، کە پێك هاتبوو لە(یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی عێراق، پارتی بەعس عەرەبی سۆسالست، بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالیست ، ڕێکخراوی سوپای ڕزگاری گەلی عێراق– سەرکردایەتی وڵاتی عێراق )ئەم بەرەیە لەڕێکەتی ١٢/١١/١٩٨٠ لە سوریا دامەزرا. کە ئامانجیان ڕوخاندنی ڕژێمی بەغداد، عێراقێکی

[1] .ئازاد مستەفا:س.پ. ل ٧١

دیمووکراتی و مسۆگەر کردنی ئۆتۆنۆمی ڕاستە قینە بوو بۆ کورد لەچوارچێوەی عێراقدا.[1]

لەبەرامبە ئەم بەرەیە بەرەیەکی تر بەناوی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی (ألجبهة الوطنیة الدیموقراطیة-جود) دروست بوو، کە پێك هاتبوون لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق،حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردسان) ئەم بەرەیە لە ١٩٨٠/١١/٢٨ لەکوردستان دامەزرا. ئەم بەرەیە لە بەرامبەر بەرەی (جوقد)دا دروست بوو، لەو سەردەمەدا پێوەندیەکانی نێوان (ی.ن.ك)و (پدك) گرژی تەواوی بەخۆوە دەبینی، هەربۆیە ئەم بەرەیە بەپلانی (پ.د.ك) دروست بوو لەگەڵ (حشع) کە لە دوایدا (ح.س.ك) چووە ناو بەرەکەوە.لەبەرامبەردا بەرەی (جوقد) (حشع) و (ح.س.ك) یان تەجمید کرد.[2]

لەڕووی ئامانجەکانیانەوە هەردووبەرەی (جوقد)و (جود) هیچ جیاوازیەکیان نەبوو، کە ئامانجی (جود)یش بریتی بوو لە(ڕوخاندنی ڕژێمی بەغداد، دامەزراندنی عێراقێکی دیمووکراتی کەوامافی ئۆتۆنۆمی ڕاستە قینە بۆگەلی کورد دابین بکات.[3] هەر

---

[1]. شاخەوان شۆڕش: چل ساڵ خەبات و تێکۆشان ، چ،کوردستان،٢٠٠٢،ل ١٣٥

[2]. ئەحمەد بانی خێلانی:بیرەوەریەکانم،سوید،١٩٩٠، ل ٣٩٦-٣٩٧.

[3]. بەهرۆز گەلاڵی: ڕسول مامەند، ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات،چ،سلێمانی ،١٩٩٨،ل ١١٦

هەوالنامەی کتێب

یەکە لەبەرەکانی (جود–جوقد) یارمەتی دەرەکیان هەبوو. جوقد لەلایەن حکومەتی سوریا و جودیش لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە هاوکاری دەکران.[1]

ململانێی نێوان پارتەکانو بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لەنێوانیاندا بووە مایەی ئەوەی کە پارتەکان وەك پێویست بەسەر ئەوە رانەگەن کە بۆ ئەو ئامانجانە تێبکۆشن کە لەپێناویاندا دامەزرابوونو بانگەشەیان بۆ دەکردن.

هەرچەندە پارتەکان گەشەیان کردبوو، بەلام رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخی کوردستان تا دەهات ئالۆزتر دەبوو، لەلایەك رژێم بەردەوام خەریکی پەلاماردانی جەماوەرو ئازاردانیان بوو، لەلایەکی دیکە پارتەکان لەناو خۆیاندا رێك نەدەکەوتنو خەریکی شەڕی ناوخۆیی بوون.

لەلایەکی ترەوە بارودۆخی عیراقیش بەگشتی شێوابوو، لەئەنجامی رێککەوتنی ١٩٧٢ی نێوان حکومەتی عیراقو سۆڤیەت، کە پێوەندیەکانی نێوانیان بەهێزبوو و سۆڤیەت بەهەموو شێوەیەك یارمەتی دەدا، بەهۆی ئەوەوە عیراق توانیبوی تاڕادەیەك هێزەکانی زیادبکاتو ئابووری بەهێز بکات.[2] هاتنەکایەی شۆڕشی گەلانی ئێرانو گۆڕانی رژێمی حوکمرانی تیایدا بووە مایەی ئەوەی بەعس بیر لەوە بکاتەوە رێکەوتننامەی جەزائیر لەگەل ئێراندا

---

[1] .شاخەوان شۆڕش:س.پ.ل ١٣٦.

[2] . جەمال شێخ نوری: س.پ، ل٢١.

هەلوەشێنێتەوە. بۆیە ئەو یارمەتی دانەی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەكو، بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتەش لەلایەکی دیکە هانی عیراقیدا کە پەلاماری ئێران بدات. ئەوەبوو لە ئەیلولی ۱۹۸۰دا شەڕ لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەڵگیرسا. بەم جۆرە شەڕ بەردەوام بوو کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند، هەریەکەیان لایەنەکەی تریان تاوانبار دەکرد، چونکە هیچیان کاری خۆیان بەهەڵە نەدەزانی، وە دیکتاتۆری زاڵ بوو بەسەریاندا، بەم شێوەیە عیراق لە (۱۹۸۰/۹/۲۲) لەچەند قۆڵێکەوە هێرشی کردەسەر خاکی ئێران.

ئەوەی شایەنی باسە لەساڵی (۱۹۸۰ بۆ ۱۹۸۱) دەست پێشخەریو بالادەستی بۆ عیراق بوو، بەڵام لەساڵی (۱۹۸۲) ئێران دەستی کرد بەهێرشی پێچەوانە بۆ ناو خاکی عیراق. رۆژ بەڕۆژ شەڕەکە خەستتردەبوو، هەردوولا دەستیان نابووە یەخەی یەکتری هیچ لایەکیان ملکەچی ئەوی تر نەدەبوو لەگەڵ ئەوەی هەردوولا توشی رەشبینیەکی تەواو دژوار ببوون.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئەم شەڕە ماڵ وێرانییەکی یەکجار گەورەبوو بۆ هەردوو وولات، سەدان هەزار کەس کوژران، سەدان هەزارکەس برینداربوونو کەم ئەندام بوون. دەیان شاروشارۆچکەی هەردوولا وێران بوون. جگە لەوەی زیانێکی گەورەبوو لەئابووری وولات، سەرەڕای هەموو ئەو ناهەموارییانەی رووبەڕووی حکومەتی عیراق بوون. چەندین نەیاریش لەناوخودی دەسەلاتی بەعسدا

هەولێرنامەی کتێب

دروست بوو، لەهەلێك دەگەڕان بۆ رووخاندنی دەسەلاتی رژێمی ئەوكاتە.[١]

سەبارەت بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستانیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، لەسەر ڕێبازێكی شۆرشگێڕانە دەڕۆیشت بەڕێوە، چونكە شۆڕشەكە لەهەموو ئاستەكاندا نویٚ بوو. گۆڕان و نوێبوونەوە لەدروشم و ئامانجەكانیدا خەسڵەتێكی دیكەی ئەدەبیاتی یەكێتی بوو، دروشم و ئامانجەكانی لەسەرێكەوە كاریگەری پێشكەوتنی خواستە نەتەوەییەكانی گەلی كوردییان پێوە دیاربوو. ئەو خواستە نەتەوەییانەی هەرەسی (١٩٧٥)و شكستی پرۆژە نەتەوەییەكەی ئەیلول نەیانتوانی ڕێگربن لەبەردەم گەشەكردن و بەرەوپێشەوە چوونیان[٢].

یەكێتی نیشتیمانی كوردستان هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ (پارتی دیموكراتی كوردستان)دا باش بكات، بۆ ئەم مەبەستە مام جەلال چەند نامەیەك بۆ مەلا مستەفاو مەسعود بارزانی كوڕی نارد، دەیویست دڵنیایان بكاتەوە لەوەی (ی.ن.ك) بۆ درێژەپێدانی خەبات دژی ڕژێمی بەعس هەوڵ دەدات و نیازی دوژمنایەتی ئەوان

---

[١] . شۆڕش حاجی رەسول: س.پ، ل٣٨-٣٩.

[٢] . سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان، دامەزراندن و دەستپێكردنی شۆڕش (١٩٧٥- ١٩٧٦)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٠.

نیە، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ سووربوون.[1] لە ئەنجامدا پێوەندیەکانی نێوان (ی.ن.ك)و (پدك) زۆر گرژ بوو، چونکە (پ.د.ك) تاهەرەسی شۆڕشی ئەیلول تاکە حیزبو گەورە دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو، لەدوای (١٩٧٥)ەوە کە (ی.ن.ك) دروست بوو، پێیان وابوو دروست بوونی (ی.ن.ك) بۆ دژایەتی کردنی ئەوان دامەزراوەو دەبێت بەبەدیلی ئەوان لە کوردستاندا[2].

لەئەنجامدا چەندین شەڕ لەنێوان ئەم دوو پارتە کوردیەدا دروستبوو و چەندان پێشمەرگەش بوون بەقوربانی ئەم سیاسەتە چەوتە.

هەڵوێستی دەولەتەکانی (عێراق، ئێران، تورکیا) لەبەرامبەر (ی.ن.ك)دا زۆر توند بوو، بەهەموو شێوەیەك دژایەتیان دەکرد، هەرچی لەتوانایاندا بوبێ لەدژی (ی.ن.ك) کردوویانە، تەنها (سوریا)ی لێ دەرچێت کەدژی عێراق بوو، هاوکاری یەکێتی دەکرد. ئێران کاتێك ئەندامەکانی کۆمەڵەو (ی.ن.ك)یان دەگرت، پاش ئازارو ئەشکەنجە تەسلیمی عێراقی دەکردەوە، لەوانە تەسلیم کردنی (شیهابی شێخ نوریو جەعفەرو ئەنوەرو هاوڕێکانی) زیندوترین نمونەیە. تورکیاش هاوکاری (پدك)ی دەکرد لەدژی هێزەکانی (ی.ن.ك) لەگەڵ ئەوەش کە (پدك) بارەگای ئاشکرایان

---

[1] . نەوشیروان مستەفا: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ل٩٦

[2] . سەوەر عەبدولرەحمان عومەر: س. پ، ل١٦١، ١٦٢.

لەتورکیا هەبوو.[1] جگە لەمانە دەولەتی لیبیاش یەکێ بوو لەو دەوڵەتانەی کە (ی.ن.ك) پەیوەندی لەگەڵ باش بوو، هاوکاری شۆڕشی کوردی دەکرد لەڕووی ئابووری یارمەتی زۆری (ی.ن.ك)ی دەدا[2].

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] . سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: س. پ، ل١٦٤

[2] . دیڤد ماکداول: س. پ، ل٧١٧.

# چەمکی دانوستان

دانوستان مانایەکی گەورە دەبەخشێ لەدۆخی ململانێو بەتایبەت بۆ ئەو لایەنانەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ دژ بەیەکتر کاریان کردبێ،[1] چونکە ئارەزوو بوونو خۆ ئامادەکردن بۆ دانوستان، خۆی لەخۆیدا وەك باسمان کرد مانایەکی گەورەی هەیە. جگە لەمە دانوستان بریتیە لەگواستنەوەی دۆخی ململانێ بۆ دۆخی دانوستانو گفتوگۆ.[2]

پرۆسەی دانوستان لەبارودۆخی ململانێی سەختدا ئالۆزەو تایبەتمەندی خۆی هەیە. چونکە زۆرجار ئەو لایەنانەی کە پێشتر دژ بەیەك بوونو بڕیاری دانوستان دەدەن زۆر پرسیار لەخۆیان دەکەن ئایا بەشداری کردن لەم دانوستانە لەکاتی خۆی بوو؟ ئایا ئێمە هیچ هەڵەمان نەکرد لەکاتی دانیشتنەکانی دانوستان؟ ئایا ئەو بڕیارانەی داومانە بەرپرسیاریەتێکی قورس نیە؟ گومانو دوودڵی لایەنەکان بەرامبەر بەیەکتر، باوەڕ نەبوون بەیەکتر پرۆسەکە بەرەو ئاڵۆزیو بن بەست دەبات.

چەمکی دانوستان لەبارودۆخی ململانێو جەنگدا خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە خەسڵەتی زۆربەی دانوستانەکان لەدۆخی توندوتیژیو ململانێدا لەیەکتر دەچنو خاڵی هاوبەشیان زۆرە، وەك لایەنەکان لەکاتی دانوستاندا هەڕەشە لەیەکتر دەکەن، زمانی قسەکردنیان زبرە، کات بۆ یەکتر دیاری دەکەن (مهلە)، هەرکەسەو دەیەوێ هێزی خۆی دەربخاتو هەڵویستی خۆی بەهێز دەکات.

---

[1] م.م. لیبێدڤە، سیاسیانە چارەسەرکردنی ململانێکان. مۆسکۆ ١٩٩٧.ل١٨٣.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٨٣.

گفتوگۆکردن لەناوەڕۆکیا (لەرووی بابەتیەوە) ململانێی دەسکەوتە دژەکانە لەگەڵ یەکتر، بەشێوەیەکی دبلۆماسی، بەشێوەی وتووێژو دانوستاندن، کە هەر یەکەیان پشت ئەستور بەهێزو توانای خۆیو هاوپەیمانەکانیو تەرازووی هێزەکان، هەوڵ دەدات تا لە چوارچێوەی هەلو مەرجە بابەتیەکانی سەردەمەکەیداو بارودۆخی ناوخۆی ولاتو دەوروبەرو دونیاشدا، چارەی ناکۆکیەکانی نێوان دەستکەوتە دژەکان بەجۆرێك بکات کە رەنگدانەوەی تەواوی هێزو تواناو تەرازووی هێزەکانی بێت، تا زۆرترین دەسکەوتو باشترین ئەنجام بۆخۆی دابین بکات.

دیارە لەڕووی گفتوگۆکردنەکەشەوە، لەڕووی بەکارهێنانی ئەو گفتوگۆیە وەك شێوەیەکی خەباتو جۆرێکی ململانێکەشەوە، دەبێ زانیاری تەواو لەسەر مەسەلەکانی گفتوگۆیەکەو جۆرو شێوەی دەربڕینو نیشاندانی داواکان هەبێت بەشێوەیەکی دبلۆماسیو ژیرو لایەق بەجۆرێك بەڵگەکانی لەدەست دەرنەچنو مافەکان تێدا نەچن، واتە دەبێ هونەری گفتوگۆو تەکتیکەکانی چونەپێشو کشانەوەو خۆڕاگرتن بەچاکی پەیرەو بکرێن. هەرچەندە لەئەنجامدا ئەوەی گفتوگۆ بەلایەکدا دەخات قسەی لوسو خوتبەی نایابو نیشاندانی ئەدەبو زمانی شیرین داواکردن نیە، بەڵکو تەرازووی هێزەکانو هەلومەرجە بابەتیەکانن، توانای ئێستاو هی دوواڕۆژی لایەنەکانە کە بەلایەکیاندا دەخەن.[1]

---

[1] یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپخانەی شەهید جەعفەر،١٩٨٥،ل١٨–١٩.

لێرەوە دەبێ بزانین کە گفتوگۆکردن لەهەر جێگەیەکی دنیادا، لەنێوان دوو هێزی دژبەیەکدا بەخێراترین پرۆسیس دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان، کەس ناتوانێت نکوڵی لەوەبکات کە گفتوگۆکردن شێوەیەکی خەباتە.

گەلی کوردیش لەبەرامبەر دوژمندا لەدوو هەڵوێستدا خۆی دەبینێتەوە (تەسلیم بوون یاخود خەبات کردن)، بێگومان کورد رێگەی خەباتی هەڵبژاردووە، هەر درێژەشی بەخەبات داوە، بەڵام خەبات تەنها خەباتی چەکداری نیە بەڵکو خەبات چەندین شێوازی جۆراوجۆرن، لەوانە خەباتی (شۆڕشگێڕانەی سیاسی، جەماوەری، ئابووری، پیشەیی، نیشتمانی....) لەهەمان کاتدا گفتوگۆش بەجۆرێك لەخەبات لەقەڵەم دراوە، بۆیە هەرکاتێك هەر رژێمێك داوای گفتوگۆی لەکورد کردبێت رەتی نەکردۆتەوە.[1]

ئەگەر سەیرێکی پێوەندیەکانی کوردو بەعس بکەین، بەعسیەکان زۆربەی کات لەکاتی لاوازیدا داوای گفتوگۆیان کردووە، بەنیازی چارەسەرکردنی لاوازیەکانی خۆیان، ئەگەر هاتوو تەرازووی هێز بەقازانجی خۆیان شکابێتەوە، جارێکی دی پشتیان لە داخوازیەکانی گەلی کورد کردووەو هەمان سیاسەتی پێشویان پەیڕەو کردۆتەوە.

---

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ابراهیم عەزۆ، ١٩٨٤، ل٨.

ئـەم جـۆرە خەسـڵەتانە لەدانوسـتانەکەی نێـوان حکومـەتی عـیراق‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەئاشـکرا بـەدی دەکـرێ وەك دواتـر باسـی لێوە دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## هۆكارەكانی دانوستانی نێوان حكومەتی عیراقو (ی.ن.ك)

تا كۆتایی ساڵی (١٩٨٣) بارودۆخی عیراق لەبواری سیاسیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتی و عەسكەرییەوە لەوپەڕی سەختی و دژواریدا بوو. سوپای عیراق زیاتر لەسێ ساڵ بوو نوقمی جەنگێكی خوێناوی ببوو لەلایەك بەدرێژایی هەزار كیلومەتر لەگەڵ ئێران، لەلایەكی تر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەكوردستاندا.

سوپای ئێران لەسەرەتای جەنگەوە تووشی شكستی عەسكەری گەورە ببوو، بەڵام لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٢) هێرشی بەرفراوانی سوپای ئێران لەزۆربەی بەرەكان سەركەوتنی بەدەست هێنا تەنانەت لەبەرەی خوڕەمشەهر (محمرە) نزیكەی (٢٠) هەزار كەس لەسوپای عیراق بەدیل گیران. هەر لەهەمان ساڵدا زیاتر لە (٦٠) هەزار سەربازی كورد كە لەریزەكانی سوپای عیراقدا بوون رایان كردو خۆیان لەناوچە ئازادكراوەكانی ژیر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە حەشار دابوو. بەشێك لەم سەربازە كوردانە بەچەكەوە پەیوەندیان بەڕیزەكانی هێزی پێشمەرگەوە كرد.

لەبواری ئابوورییەوە دەوڵەتی عیراق بەرەو لاوازبوونو قەیران هەنگاوی دەنا، بەر لەدەست پێكردنی جەنگ یەدەگی دراوی عیراق نزیكەی (٤٠٠) ملیار دۆلار بوو، تا ساڵی (١٩٨٤) بەهۆی جەنگو نەبوونی راڕەوی تری سنورەكان كەتەنها رێگای توركیای لەبەردەم مابۆوە حكومەتی عیراق دوچاری قەرزی نێودەوڵەتی ببۆوە. ئەمە جگە لەوەی بازاڕی ئازاد بوونی نەبووە، دەوڵەت كۆنترۆڵی كەرتەكانی ئابووری كردبوو بۆیە بەردەوام قەیرانی كەرستەی جیا جیا لەبازاڕەكاندا بەدی دەكران.

هەواڵنامەی کتێب

رژێمی بەعس گەیشتبووە ئەو راستییەی کە(ی.ن.ك) هێزێکی قەوارە گەورەیە، و لەرووی سەربازییەوە تەواو گەشەی کردووە. هێزی پێشمەرگە خاوەن بیروباوەڕن‌و ئامادەبوون لەپێناوی داکۆکی کردن لەگەلەکەیان قوربانی بەگیان‌و ماڵ‌وکەس‌وکاریان بدەن، هەروەها لەرووی رێکخستنی شارو شارۆچکەوگوندەکان رێکخستنەکانیان گەشەی کردبوو. وەپەیوەندی جەماوەری بەهێز هەبوو. خەڵکی کوردستان ئەوەندە پەیوەست بوون بە (ی.ن.ك) کە بەبانگەوازێك لەئێستگەوە هەموو ئەڕژانە شەقامەکان‌و لەدژی رژێمی بەعس خۆپیشاندان‌و مانگرتنیان ئەنجام دەدا.(١) فشاری هێزی پێشمەرگە بۆسەر حکومەتی عیراق‌و بۆسەر سەربازگەو بنکە عەسکەریەکانی سوپای عیراق رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بوو.

لەهاوینی ساڵی (١٩٨٣) (ی.ن.ك) دوای کۆتایی شەڕی ناوەخۆ ببووە تاقە هێزی گەورە لەهەرسێ پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوك، هەولێر. جگە لەشارە گەورەکان‌و قەزاو ناحیەکان، جگە لەرێگا سەرەکیەکانی نێوان ئەو شارانە تەواوی دێهاتەکان‌و ناوچەکانی سنووری هەرسێ پارێزگاکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی (ی.ن.ك)دا بوون. ئەمەش پانتاییەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی هێزەکانی (ی.ن.ك) بتوانێ فشارێکی گەورەی عەسکەری بخەنە سەر حکومەتی عیراق.

زۆرجار بەرۆژیش رێگا سەرەکیەکانی نێوان هەولێر- کەرکوك- سلێمانی- کەرکوك نێوان قەزاو ناحیەکان دەکەوتنە ژێر لولەی تفەنگی

---

(١) جەمال شێخ نوری: وێرانکاری‌و تاوانەکانی بەعس لەبیرەوەریەکانمدا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٢.

هێزه سەربازیەکانی (ی.ن.ك). هەربۆیە حکومەتی عیراق نەیدەتوانی حساب بۆ ئەو هێزە گەورەیەی یەکێتی نەکاو داوای دانوستان نەکات.

بەم شێوەیە شەقی زەمانەو نالەباری بارودۆخی عێراق، رژێمی بەعسی ناچارکرد خۆی داوا لە(ی.ن.ك) بکات ووتوویێژی لەگەڵدا بکات، (ی.ن.ك)یش قبولی کرد، کە هۆکاری سەرەکی بەشداریکردنی (ی.ن.ك) لەم دانوستانە بریتی بوو لەبەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد بەرێگەی ئاشتیانە کە خۆی لەدانوستان دەبینیەوە، راستە (ی.ن.ك) حەوت ساڵ بوو لەژیانی سەختی پێشمەرگایەتیدا بوون و لەدۆخی جەنگدا دەژیان، راستە هێزەکان و سەرکردەکان ماندوو ببوون، بەڵام هیچ کات (ی.ن.ك) وەك کۆتایی ساڵی (١٩٨٣) بەهێز نەبوون. هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عیراق لەکورستان ماوەی سێ ساڵ بوو تەنها بەرگرییان لەخۆیان دەکرد. لەبەرامبەر ئەوەدا هێزەکانی (ی.ن.ك) بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر بنکەو بارەگاکانی سوپای عێراق.

ژمارەی هێزەکانی (ی.ن.ك) زیاتر لە (١٦) تیپ بوو لەڕووی چۆنایەتیەوە ئازاترین هیزی سەربازی بوون نەك لە عێراق بەڵکو لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

باشترین بەڵگەش بۆ بۆچوونەکانمان جەنگی بێتواتە بوو کە مانگێك بەرلە دەست پێکردنی دان و ستانەکە کۆتایی هات هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) زیاتر لە هەزار پارچە چەکی قوورس و بچووکی دەست کەوت، ئەگەر بەردەوام بوایە شارەکانی چوارقوڕنەو سەروچاوەشی بەئاسانی ڕزگار دەکرد.

هەربۆیە بەڕای ئێمە بەشدار کردنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەم دان و ستانە لە هەلوێستی بەهێزیەوە بوو نەك لە لاوازی. ئێمە تائێستا

هیچ بەڵگە نامەیەکمان لەبەر دەستدانیە دەربارەی هەبوونی هەرجۆرە فشارێك لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە بەسەر سەرکردایەتی(ی.ن.ك) بۆ ئەوەی دان و ستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق بکەن. تەنها لە ساڵی (١٩٨٣) لە ئەوروپا چاوی بە بالوێزی ئەمریکا دەکەوێ کە لە بەغدادەوە بەرەو وولاتەکەی خۆی دەگەڕایەوە بەئاشکرا وتبووی ئەمەریکا بەرژەوەندی لەوەدا نیە ئێران عێراق داگیر بکات لەبەر ئەوەی پشتی عێراق بەرنادەین.[١]

لەبەر ئەم هۆکارانە (ی.ن.ك)دووای پرس و راکردن بە هەموو سەرکردایەتیەکانی کۆمەلەو شۆڕشگێڕان، بەهەموو کادرە سیاسی و عەسکەریەکانی خۆی، هەروەك پرسیشی بەدەیان رۆشنبیرو پیاوماقول کردو رای هەموو ئەنجومەنەکانی دێهاتی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانیشی وەرگرت. لەئەنجامدا هەموو لایەك بەگشتی دەنگ گفتوگۆیان پەسەند کرد.[٢]

---

[١] چاوپێکەتن لەگەڵ عمر شێخ موس، ستوکهۆڵم(١٩٩٧)

[٢] یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، ل١٧.

هەولاتامەی کتێب

# پرۆسەی دانوستانەکە

وەك لەباسی پێشووتر باسمان لێوەکرد سوپای عێراق لەبەرەکانی جەنگدا لەگەڵ ئێران دووچاری شکستی گەورە ببوو، هەربۆیە لەنیوەی دووەمی ساڵی(١٩٨٢) د.قاسملۆیان ڕاسپاردو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە (ی.ن.ك)و حیزبی شیوعی عێراقیەوە بکات دانوستان لەگەڵ بەغداد بکەن.[١]

دوای دیداری قاسملۆ لەگەڵ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئەمەی دوایی داواکاریەکانی لەسێ خاڵی سەرەکی گەڵاڵە کردو درایە (د.قاسملۆ) بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە کاربەدەستانی بەغدا.

داواکاریەکانی بریتی بوون لە:

١.بەستنی هاوپەیمانێتی ستراتیجی لەنێوان هەر دوو نەتەوەی کوردو عەرەب لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢.دان نان بەئۆتۆنۆمی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە چۆڵکراوەکان و دوور خستنەوەی دەزگاکانی ئەمنی عێراق لەکوردستان.

٣. ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەو خۆئامادەکردن بۆ دان و ستان.[٢]

دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق ئەم داواکاریانەی یەکێتی بەدەست گەیشت وەڵامیان بەم شێوەیە بوو:

---

[١] محموود سەنگاوی: بیرەوەریەکانی سەنگاوی سلێمانی، (٢٠٠٤) ،ل ١٨٤

(٢) صلاح الخرسان: التيارات السياسيه فى كردستان العراق، بيروت، ٢٠٠١، ص ٤١٢.

**خاڵی یەکەم** ڕەتکرایەوە بەبیانووی ئەوەی هێشتا کوردو عەرەب ڕێك نەکەوتوون تاوەکو ڕێککەوتنی ستراتیجی لەم بابەتە ببەستن.

**خاڵی دووەمیان** بەلاوە پەسەند بوو لەحاڵەتێك ئەگەر دانوستانەکەی دەرکەویت.

**خاڵی سێیەم** کە پەیوەندی بەڕاگرتنی شەڕو تەقە بوو ڕستەو خۆ قبوڵیان بوو.[1]

دواتر لە ١٩٨٢/١٠/١٣ لەسەرداوای حکوومەتی عێراق (د.قاسملۆ) کۆبوونەوەیەکی لەگوندی گۆڕەشێر[2] ڕێکخست کە نوێنەرانی حکوومەتی عێراق بریتی بوون لە عەقید ڕوکن خەلیل محمد شاکر یاریدەدەری سەرۆك بۆکاروباری موخابەراتی عەقید ئیحسان محمد ئەلدیری بەڕێوەبەری لقی موخابەراتی گشتی هەولێر هەروەها مام جەلال و نەوشیروان مستەفا نوێنەرایەتی (ی.ن.ك) یان دەکرد. لەم کۆبوونەوەیەدا عەقید خەلیل بەسەرکردایەتی یەکێتی ڕاگەیاندن کە ئەوان بۆ گفتوگۆ نەهاتوون تەنها بۆ گواستنەوەی بیرو بۆچوونەکان هاتوون، کاتێك دانوو ستان دەست پێدەکات ئەگەر وەفدی (ی.ن.ك) بچێتە بەغداو گفتوگۆکەش لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنی (١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠) بەهێمنانە لەگەڵ (ی.ن.ك ) ئەنجام دەدرێت.[3]

---

(١) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق،(١٩٧٩-١٩٨٣)، سلێمانی، ١٩٩٨، . ل ٢٦٩

[2]. گۆڕەشێر گوندێکی کوردستانی ئێرانە لەوبەر گوندی شێڵێیە بەرامبەر سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بوو لەسەر سنور.

(٣) صلاح الخرسان: التیارات السیاسیە فی کردستان العراق، بیروت، ٢٠٠١، ص ٤١٢-٤١٣

هەروەك لەباسی پێشوو ئاماژەمان بەدانوستان كرد لەوەی كە لایەنەكان هەڕەشە بەكار دێنن، لەم دانیشتنەی كەلەگۆڕەشێر ئەنجام درا وەفدی حكوومەتی عێراق بەسەركردایەتی (ی.ن.ك) یان ڕاگەیاند كە ئۆباڵی هەموو ڕووداوەكانی خستە سەر كورد كاتێك ووتی: ئەبێ چارەی هەموو گرفتەكان بكرێت و ڕێك كەوتنێكی ستراتیجی بێت نەك تاكتیك ،با مام جەلال تاكتیك نەكات.[1]

له ١٩٨٣/٢/١٣ هەمان وەفدی حكوومەتی عێراق لەڕێگەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە گەیشتنە سەركردایەتی(ی.ن.ك) لەناو زەنگ لەمەكتەبی سیاسی كۆبوونەوە جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە زۆر گرنگە مام جەلال بچێت بۆ بەغداو لەگەڵ صدام حسێن كۆبێتەوەو تەواوی كێشەی نەتەوایەتی كورد چارەسەر بكەن.

دوا بەدوای ئەمە مام جلال بەنامە حیزبی شیوعی عێراقی ئاگادار كردەوە كە حكوومەت داوای گفتووگۆ دەكات.[2]

شەڕی ناوخۆ لەقەندیل كراو ئەمیش هەر بەشكستی بەرەی جود تەواو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەكانی (ی.ن.ك) ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبوون و گەشەكردندا بوون، ئیتر حكومەتی عێراق نەیدەتوانی حسێب بۆ هێزێكی وا گەورە نەكات و داوای گفتوگۆی لێنەكات، پاش ماوەیەك لەمانگی تشرینی دووەمی (١٩٨٣) بڕیاردرا كەگفتوگۆ دەست پێبكرێ. لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) خۆی هیچ كەناڵێكی نەبوو بۆ پەیوەندی كردن

---

[1] نەوشیروان: پەنجەكان، ل٢٧٠-٢٧١

[2] دەقی نامەی مام جەلال بۆ كاك كەریم ئەحمەد لە (١٩٨٣/٢/١٤)" فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد، ل٣٨١.

بەعێراقەوە بۆیە لەرێگەی (حدکا) بەڕژێمی ڕاگەیاند. هەر (حدکا) ڕێو شوێنی گفتوگۆی بۆ دەستنیشان کردن پێش ئەوەی شەڕ لەنێوان هێزەکانی (ی.ن.ك)و ڕژێمی بەعسدا ڕابگیرێ و گفتوگۆ دەست پێبکات، (فەرەیدون عبدالقادر) ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەڕێگەی (حدکا) چوو بۆ بەغدا لەمیانەی قسەکانیدا گارق عەزیز ووت بووی "ئێمە ناڕوخێین چونکە دنیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ دەکات رۆژێکیش دێ ئەم شەڕە تەواو ببێ، ئەگەر ئێستا بێن لەگەڵمان پێك بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن، دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران، ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردووە ئەیهێنینە سەر ئێوەساڵێك وەختو سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان دەکەین، بەڵام خاکتان بەتورەکە ئەبیژینو تەفروتوناتان دەکەین". [1]

لەوەڵامی قسەکانی تاریق عەزیزدا فەریدون عەبدولقادر ووتی: ئەم هەڕەشانە ئێمە ناترسێنێ، کاتێك ئێمە دەستمان بەخەباتی چەکداری کرد ژمارەمان لەپەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، سەرباری هەموو ئەو توندو تیژیەی دژی ئێمە بەکارتان هێنا ئەوەتا ئێستا ژمارەی هێزەکانمان بەهەزارانە، ئەوەتا ئێستا ئێوە ناچاربوون لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵمان دانیشن[2].

---

[1] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناو بازنە، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق،(١٩٨٤-١٩٨٨)، سلێمانی، ١٩٩٩، ، ل٧- ٨.

[2] صلاح الخرسان: م. س. ص٤١٤.

ئێمە تائێستا هیچ سەرچاوەیەکی ترمان لەبەردەستدا نیە تاوەکو لەوردەکاریەکانی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگادار بین، بەڵام واپێدەچێ کە دانیشتنەکە ئیجابی بووبێ، چونکە دوای گەڕانەوەی فەرەیدون عەبدولقادر بۆ دۆڵی بالیسان کە ئەو کاتە تەواوی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لەم دۆڵە کۆببوونەوە (لەمانگی دیسەمبەر کانونی یەکەم) بروسکەیەك لەسەرکردایەتی (ی.ن.ك) بۆ هەموو هێزەکان لێدراو بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ درا.

دوای چەند ڕۆژێك دوو هەلیکۆپتەر لەبەغداوە بەرەو دۆڵی بالیسان فڕین و لەگوندی زیخان نیشتنەوە کە ئەوکات مام جەلال لەو گوندە جێگیر ببوو. د. قاسملو لەگەڵ ئەبو سەرحان کە کاربەدەستێکی باڵای موخابەراتی عێراقی بوو ئامادە بوون و دواتر وەفدی (ی.ن.ك) بەسەرۆکایەتی مام جەلال بەرەو بەغدا بەسواری هەلیکۆپتەرەکان ڕۆیشتن.[1]

دوای یەکتر بینین لەگەڵ سەرۆکی عێراق (صدام حسێن) وەفدەکە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتن کە بریتی بوون لەتاریق عەزیزو عزەت دوری و چەند جەنەڕاڵێکی عێراق.[2]

تەوەرەکانی گفتوگۆ کە لە(١٠/ ١٢/ ١٩٨٣) ئەنجام درابوون بریتی بوون لە:

١. ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ لەکوردستان.

---

(١) . کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و/ئەکرەمی میهرداد، ب١، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٦٩.

(٢) هەمان سەرچاوە ل٦٩.

٢. دەسەڵاتی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی.

٣. سنوری جوگرافی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی.

٤. ڕێژەی کورد لەدامەزراوەکانی حکومەتی مەرکەزی.[١]

بەپێی قسەی بەشداربووان کە ئاماژە بەو دانیشتنە دەکەن کۆبوونەوەکان خەسڵەتێکی تاڕادەیەك توندو تیژیان بەخۆوە گرتبوو بەتایبەت ئەو کاتەی تاریق عەزیز هەڕەشەی کردبوو. لەهەمان کاتدا تاریق عەزیز هەڕەشەی توندی لەو کەسانە کرد کەلەدوای جەنگ پەیوەندی بەبێگانەوە بکەن. مام جەلال بەم قسەیە توڕە بوو ووتی من بەدیل نەگیراوم تازۆرم لێ بکەن بۆ ئیمزا کردنی ئەم بەیانە، تەنانەت ووتی ئەگەر هەردە پەنجەکەم ببڕنەوە، بەیانێك ئیمزا ناکەم بەئارەزووی ئێوە بێت.[٢]

کێشە سەرەکیەکانی گفتوگۆ بریتی بوون لەکێشەی کەرکوك و ناوچە تەعریب کراوەکان و دابڕاوەکانی وەك شێخان، مەندەلی، خانەقین، سنجار....هتد. دەربارەی کەرکوك صدام بەوەفدە کوردیەکەی وتبو: "ناڵێم شارێکی کوردی نیە، ناڵێم شارێکی عەرەبیە، لەدوای ریفراندۆمەکەش دەرکەوت زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوك کوردە لەگەڵ ئەوەشدا هەر سور ئەبم لەسەر ئەوەی کە شارێکی عێراقیە، چونکە خەڵکی هەموو عێراق سوود لەسامانەکەی وەردەگرن، کوردیش بۆ

---

[١] صلاح الخرسان: م.س، ص٤١٤.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم لە ٢٠٠١/٣/٣ لە سلێمانی.

ئەوەی کەرکوکی بیرنەچێت بیر لەجیابوونەوە ناکاتەوە، عەرەبیش بۆ ئەوەی کورد ڕازی بکات دژی مافەکانی ناوەستی"".[1]

گرنگە لێرەدا کەمێك باس لەبارودۆخەکە بکەین.

لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٤) لیژنەی هاوکاری (لجنە التنسیق) لەنێوان (ی.ن.ك)و حکومەتی عێراق دروست کرا[2]. کارە سەرەکیەکانی ئەم لیژنەیە بریتی بوو لە:

١-چاودێری کردنی راگرتنی شەڕ.

٢-ڕێکخستنی پێوەندییەکانی یەکێتیو حکومەتو پێشمەرگەو هێزەچەکدارەکانی بەعس.

٣- ئازاد کردنی زیندانیە سیاسیەکان. کە بەشی زۆر ئەو زیندانیانەی لەژیاندا مابوون ئازاد کران.

٤- چارەسەرکردنی نەخۆشو بریندارەکانی پێشمەرگە لە خەستەخانەکان ئەنجام درا.

٥- دروست کردنی پسولەی مۆڵەت بۆ پێشمەرگە ئەوانەی سەردانی شارەکانیان دەکرد.

٦-چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دروست دەبن.

لەلایەکی تر هێزی پێشمەرگە بنکەو بارەگایان لەنزیك شارەکان دروست کرد، تێکەڵاویان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە زیاد کرد کەپێشتر بەهۆی جەنگەوە نەیاندەتوانی لەناویاندا بمێننەوە، لەئەنجامی ئەو

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە بازنەدا، ل١١.

[2] لیژنەکە بریتی بوو لەمهدی صالح لەلایەن بەعسەوەو (شوان)یش لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە.

تێکەڵاویی و نزیك بوونەوەیەدا بەردەوام کێشە دەکەوێتە نێوان هێزەکانی حکومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگە، بۆیە بەشی زۆری کارەکانی لیژنەی هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بوون.

خولی دووەمی گفتوگۆکان هەر لەبەغدا ئەنجام دران، وەفدێکی نوێ (ی.ن.ك) لەم کۆبوونەوانە بەشدار بوون کە بریتی بوون لە: دکتۆر فواد مەعسوم "سەرۆك"، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عبدالقادر، عومەر عبدالله، عومەر عەزیز، مەلا بەختیار.

وەفدی (ی.ن.ك) پرۆژەیەکیان بۆ گفتوگۆکە ئامادە کردبوو کەزۆربەی داواکاریەکانی ئەو سەردەمی گەلی کوردی تێدا تۆمارکرابوو، دواتر چاپ کراو بڵاوکرایەوە.[1] لە (٢٥/ ١/ ١٩٨٤) خولی دووەمی گفتوگۆکان لەبارەگای دەزگای موخابەراتی گشتی دەستی پێکرد. د. فاچل البراك و چەند ئەفسەرێکی دەزگای موخابەراتی عێراق ئامادە بوون. ئەوەی جێگای سەرنجە بۆچی کۆبوونەوەکان لەشوێنێکی ترسناکی ئاوا دەکران، بۆچی وەفدی (ی.ن.ك) بەمە ڕازی دەبوو، بۆچی لەئوتێل ڕەشید، یان شێراتۆن کۆبوونەوەکان نەدەکران کە لەڕووی سایکۆلۆژیەوە بۆ وەفدی میوان ئاسان تر دەبوو؟

ئەگەر حکومەتی عێراق نیەتی پاك بوایە بۆچی بەهیچ جۆرێ نەیدەهێشت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەنگ و باسی ئەم کۆبوونەوانە بزانێ و بڵاوی بکەنەوە؟ واپێدەچێت کە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) هیچ گرنگی بەو لایەنە نەدابێ، چونکە بەشی زۆری ئەندامانی وەفدەکە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم نامیلکەیە بکەن: (ی.ن.ك) ئەو پرۆژەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەت.

شارەزاییان لەو بوارە هەبوو. بەڕای ئێمە ئەو کۆبوونەوەیە کەلەلایەن حکومەتی عێراقەوە ساز درابوو، کەپسپۆڕانی دەزگای موخابەرات خۆیان بۆ تەرخان کردبوو، مەبەستی سەرەکیان لەنزیکەوە ناسینیو هەڵسەنگاندنی سەرانی (ی.ن.ك) بووە، بەتایبەت ئەم وەفدەیە کە زۆربەیان کەسایەتیەکانیان لەدوورەوە ناسرابوونو ناویان بیسترابوو. هەر بۆیەش لەڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکان دواخرا بەبیانوی ئەوەی تاریق عەزیز دەچێت بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی.[1]

تا مانگی مایسی ئایاری ساڵی (١٩٨٤) گفتوگۆکان چەقی بوون، هۆکارەکەشی حکومەتی عێراق بوو، چونکە پێویستیان بەکات بوو بۆ ئەوەی خۆیان بەهێز بکەنەوە، سوپاکەیان بەچەکی نوێ بەتایبەت دروست کردنی چەکی کیمیاوی تەیار بکەن، درێژە دان بەو دۆخە، یانی نەشەڕ نەئاشتی هەموو فشارەکانی هێزی پێشمەرگەیان لەسەر کەم دەکاتەوە.

هەر بۆیە دەبینین لە (١٩/ ٥/ ١٩٨٤) دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ تاریق عەزیزو عەلی حەسەن مەجید لەشاری بەغدا مام جەلال بێ ئەنجام گەڕایەوە بۆ بارەگای خۆی کە ئەو کات لەسورداش بوو.[2]

خەڵکی کوردستان بەپەرۆشەی چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆکان بوون، هێزی پێشمەرگەش لەوپەڕی بێزاریدا بوون، چونکە نەشەڕ

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە بازنەدا، ل٧.

[2] صلاح الخرسان: م.س، ص٤٢٠.



هەولێرنامەی کتێب

نەئاشتی هەڵوێستی پێشمەرگەیان ناخۆش کردبوو، نەیاندەزانی وەڵامیان بۆ خەڵك چی بێ؟

لە (٢٠/ ٧/ ١٩٨٤) وەفدێکی حکومەت بەسەرۆکایەتی (سعدی مهدی صالح) گەیشتە سورداش، داوای درێژە دانیان بەگفتوگۆ کرد. بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی (ی.ن.ك) بەسەرۆکایەتی فوئاد مەعسوم و بەیاوەری فەرەیدون عەبدولقادر بەرەو بەغدا کەوتنە ڕێ. دووبارە کۆبوونەوەکان بێ ئەنجام بوون.[1]

لەهاوینی (١٩٨٤) بێزاری خەڵك و هێزی پێشمەرگە گەیشتبووە ئەوپەڕی نائومێدی، هەر بۆیە سکرتێری گشتی (ی.ن.ك) مام جەلال سەردانی زۆربەی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کردو ووتاری ئاگرینی بۆ دەدان و باسی لەوە دەکرد کە هەموو چەند هەفتەیەکی ترەو بەڕەسمی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاو دەکرێتەوە[2]. بەڵام حکومەتی عێراق هەستی دەکرد دروست کردنی چەکی کیمیاوی ئامادەیە، ئێران ئەو مەترسیە گەورەیەی نەماوە، بەڵام درێژەدان بەو دۆخەی کە هەیە لەگەڵ (ی.ن.ك) پێویستە، هەر بۆیە وەفدێك بەڕێ دەکات کە بەسەرۆکایەتی (عەلی حەسەن مەجید) بوو. کۆبوونەوەکانی ئەمجارەش هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە.[3]

---

(1) صلاح الخرسان: م.س، ص٤٢١.

(2) بۆ نمونە لەگوندی بەحرکەی لای هەولێر مام جەلال ووتارێکی لەم جۆرەی پێشکەش کرد.

(3) صلاح الخرسان: م.س، ص٤٢١.

هەولێرنامەی کتێب

بەم شێوەیە دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و (ی.ن.ك) هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدی، ئەمە لەکاتێك بوو کە لەهاوینی ساڵی (١٩٨٤) هێزەکانی ئێران گەورەترین هێرشیان لەباشوری عێراق ئەنجامدا بەڵام لەئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئێران توشی شکستێکی گەورە بوو. لەلایەکی ترەوە سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق کۆبۆوە، بەڵێنی پێدان کە ئەگەر لەگەڵ کورد ڕێك نەکەون تورکیا ئامادەیە بەهەموو توانای خۆی هاوکاری عێراق بکات بۆ لەناو بردنی شۆڕشی کوردستان. ئەوەبوو ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵیان ئیمزا کرد کەسوپای تورکیا بۆی هەیە چەندین کیلۆمەتر بێتە ناو سنوری عێراق بۆ سەرکوتکردنی هێزی پێشمەرگە. سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەڕەسمی بەیانی لەدژی ئەو ڕێککەوتنە دەرکرد.[1]

لە (١٥/ ١/ ١٩٨٥) سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەڕەسمی بەیانی کۆتایی هێنانی گفتوگۆی بڵاوکردەوە جەنگ لەنێوان هێزی پێشمەرگەو حکومەتێکی عێراق خەسڵەتێکی نوێی بەخۆوە گرت.[2]

دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە لە (١٥/ ١) ئاماژەیە بۆ هەبوونی ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردوولا بۆ ماوەی ساڵێك کەچەندین مەرجی لەخۆگرتبێ، هەر بۆیە (ی.ن.ك) پابەندی ڕاگرتنی شەڕ بوو کەچی

---

[1] بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) لە پایزی ١٩٨٤ دەربارەی ڕێککەوتنەکەی تورکیاو عیراق.

[2] بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەربارەی کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ، ١٩٨٥/١/١٥.



هەولێرنامەی کتێب

لـەمانگی ئـابی سـاڵی (١٩٨٤)وە گفتوگۆکـان بنبەسـت ببـون. بـەڵام ئێمـە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نوسراومان لەبەردەستدا نیە، تەنها ڕاڤەکردنی خۆمانە.

هەواڵنامەی کتێب

## پرۆژەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆ دان‌و ستاندن

بیرۆکەی گفتوگۆکردن لەگەل عیراقدا بۆ نیوەی دووەمی سالی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە، کاتێك رجێم توشی شکستی کەمەرشکێن بوو بوو لەشەڕەکانیدا لەگەل ئیران‌و گەیشتبووە بارێکی لاوازی‌و بێ توانایی. بۆ ئەمەش لە هەندێ کەناڵەوە (د.عبدالرحمن قاسملو) راسپێردرابوو ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆو لەگەڵ لایەنەکانی کوردیدا وەك (ی.ن.ك و حشع) قسەبکات تا لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەل رژێم دابنیشن. دووای تاونوێ کردنێکی زۆر سەرکردایەتی یەکێتی قایل بوو گفتوگۆ ئەنجام بدات [1].

بۆ ئەم مەبەستە (د. قاسملۆ) رۆڵی ناوبژیوانی بینی، هەر لەڕێگەی ئەویشەوە ڕژێمی بەعس داوای لە(ی.ن.ك) کرد داواکارییەکانی دیاری بکات، بەم شێوەیە (ی.ن.ك) داواکارییەکانی لەسێ خاڵدا دەبینێتەوە:-

١. گرێ بەستی هاوپەیمانی ستراتیژی لەنێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

٢. ڕێکەوتنێکی قۆناغدار لەڕووی یەکبونی دەوڵەتی عێراقەوە، لەلایەن ڕژێمی دەسەلاتدارەوە دابنرێ بەحوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لەلایەنی دارایی‌و بەرگری دەرەکییەوە بەمەرکەزیەوە بەسترابێ لەگەڵ ئەوەش:-

- ناوچە چۆڵ کراوەکان.

---

[1] . مەحمود سەنگاوی: بیرەوەریەکانی سەنگاوی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨٤.

هەواڵنامەی کتێب

– ناوچە کوردییەکان ئەوانەی لەدەرەوەی ئۆتۆنۆمی دانرابوو بەپێی ڕاگەیاندنی ڕژێم لەئاداری (١٩٧٤).

– دوورخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی ڕژێم لەناوچە کوردییەکان.

٣. ڕێکەوتنێکی کاتی بۆ وەستاندنی شەڕ لەلایەن هەردوولا بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ گفتوگۆ[١].

لەپاشدا (د.قاسملۆ) پێشنیارەکانی(ی.ن.ك)ی بەکاربەدەستانی عێراق گەیاند ، لەدوای ئەوەی چاوی بە بەرزان تکریتی (سەرۆك موخابەرات)و سەدام حسین (سەرۆك کۆمار) کەوت، باسیان لەمەسەلەکان کردو، وەڵامی (ی.ن.ك)یان بەم شێوەیە دایەوە:–

پێشنیاری یەکەم: خرایەلاوە بەبیانووی ئەوەی هێشتا هەلومەرجی ڕێکەوتنێکی ستراتیژی لەو بابەتە، لەنێوان عەرەب و کورددا نەگەیشتووە.

پێشنیاری دووەم: کە بریتی بوو لەئۆتۆنۆمی، ڕازی بوون بۆ ئەوەی بکرێ بەبنچینەی دەسپێکردنی گفتوگۆ، واتە وازی لێ دەهێنرێ تا کاتی گفتوگۆ.

پێشنیاری سێیەم: کەبریتی بوو لەڕاگرتنی شەڕ، ئامادەبوون بۆ جێبەجێکردنی دەست بەجێ[٢].

---

(١) . صلاح الخرسان: التيارات السياسيه فی کردستان العراق، بيروت، ٢٠٠١، ص٤١٢.

(٢) . نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٢٦٩.

لەم میانەیەوە (د. قاسملۆ) لەسەرداوای ڕژێمی بەعس، کۆبوونەویەکی ڕێکخست لەبارەگای (حدکا) لەگوندی گۆڕەشێر، لە(١٣/ ١٠/ ١٩٨٢) لەنێوان نوێنەرانی (ی.ن.ك) مام جلال‌و نەوشیروان مستەفا و نوێنەرانی بەعس سێ ئەفسەربوون بەناوی عەقید روکن خەلیل محمد شاکر یاریدەدەری سەرۆك بۆ هۆکارەکانی کاری موخابەراتی گشتی، و عەقید ئیحسان محمد الدیری (ابوعدی) بەڕێوەبەری لقی موخابەراتی گشتی هەولێر، لەم دانیشتنەدا عەقید خەلیل محمد شاکر بەسەرکردایەتی (ی.ن.ك)ی ڕاگەیاند کەکاری گواستنەوەی بیروڕاو پێشنیارەکانە نەك دانوستاندن. وەکاتێك گفتوگۆ دەست پێدەکات، ئەگەر وەفدی (ی.ن.ك) بچێت بۆ بەغدا. هەروەها عەقید خەلیل ڕایگەیاند گفتوگۆکردن لەسەر بنچینەی (١١)ی ئازارو بەشێوەیەکی هێمنانە لەگەڵ (ی.ن.ك) ئەنجام دەدرێ"[1].

هەر لەم دانیشتنەدا ئەبو ئەحمەد ئۆباڵی هەموو ڕووداوەکانی خستە سەر کوردو ووتی ئەگەر ئەتانەوێ گفتوگۆ سەرکەوتوبێ سەرۆك ئەڵێ (ئەبێ چارەی بنەڕەتی هەموو گرفتەکان بکرێت‌و ڕێکەوتنێکی ستراتیژی بێت نەك تاکتیکی، با مام جلال تەکتەکە نەکات)*، لەبەرامبەر ئەم قسەیە مام جلال ووتی (ئێمەی فەقیر لەم شاخ‌و داخە چوزانین تەکتەکە چییە! سەدام حسین خوای

---

(١) . صلاح الخرسان: م. س، ص٤١٢- ٤١٣.

* تەکتەکە: بەواتای تاکتیك‌و فڕوفێڵ.



هەواڵنامەی کتێب

تەکتەکەیە)، بەم جۆرە هەر لەسەرەتاوە (ی.ن.ك) سڵی لەقسەکانی پیاوانی ڕژێم نەدەکردەوە، لەهیچ کاتو ساتێکدا چاوپۆشیان لەهەڵوێستە نابەجێکانی ڕژێم نەدەکرد[1].

لە(١٣/ ٢/ ١٩٨٣) ئەم سێ ئەفسەرە جارێکی دی گەڕانەوە کوردستان لەڕێگەی سەرۆکایەتی (حدکا) لەبارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لەناوزەنگ کۆبوونەوە. ئەوەیان دووپات کردەوە کەئەرکی ئەو وەفدە هەوڵی گفتوگۆ نیە بەڵکو گەیاندنی بیروڕاکان بووە، و سوور بوونە لەسەرئەوەی کەمام جلال بچێت بۆ بەغدا بۆ بینینی سەدام حسین بۆ ئەوەی بتوانن هەموو کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکەن و جارێکی تر بەسەرۆکایەتی (ی.ن.ك)یان ڕاگەیاند کە پەیوەندی بەردەوام هەیە لەگەڵ پارتی، لەم کاتەدا مام جلال نامەیەکی بۆ (کەریم ئەحمەد داود) ئەندامی مەکتەبی سیاسی سکرتێری هەرێمی کوردستان بۆ حزبی شیوعی عێراق نارد،* کەتیایدا ئەوەی ڕووی دابوو لەنێوان (ی.ن.ك)و ڕژێم پێی ڕاگەیاندن، پاشان نامە گۆڕینەوە لەنێوان ڕژێمو (ی.ن.ك) دەستی پێکرا، و زەمینەی گفتوگۆکردن کرایەوە[2].

---

[1] . نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٢٧٠– ٢٧١.

* بۆ دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١).

[2] . فاتیح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٤، ل٣٨١.

پاش ماوەیەك لەمانگی تشرینی دووەمی (١٩٨٣) بڕیاردرا کەگفتوگۆ دەست پێبکرێ. لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) خۆی هیچ کەناڵێکی نەبوو بۆ پەیوەندی کردن بەعێراقەوە بۆیە لەرێگەی (حدکا) بەڕژێمی ڕاگەیاند. هەر (حدکا) ڕێو شوێنی گفتوگۆی بۆ دەستنیشان کردن پێش ئەوەی شەڕ لەنێوان هێزەکانی (ی.ن.ك)و ڕژێمی بەعسدا ڕابگیرێ و گفتوگۆ دەست پێبکات، (فەرەیدون عبدالقادر) ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەڕێگەی (حدکا) چوو بۆ بەغدا لەمیانەی قسەکانیدا طارق عەزیز ووت بووی "ئێمە ناڕوخێین چونکە دنیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ دەکات ڕۆژێکیش دێ ئەم شەڕە تەواو ببێ، ئەگەر ئێستا بێن لەگەڵمان پێك بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن، دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران، ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردووە ئەیهێنینە سەر ئێوە سالێك وەختو سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان دەکەین، بەلام خاکتان بەتورەکە ئەبیژینو تەفرو توناتان دەکەین"[1].

لەڕاستیدا (فەرەیدون عبدالقادر) لەبەرامبەر قسەکەی طارق عزیز بێدەنگ نەبوو، بەڵکو پێی ووت:"ئەم هەڕەشانە ئێمە ناترسێنێ، کاتێك دەستمان کرد بەخەباتی چەکداری ژمارەمان بەپەنجەی دەست دەژمێردراین، سەرەڕای ئەو هەموو

---

[1]. نەوشیروان مستەفا:- خولانەوە لەناو بازنەدا، ل٧- ٨.

توندوتیژییەی لەسالآنی ڕابردوو دژی ئێمە بەکارتان هێناوە ئەوەتا ژمارەمان زیادی کردووە بۆ چەند هەزار پێشمەرگەیەك، ئەوەتا ناچاربوون لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵمان دابنیشین".[1]

ئەوەی شایەنی باسە لەدوای گەڕانەوەی (فەرەیدون عبدالقادر) لەبەغدا، لەکانوونی یەکەمی (١٩٨٣) بەرەسمی شەڕ ڕاگیرا. هەر لەهەمان ساڵدا واتا (کانوونی یەکەمی ١٩٨٣) دوو هەلیکۆپتەر لەناوچەی زیخان نیشتنەوە جگە لە(د. قاسملو)، نوێنەری حکومەتیشیان لەگەڵدا هاتبوو ناوی (ابو سرحان) بوو، کەیەکێ بوو لەگەورە کاربەدەستانی موخابەرات[2].

لەکاتێکدا لەزیخان شاندێك لەمام جەلال، فەرەیدون عبدالقادر، عومەر عەبدوڵا (لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری) وەك نوێنەری یەکێتی خۆیان ئامادە کردبوو بۆ گفتوگۆ بەهەمان هەلیکۆپتەر لەگەڵ (د. قاسملۆو ئەبوسرحان) چوونە بەغدا. پاش دیداری سەدام حسین لەگەڵ هەیئەتی حکومەت تارق عەزیزو عیزەت دووری و چەند جەنەراڵێك گفتوگۆیان دەست پێکرد[3].

یەکەم دانیشتنی گفتوگۆ لەڕۆژی (١٠/ ١٢/ ١٩٨٣) دەستی پێکرد کە لەبەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی گشتی بوو لەشەقامی دیمەشق نزیك پردی (الخر) کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێ.

---

(1) . صلاح الخرسان: م.س، ص٤١٤.

(2) . نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل٧.

(3) . کریس کۆچێرا: س.پ، ل٦٩.

١. ئاسایی كردنەوەی بارودۆخ لەناوچەی كوردستانی عێراق.

٢. دەسەڵاتی دامەزراوەكانی ئۆتۆنۆمی.

٣. سنوری جوگرافی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

٤. ڕێژەی كوردەكان لەدامەزراوەكانی حوكمی مەركەزیدا[١].

ئەم دانیشتنە لەنێوان تاریق عەزیزو مام جەلال تاڕادەیەك توندو تیژی پێوە دیاربوو كاتێك باسی زانكۆی سلێمانی هاتە پێشەوە كەگواسترابووەوە بۆ هەولێر ببووە زانكۆی (صلاح الدين)، مام جەلال پێشنیاری كرد ئەو زانكۆیە لەشوێنی ئێستای خۆی بێت، زانكۆیەكی نوێ لەسلێمانی لەژێرناوی زانكۆی (كوردستان) بكەنەوە، وەفدی ڕژێم ئەوەی ڕاگەیاند ئامادەن بۆ جێبەجێكردنی پێشنیارەكان دوای كۆتایی هاتنی شەڕی (ئێران و عێراق).

وەفدی نوێنەرانی یەكێتی نیشتمانی، پاشان دیموكراتی كردنە ژیانی سیاسی،بونی هەڵبژاردنی ئازادو دەنگدانی نهێنی، ئازادی سەندیكا و ڕێكخراوەكان و دیسان دامەزراندنەوەی زانكۆی سلێمانی خواست بوو، سەبارەت بەكاری ئاسایش، دانوستانەرانی كورد دڵنیایی یان لەوە دەكردەوە كە پۆلیس و بەتایبەتی دەزگاكانی ئاسایش لەكوردستان دەبێت بەشێك بێت لەكاری دەزگاكانی ئۆتۆنۆمی.[٢]

---

[١]. صلاح الخرسان: م. س، ص٤١٤.

[٢]. كریس كۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردو هیوای سەربەخۆیی، و/ئەكرەمی میهرداد، ب١، سلیمانی، ٢٠٠٢،ل.٧.

بەڵام سەرۆکی ئەرکانی هێز (فریق عبدالجواد ذنون) دژایەتی کردوو ووتی (چارەسەر ئەوەیە کە مام جەلال معمر قذای هاوڕێی و پارە بهێنێت لەلای ئەو بۆ ئەوەی زانکۆ بنیات بنێ)[1].

لەهەمان کاتدا تاریق عەزیز هەڕەشەی توندی لەو کەسانە کرد کەلەدوای جەنگ پەیوەندی بکەن بەبێگانەوە. مام جەلال بەم قسەیە توڕە بوو ووتی من بەدیل نەگیراوم تازۆرم لێ بکەن بۆ ئیمزا کردنی ئەم بەیانە، تەنانەت ووتی ئەگەر هەردە پەنجەکەم ببڕنەوە، بەیانێك ئیمزا ناکەم بەئارەزووی ئێوە بێت.

مام جەلال دەڵێ:

سەردانی بەغدام کرد، لەلایەن سەدام حسێنەوە پێشوازی کرام، ئەو منی ماچ کردوو ووتی کە هەمووشتێك جگە لەسنوری ئۆتۆنۆمی چارەسەرکراوە، ئێوە چ داواکارییەکتان هەیە؟ ووتم دەبێت کە دیسان شێخان و ئاکرێ ببێتە وە بەشێك لەبادینان و سەبارەت بەکەرکوك و سنورەکەی دەبێت لەبەرزاییەکانی رووبەڕووی توز خورماتوو (کە لە (٨٠) کیلۆمەتری باشووری کەرکوك دایە) لەسەر ڕێگای سەرەکی بەغداد تێ بپەڕێت.

سەدام حسین لەوەڵامدا ووتی: (کەرکوك دەبێت لەژێر ئیدارەیەکی هاوبەشدابێت).

---

[1] . صلاح الخرسان: م.س، ص٤١٤.

مام جەلال دەڵێ: من بەو مەرجە ئەمەم قبوڵ کرد کە بەتەعریب کردنی ئەم ناوچەیە کۆتایی بێن، کوردەکان بگەڕێنەوە دیاری خۆیان و عەرەبەکانیش بۆ شوێنەکانیان.

پاشان سەبارەت بەسنجار (ژەنگار) و خانەقین و مەندەلی، سەدام حسین رایگەیاند: (ئەم کێشەیەمان لەچوارچێوەی بڕیارنامەی (١)ی مارس چارەسەر کردبوو).[1]

بەڵام بەگشتی گفتوگۆکە باش ڕۆیشتبوو لەسەر زۆربەی مەسەلەکان تێگەیشتنی سەرەتایی هاوبەشیان دروست کردبوو. لەدوای ئەوە دیدارێك لەگەڵ سەدام حسین ڕێکخرا کەستایشی مام جلالی کردو ووتی "بەم هەڵوێستەت چاکەیەکت تۆمار کرد بۆ نیشتیمان و بەعس. بۆ نیشتیمان چونکە دووچاری مەترسی ئەبێتەوەو بۆ بەعس چونکە ئێمە لەکێشەیەکداین لەدەرگا بدەین سەرەڕای ئەوەش ئێوە هاتوون بۆ لامان ئەوە شتێکە کەلەبیری ناکەین. من شتێکت دەدەمێ کەسەرت بەرز بکەمەوە لەبەردەمی کوردی عێراق و ئێران"[2].

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا ووتی من ئاگاداری هەموو گفتوگۆو دانیشتنەکانم، گفتوگۆکانتان جدی بووە، من لەسەر هەموو باسەکان رازیم جگە لەمەسەلەی کەرکوك. ناڵێم شارێکی کوردی نییە، ناڵێم شارێکی عەرەبییە. تەنانەت دوای ئێستفتاش

---

(١). کریس کوچیرا: ل١٧

(٢). صلاح الخرسان: م. س، ص٤١٤.

دەرکەوت زۆرایەتی دانیشتوانی کوردە، ئەوسا منیش هەرسوور ئەبم لەسەر ئەوەی شارێکی عێراقی بێت، هەموو خەڵکی عێراق کەڵك لەسامانەکانی وەرگرن، چونکە کورد بۆ ئەوەی کەرکوکی بیرنەچێت ئیتر بیر لەجیابوونەوە ناکاتەوە عەرەبیش بۆ ئەوەی کورد ڕازی بکات دژی سەلماندنی مافەکانی ناوەستی"[١].

قسەیە عبدالرحمن قاسملو بۆ کریس کوچێرای گێراوەتەوە سەبارەت بەکێشەی کەرکوك، سەدام حسین بەجەلال تالەبانی پێشنیارکردووە: (ئێوە نەڵێن کەرکوك، شارێکی کوردەوە منیش ناڵێم هی عەرەبە). [٢]

داوایان لەمام جلال کرد کەخودی خۆی لەتەلەفزیۆنی بەغدا بانگەوازی ڕێکەتنەکە بکات بەڵام مام جلال ووتی:"ڕاستە من سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)م بەڵام دەسەڵاتی من سنورداره بەوەی بانگی ئەندامانی لیژنەی سەرکردایەتی بکەم بۆ کۆبوونەوەو دەرکردنی بڕیار، بۆیە من دەسەڵاتی ئیمزاکردنم نییە پێویستە بگەڕێمەوە تاڕاوێژبکەم لەگەڵ هاوڕێیانو ڕایان لەسەر ئەم مەسەلەیە وەربگرم. لەکاتێکدا لیژنەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) پێش ڕۆشتنی وەفدی خۆیان بۆ بەغدا، هەموو دەسەڵاتێکیان بەمام جەلال بەخشی بوو بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتن نامەکە. لەهەمان کاتیشدا نەوشیروان مستەفا بەمام جەلالی ووتبوو:"ئەگەر لەسەر

---

[١]. نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل١١.

[٢]. کریس کوچێرا:س.پ، ل. ٧

چوارچێوەی گشتی مەسەلەکان پێك هاتن ناوی خوای لێبهێنن و ڕێکەوتنەکەتان ئیمزا بکەن"، بەڵام مام جەلال ووتبووی: "ئەگەر دەستم لەبنا ببڕنەوە ڕێکەوتنامەکە ئیمزا ناکەم" نەوشیروان مستەفا ووتبووی: "ئەی کەواتە بۆ ئەچی؟" مام جەلال لەوەڵامدا ووتبووی: "ئێوە بەزۆر ئەمنێرن"[(١)].

لەکۆتایی یەکەم خولی دانوستاندا ڕێکەوتن لەسەر پێکهاتنی لیژنەیەکی هاوبەش بەناوی (لیژنەی تەنسیق) کە بارەگاکەی لەکەرکوك بێت، ئەم لیژنەیەش پێکهاتبوو لەنوێنەرانی (ی.ن.ك) و حزبی بەعسی دەسەڵاتدارو دەزگای ئاسایش. نوێنەرانی (ی.ن.ك) لەلیژنەی تەنسیق پێکهاتبوون لە (عمر عزیز، ئەندازیار علی حسین حسن (شوان) وە لەنوێنەرانی ڕژێمدا (سعدی مهد عزیز، عەقید روکن صالح محسین) بوو، ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە چاودێری وەستاندنی شەڕو ڕێکخستنی پەیوەندی هەردوولاوچارەسەری حاڵەتە هەنوکەییەکان بوو[(٢)].

لەسەرداوای سەرۆکایەتی ڕژێم بۆ پیاچوونەوەی گفتوگۆکە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) کۆبوونەوەی لە (١٦/ ١/ ١٩٨٤)دا بڕیاردرا کەئەندامانی وەفد دیاری بکریۆ بنێردرێن بۆ بەغدا کەپێك هاتبوو لە:-

١. د. فوئاد معصوم (سەرۆك).

---

(١). نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنە، ل١٠- ١١.

(٢). صلاح الخرسان: م. س، ص ٤١٧.



هەولێرنامەی کتێب

٢. نەوشیروان مستەفا.

٣. فەرەیدون عبدالقادر.

٤. ملازم عومەر عەبدوڵا.

٥. عومەر عەزیز.

٦. مەلا بەختیار.

تا ئەو کاتە هیچ پرۆژەیەکی نوسراویان نەبوو، هەربۆیە نەوشیروان مستەفا لەگەڵ د. فوئاد معصوم پرۆژەکەیان داناو پاشان خستیانە بەردەست مام جەلال و کۆمەڵێ خەلکی شارەزاو پسپۆر، دوای ئەوەی پەسەندیان کرد چاپ کرا[1].

لەو پرۆژەیەدا باس لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نائاسایی دەکرێ بەم شێوەیە:-

١. گەڕانەوەی کرێکارو موچەخۆر بۆ شوێنی کارکردنی خۆیان.

٢. گەڕانەوەی خوێندکارە کوردە دەرکراوەکان و بەندکراوو هەڵاتووەکان، پەنابەرەکان و هەموو ئەوانەی لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، وەرگرتنیان لەتێکڕای قوتابخانەو دەزگا پەروەردەیی و زانکۆ مەدەنی و سەربازییەکان.

٣. لێبووردنی گشتی لەتێکڕای زیندانە سیاسی و سەربازە ڕاکردووەکان و پەنابەرە سیاسییەکان. هەموو ئەوانەی لەڕیزی

---

[1]. نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل٢٠- ٢١.

پێشمەرگەن. هەروەها لابردنی بڕیاری (حجز)* لەسەر سەروەت و سامانیان.

٤. گەڕانەوەی هەموو خەڵکانی لادێ و قەزاو ناحیە کوردنشینەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان. گرنگی بدرێ بەناوچەکان و خزمەت گوزارییان بۆ دابین بکرێ.

٥. ئازادکردنی کوردە فەیلییەکان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان و ئازادکردنی بەرزانییەکان.

٦. گرنگی دان بەکۆڕی زانیاری کورد.

٧. بڕینەوەی موچە بۆ شەهیدانی کوردستان.

٨. لابردنی ئابلۆقەی ئابوری ناوچەکانی کوردستان و گێڕانەوەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەسەندنی ناوچەکانی کوردستان.

٩. هەڵوەشاندنەوەی مەفرەزەی تایبەتی وەك (جاش) و لابردنی بەبەعس کردن و جەیشی شەعبی.[1]

هەر لەهەمان پرۆژەدا باس لەئۆتۆنۆمی کوردستان دەکات بەم شێوەیە:-

هەواڵنامەی کتێب

---

* حیجز: بەمانای دەست بەسەراگرتن کە ئەو کاتە حکومەتی بەعس بەکاری هێناوە بۆ زەوت کردنی سامانی کورد.

[1]. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ئەو پرۆژانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەت، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٣، ل ٣-٤.

١. ناوەرۆکی ئۆتۆنۆمی/ واتە سەلماندنی مافی گەلی کورد لەحوکم کردنی ناوچەی کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا لەئەنجومەنی یاسادانان و ئیش و کارەکانی سەرۆکی دەوڵەت (بەرگری- دارایی- دەروە- گومرگ- نەوت- پیشەسازی- بانکەکان...)هەروەها جێبەجێکردنی بەدیموکراتی بێت.

٢. ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوچەکانی (سلێمانی- هەولێر- دهۆك) و چەند قەزایەکی تریش (ئاکرێ- شێخان- شەنگار) و هەندێ ناحیەو ناوچەی دیکەش وەك (کفری- کەلار- دوز- مەندەلی- خانەقین- داقوق) دەگرێتەوە.

٣. زمان/ خوێندن و نوسین بەزمانی کوردی دەبێ و زمانی کوردی لەفەرمانگە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکاندا بەکوردی بێت.

٤. بودجە/ بودجەی تایبەت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان.

٥. کەمە نەتەوایەتی/ مافی ڕۆشنبیری و ئیداری خۆی هەبێت.

(١)

نوێنەرانی (ی.ن.ك) داوای جێ بەجێ کردنی بڕیارنامەی ١٩٧٠ یان دەکرد. ئۆتۆنۆمی لەلای ئەوان،کارو باری بەرگری، پەیوەندیەکانی دەرەوە و ئابووریان(بەتایبەتی مەسەلەی پوڵ) بەکاری حکومەتی مەرکەزی دەزانی. هەموو کارەکانی دیکەیان

---

(١) . یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ئەو پرۆژانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەت، ل٦-٧.

پەیوەندیدار بەسیاسەتی عەرەب کردن و ڕاگواستنی کوردەکان و سیاسەتی(کەمەر بەندی ئاسایش) دەست کاری بکرێت.[1]

جگە لەمانەش باس لەکەرکوك کرا بەتاییەت، بەم شێوەیە:-

١. گەڕانەوەی فەرمانبەران و موچەخۆران بۆ شوێنی خۆیان، گێڕانەوەی جووتیار بۆ دێهاتەکانی کەرکوك.

٢. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەست بەسەراگرتن و چاودێری لەسەر هاولاتییە کوردەکان و دائیرە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان، و ڕێگەدان بەهاولاتیانی کورد بۆ فرۆشتن و بیناکردن و کڕینی خانوو لەشاری کەرکوك.

٣. ئازادکردنی ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکای سیاسی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەلایەتی، وکردنەوەی خوێندنگای کوردی خوێندن بەکوردی.

٤. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەعەرەب کردن، تورکمان و عەرەب و کوردەکان لەکەرکوك بژین[2].

بەم جۆرە لە (٢٥/ ١/ ١٩٨٤) خولی دووەمی گفتوگۆ لەهۆڵی کۆبوونەوەکان لەبارەگای دەزگای موخابەراتی گشتی دەستی پێکرد ، وەفدی ڕژێم (د. فاضل براك) لەگەڵ کۆمەڵێ ئەفسەری (ئیستخبارات) ئامادە بوون، (ی.ن.ك) پرۆژەکەی پێشکەش کرد. بۆ

---

(١) . کریس کۆچیرا: هـ.س، ل.٧

(٢) . یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ئەو پرۆژانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەت، ل ١٦.

هەولێرنامەی کتێب

رۆژی دوایی واته (٢٦/ ١/ ١٩٨٤) دانیشتن سازدارایەوە بەئامادە بوونی لیوا روکن (محمود شوکر شاحسین و د. فاضل براك، طارق عەزیز) ئامادەبوون بەڵام کۆبوونەوەکەیان دواخست، بەو بیانووەی طارق عەزیز دەچێت بۆ کۆبوونەوەی وەزارەتی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی[1].

لەم خولەدا هەموو بەندکراوەکان و ئەندامەکان و لایەنگرەکان، ئازادکران و لەمانگی (ئازار– نیسان– ئایار) درێژە بەگفتوگۆدرا. دیدارێکی دیکە لەنێوان جەلال تاڵەبانی و صدام حسین بۆ ناوەڕستی مانگی تەمووزی ١٩٨٤ پێشنیاز کرابوو، بەم جۆرە دانوستان درێژەی کێشا، ئەوەی کە بۆ ڕابەری (ی.ن.ك) خۆش بوو ئەوەبوو مۆڵەت بە پارتیزانەکانی کورد درا کە زەمانەیەك بەدوور لەشەڕو چان بدەن و بەدیداری خێزانەکانیان شادبن.

بەڵام لەمانگی مایسی ١٩٨٤ بەڕۆشتنی ئاشکرا بوو کە گفتوگۆ جارێکی دیکە لەسەر سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی گیری کردبوو:

صدام حسین ڕازی نەبوو شارەکانی سنجار،خانەقین و کەرکوك بەشێك بێت لەناچەی ئۆتۆنۆمی.[2] لە (١٩/ ٥/ ١٩٨٤) لەدوای ئەوەی مام جەلال چاوی بە طارق عەزیزو عەلی حەسەن مەجید کەوت بەبێ ئەنجام گەڕایەوە سورداش، لەحوزەیراندا وەفدی بەعس گەیشتە سورداش، دوابەدوای ئەمەش (سەعید مەهدی

---

[1] . نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنەدا، ل٢٣.

[2] . کریس کۆچیرا:س.پ، ل٧٠.

صاح) پارێزەری نهێنی سەرۆکایەتی بوو لەلقەکانی باکوری حزبی دەسـەڵاتدارو لـە (٢٠/ ٧/ ١٩٨٤) داوای لـەی.ن.ك) کـرد بـۆ پیاچوونەوەی گفتوگۆکە[1].

وەفـدی (ی.ن.ك) لـە(٢٥/ ٧/ ١٩٨٤) بەسـەرۆکایەتی (فوئـاد معصوم، فەرەیدون عەبدالقادر، عومەر عزیز) بەرەو بەغدا رۆیشت وەفدی ڕژێم (علی حسن مجید) بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرۆکایەتی وەفدی ڕژێم لەگەڵ (روکن محمود شکر شاهین، د. مندار الشاوی)و عبدالفتاح یاسین ئەندامی پێشوو لەسەرۆکایەتی ناوچەکان، لـەم خولە ئەمانە خرایە ڕوو:-

- دەربارەی ئاسایی کردنەوەی دۆخی کوردستان.
- ئاسایی کردنەوەی کەرکوك.

دابـەش کردنـی دەسـەڵاتی ئۆتۆنـۆمی و سـنوری ناوچـەی ئۆتۆنۆمی، هاوبەشی کردنی لەئۆتۆنۆمی دا.

بەڵام بەعس لەسەر دووخاڵیان ڕێك نەکەوت کەتایبەت بوون بەئاسایی کردنەوەی کوردستان و کەرکوك ئەم دووخاڵە ناکۆکە مایـەوە، پـاش ماوەیـەك لـە(٢٣/ ٨/ ١٩٨٤) وەفـدی (ی.ن.ك) بـۆ سورداش گەڕانەوە.

لە(٢٦/ ٨/ ١٩٨٤) علی حسن مجید سەردانی سورداشی کردو (عـزت دووری) لـە (٣/ ٩/ ١٩٨٤) بەهـەمان شـێوە سـەردانی

---

[1] . صلاح الخرسان: م. س، ص٤٢٠.

سورداشی کرد. دوای چەندین دیداری دوورو درێژ هیچ کامیان چارەنووسی کوردیان نەگەیاندە ئاکامێکی باش[1].

دوابەدوای سەردانی وەفدی تورکی و کرانەوەی دەرگای ئەمریکا بەڕووی عێراق، دروست بوونی وورده شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو جاش، ساردی کەوتە رەوتی گفتوگۆ، حکومەت داوای کوردی پشت گوێ دەخست، هەربۆیە لە (١٥/ ١/ ١٩٨٥) بەرەسمی بابەتێك بڵاوکرایەوە کەتیایدا پچراندنی پەیوەندی لەنێوان ڕژێمی بەعس و (ی.ن.ك) خرایە ڕوو دوابەدوای ئەم بڵاوکرایەوە کۆتایی بەگفتوگۆ هات[2].

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] . صلاح الخرسان: م. س، ص ٤٢١.

[2] .بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هێنان بەگفتوگۆ لە ١٩٨٥٤/١/١٥.

## سیاسەتی حکومەتی عیراق لەکوردستاندا لەکاتی دانوستاندا

ئەگەرچی حکومەتی عیراق ماوەی یەك ساڵ لەگەڵ (ی.ن.ك) خەریکی گفتوگۆ بوو، وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد بەهیچ جۆرێ لەکەناڵەکانی راگەیاندنو لەدامەزراوەکانی خۆیدا باسی نەدەکرد. بەڵام کاتێك (ی.ن.ك) لەکەناڵەکانی راگەیاندنی خۆی بەتایبەت بە رادیۆ هەواڵی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بڵاوکردەوەو هێزی پێشمەرگەش جاری واهەبوو بە قافڵەی گەورە بەناو شارەکاندا تێپەڕ دەبوون، ئیتر حکومەتی عیراق نەدەکرا هەروا بێ دەنگ بێت. بۆیە بەڕەسمی بەرپرسە حیزبیەکانی بەعس لەهەموو دامەزراوەکانی شارەکانی کوردستاندا کۆبوونەوەیان بەفەرمانبەران دەکردو وایان باس لە گفتوگۆکە کرد کە: یەکێتی دێتەوە ریزی نیشتیمانیو تۆبە لەو هەموو تاوانانە دەکات کە بەرامبەر گەلی عیراق کردوویەتی.[1]

حکومەتی عیراق دانوستانو راگرتنی شەڕی بەهەلێکی زێڕین زانی بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر جەماوەری کوردستان بەوەی لەهەموو دامەزراوە حکومیەکاندا داوای لەخەڵك دەکرد ببن بە (جیش الشعبی)،[2] ئەم جۆرە فشارە خرایە سەر هەموو خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددینیش، بەڵام زۆربەی خوێندکارە کوردەکان ئامادە نەبوون ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەنو ماوەیەك مانیان گرت، هەرچەندە حکومەت

---

(١) شۆڕش حاجی رەسول:ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق، چ٢، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل٤٦-٤٧.

(٢) جیش الشعبی: سوپایەك بوو حکومەت لەهەموو ئەو کەسانەی دروست دەکرد کە موچەخۆری حکومەتن. زۆر جار ئەوەی چەکی هەڵنەگرتبایە یا زیندانی دەکرا یا لە وەزیفە دەردەکرا.

ئازاری دەدان و هەندێکیانی زیندانی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکاران لەمانگرتن و خۆپیشاندان کۆڵیان نەدا.[1]

لە ١٢ مایسی ١٩٨٤دا خوێندکاران لە سلێمانی مانیان گرت و لەبەردەمی پارێزگا خۆپیشاندانیان کرد، چەکدارەکانی حکومەت بۆئەوەی بڵاوەیان پێ بکەن کەوتنە تەقە کردن لێیان و لەئەنجامدا دوو خوێندکار گیانیان لەدەستدا. بۆ رۆژی دووایی ئاپۆرەی مانگرتن و خۆپیشاندانی خوێندکاران زیاتر گەشەی سەند، هێزەکانی (ی.ن.ك) فریایان کەوتن و زیاتر لە (٢٠) بەعسیان کوشت.[2]

لەزانکۆی سەلاحەددین لەهەولێرو زانکۆی موسڵ خوێندکاران مانیان گرت و دژایەتی بڕیاری حکومەتیان کرد، زیاتر لە (٥٤) خوێندکار لە خوێندن فەسل کران.[3]

هەروەها یەکێکی تر لەو سیاسەتانەی لەکاتی گفتوگۆ گرتیەبەر گرتنی سەربازی هەڵهاتوو (عەسکەری فیرار) بوو. ئەو ناوچانەی لەژێردەسەڵاتی (ی.ن.ك) بوو ئازادبوو، سەربازی هەڵاتوو ئەیانتوانی بەئازادی بەبێ هیچ ترس و راونانێ مەفرەزەکانی بەعس لەو شوێنانەدا بژین، بەڵام ئەو سەربازە هەڵاتوانەی ناو شار نەیان توانی لەدێهات هەڵبکەن، بۆیە لەشارەکاندا دەسوڕانەوە، بۆیە جار جار بەر هێرشی

---

(١) جەمال شێخ نوری: س.پ، ل٣٠" نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە بازنەدا، ل٢٩-٣٠.

(٢) نەوشیروان مستەفا:- خولانەوە لەناو بازنە، ل٣٣.

(٣) محمد حاجی محمود: رۆژمێری پێشمەرگەیەك، باسی رووداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات (١٩٧٦- ١٩٩٦)، ب٢، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٩٥.

مەفرەزەكانی بەعس دەكەوتن و دەگیران، كە نزیكەی دەیان هەزار سەرباز ئەبوون، مەفرەزەكانی بەعس سەربازە گیراوەكانیان دەناردە یەكەكانی خۆیان، ئەگەر یەكەم راكردنیان بوایە پاش ماوەیەك زیندانی دەیانكردەوە بەسەرباز، ئەگەر لەوانەبێ لەشەڕ هەڵاتبێ گوللەبارانیان دەكرد، دوابەدوای ئەم رووداوانە (ی.ن.ك) بەیانێكی دەركرد هێرشی توندوتیژی كردەسەر دام و دەزگاكانی بەعس، هەربۆیە لەرۆژی (١٩٨٣/٣/٩) ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عیراق (مجلس قیادە الپورە) بەبروسكەیەك فەرمانی بەدام ودەزگاكانی سلێمانیدا گوللەبارانكردنی سەربازی هەڵهاتوو رابگرن.[1]

جگە لەمە حكومەتی بەعس لەرێگەی دامەزراوە ئەمنی و جاسوسیەكانیەوە بەرنامەیەكی دارشت بۆ كوشتن و لەناوبردنی هەندێ لە سەركردە سەربازیەكانی (ی.ن.ك) بۆ شكاندنی هەیبەتی یەكێتی و چاوترساندنی جەماوەر.[2] یەكێك لەو سەركردانەی كە بەعس لە ١٩٨٤/٩/١٥ لە تاسلوجە ئەنجامی دا، كوشتنی ئەندامێكی مەكتەبی عەسكەری (ی.ن.ك)بوو بەناوی (ملازم كەریم) یا سەید كەریم. كە یەكێك بوو لە فەرماندە هەرە ئازاو چاونەترسەكانی پێشمەرگە، ئەمە لەكاتێكدا بوو كە ناوبراو بەسواری ئۆتۆمبێل لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لە سلێمانیەوە بەرەو سورداش دەگەڕانەوە.[3]

---

(١) نەوشیروان مستەفا: خولانەوەی لەناو بازنەدا، ل٢٩.

(٢) شێخ محمد عبدالكریم: كارەساتی (مەنعی تەجەول) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٠.

(٣) رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، هەولیر، ١٩٩٣، ل١٠١.

ئەم رووداوە بۆ (ی.ن.ك) كارەساتێكی گەورەبوو، بۆیە لەرادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق بانگەوازێكیان بۆ هێزی پێشمەرگە بڵاوكردەوە كە دەست لە دوژمن نەپارێزن، ئەوە بوو لەماوەیەكی كورتدا لە تۆڵەی سەید كەریم سەدان سەربازی حكومەتیان كوشت.[1]

ماوەیەك پاش ئەو ڕوداوەش لە ١٩٨٥/١/٢٤ حكومەتی بەعس توانی لەناوچەی دەوروبەری چەمچەماڵ سەركردەیەكی تری هێزی پێشمەرگە لەناوببات بەناوی (نەجمەدین) كە بە مامەڕیشە ناسراوە. ناوبراو لە ناو جەماوەرو هێزی پێشمەرگە وەك ئەفسانەیەك ناسرابوو. چونكە لە ئازایەتی و نەبەردیدا وێنەی نەبوو.[2]

هەر لەكاتی پرۆسەی گفتوگۆدا بۆ ئیهانەكردنی (ی.ن.ك) حكومەتی بەعس جاش و چەكدارەكانی خۆی دەنارده سەر ئەو پێشمەرگە بریندارانەی كە لەنەخۆشخانەی كۆماری لەهەولێر لەهەولی چارەسەركردندا بوون. چەندین جار تەقە لەنێوان پێشمەرگە پاسەوانەكانی نەخۆشخانەكەو چەكدارانی ڕژێم دروست دەبوو. دیوێكی تری سیاسەتی بەعس لەكاتی گفتوگۆدا پرۆسەی دروستكردنی جاش بوو كە بەناوی (الافواج الخفیفه) ناسرابوون. لەم هەوڵەیاندا حكومەتی عیراق سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێنا. ئەوەبوو هەرچی سەرۆك عەشیرەت و خەڵكی ناسراو هەبوو حكومەت پێوەندی پێوەدەكردن بۆ دروستكردنی فەوجی خەفیفە، بۆ ئەم مەبەستەش حكومەتی عیراق پارەیەكی ئێجگار زۆری تەرخان كردبوو. هەندێك لەسەرۆك هۆزەكان و

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) عبدالله كەریم مەحمود: پێشمەرگە پۆلایینەكە، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٤٧.

ئەوانەی فەوجی خەفیفەیان دروست دەکرد ئەم دان‌وستاندنەیان بەهەلْ زانی بۆ ئەوەی بێ فشاری پێشمەرگە بگەنە ئامانجی خۆیان. چونکە پروپاگەندەی وایان بلاو دەکردەوە کە ئەگەر دان‌وستاندنەکە سەربکەوێ هەموو ئەو فەوجانە دەخەنەوە ژێر دەسەلاتی (ی.ن.ك). بۆیە هەندێ لە ناوچە رزگارکراوەکان دەکەوتنە ژێر دەسەلاتی ئەو فەوجانەوە بەحوکمی ئەوەی ناوچەکە پێوەندی خێڵەکی تێدا زالْ بوو.[1]

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێك لەناو خەڵکی کوردستان ببوونە جاش لەخزمەتی رژێمی بەعس کاریان دەکرد، کاتێکیش گفتوگۆ لەنێوان (رژێم- یەکێتی) دەستی پێکرد، ئەم جاشانە پێیان ناخۆش بوو، لەبەرژەوەندی خۆیان ئەترسان، بەلام رژێم هەرزوو ئاگاداری کردنەوە گفتوگۆ لەسەر لاشەی ئەوان ناکرێ بەڵکو زیاتر گرنگیان پێ ئەدرێ، بەرژەوەندییەکان ئەپارێزێ.[2]

کاتێکیش لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا جەنگ لەنێوان حکومەتی عێراق‌و (ی.ن.ك) دەستی پێکردەوە، هەموو هێزە خەفیفەکان لەتەك هێزەکانی حکومەتی عیراق دژی (ی.ن.ك) شەڕیان دەکرد.

هەڵوێستی پارتە سیاسیە کوردیەکان بەرامبەر بە دان‌وستاندن

لەدووای ساڵی ١٩٧٦ جگە لە (ی.ن.ك) چەندین پارت‌و گروپی سیاسی دروستبوون‌و خەباتی چەکداریان هەڵبژارد بەمەبەستی وەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان. لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عیراق، پارتی سۆسیالیستی کو (پاسۆك)،

---

(١) بۆ نمونە ناوچەی خەیلانیان، هەرکیان، زراریان...هتد.

(٢) جەمال شێخ نوری: س.پ، ل٢٤.



کوردناسی ئەرشیف

هەروەها حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لەساڵی ١٩٧٩دا لە (ی.ن.ك) جیا بوویەوە. ئەم چوار پارتە سیاسیە لە بەرەیەکدا بوون بەناوی (جود)، دوای ئەوەی کە بەرەی جود لەشەڕەکانی ناوخۆدا بەرامبەر بە (ی.ن.ك) شکستی هێنا، ئاسایی بوو ئەگەر هەڵوێستیان دژی دانوستاندن بێت.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکاتی گفتوگۆدا لەژێر فشاری حیزبو لایەنەکانی وەك(پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) دا بوو، ئەم سیٚ حیزبە بەرەکیان پێك هێنابوو بەناوی بەرەی(جود) بەندو باڵۆرەی ئەوەیان بۆ(ی.ن.ك) لیٚ دەدا،کەگوایە(ی.ن.ك) هەرلەزووەوە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس دا هەبوەو ئێستا ئاشکرای کردوە، دەیان ووت "یەکێتی بەتەواوی بۆتە بەشێك لەڕژێمو هیچ دەسکەوتێك بۆ کورد بەدەست ناهێنیٚ" لای ئێرانو سوریا ولیبیاش هەربەهەمان زمان قسەیان لەسەر (ی.ن.ك) دەکرد.[1]

لەلایەکی دیکەشەوە بەکردەوە هەوڵیاندا گفتوگۆکە تێك بدەن بۆئەوەی دوو دڵی بکات چەند مەفرەزەیەکی چەکداریان ناردە خوارەوە تا ئەوە دەربخەن کە (ی.ن.ك) ناتوانێت ئارامی لە کوردستاندا دابین بکات.[2]

لەم ڕووەوە ئەگەر هەڵوێستی هەریەکە لەحیزبەکان وەربگرین بەرامبەر بە گفتوگۆ هەڵوێستێکی دژانە بەدی دەکەن. لەکاتێکدا پارتی

---

(1) شۆڕشی حاجی ڕەسول:س.پ،ل ٤٨

(2) ڕێباز:س.پ، ل٩٤

دیموکراتی کوردستان پێشتر گفتوگۆی لەگەڵ بەعسدا هەبووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی باشی نەبووە بۆڕژێم وە بۆ کوردیش. هاوکات یارمەتی ئێرانیشی داوە بۆ گرتنی حاجی ئۆمەران، هەربۆیە صدام حسین ئەم گورزەی لەبیر نەکردو تۆڵەی ئەم کارەی لەکەسانی بێ چەك و بێ دەخلی هۆزی بەرزانی کردەوە لەو خەڵکانەی سەرەتا لەساڵی (١٩٧٥) دا لەدۆڵی بەرزان دوور خرانەوە پاشان لەساڵی(١٩٨٠) دا لە ئۆردگای قوشتەپەی خواروی هەولێر نیشتەجێ بوون. حکومەت هەر بەمەوە نەوەستایەوە لەسپێدەیەکدا سەربازانی ڕژێم ڕژانە ناو ئۆردوگاکەو ژمارەیەکی زۆر بارزانی نزیکەی (٨٠٠٠) کەس دەبوون لەساڵی (١٩٨٢) ئەنفال کران هەربۆیە پارتی ئەمەی کردە بیانویەك و دژی گفتوگۆکە وەستان.[1]

حیزبی شیوعی عێراق بەهەمان شێوە ڕای وابوو کە(ی.ن.ك) بەهێزبێت خەڵکی ڕوو لەم حیزبە دەکەن بۆیە خۆی بەمیراتگری زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا دەنا.

لەسەرەتادا کاتێك (د.قاسملۆ) لەسەرەتای (١٩٨٢) چوەلای یەکێتی بۆ گفتوگۆ، مام جەلال نامەیەکی بۆ سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق (عزیز محمد) نارد بەمەبەستی بەشداری کردنیان لەگفتوگۆدا، بەڵام حیزبی شیوعی داواکاریەکەیان ڕەتکردەوەو ڕایان گەیاند کەشتێکی هاوبەشمان نیە لەگەڵ صدام حسین گفتوگۆی لەسەر بکەین. بەم جۆرە دژی گفتوگۆکە بوەوەو یەکێتی یان بەهەڵخەڵەتاوزانی.[2]

---

[1] دیڤد ماکداول:س.پ،ل ٧٢١

[2] ئەحمەد بانی خێلانی:س.پ،ل ٤٤٤ .



هەواڵنامەی کتێب

حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەهەمان شێوە دژبە گفتوگۆ بوون، لەکاتێکدا پێشتر خۆیان گفتوگۆیان لەگەڵ ڕژێم سازداوە، جگە لەوەی سۆسیالست یەکێك بوو لەحیزبەکانی بەرەی (جود) لەگەڵ حیزبی شیوعی وپارتی دیموکراتی کوردستان، هەموویان یەك هەڵوێست لەم بەرەیەدا بەهەموو شێوەیەك دژی گفتوگۆ وەستان.[1]

لەو ماوەیەدا خەڵکانێکی زۆر سەردانی مام جەلال و ئەندامانی تری سەرکردایەتیان کرد، لەناو ئەوانەدا بەسەدان ڕۆشنبیرو شارەزایان تێدابوو بیرو ڕاو پێشنیاری باش و بەکەڵکیان پێشکەش دەکرد. لەڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢١ وەفدێکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان چونە زیخان، هونەرمەندەکان[2] پێشنیاریان کرد یەکێتی بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی جود دەست پێشکەری بکات. بەتایبەتی کەیەکێتی لەهەڵوێستێکی بەهێزدایە، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ناوبژیوانی و هاتووچۆی نێوان هەردوولا.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) پێیان باش بوو لەڕێگەی (حشع)ەوە ووتو وێژ لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود بکەن، چونکە بارەگای حیزبی شیوعی لەناو خاکی عێراقدابوو. نوێنەرانی(ی.ن.ك) بەئاسانی و بێ هیچ گیرو گرفتێك دەیانتوانی بگەنە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی. بەڵام بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو خاکی ئێراندا بوو لەگوندێکی نزیك وورمێ. حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بەهەمان

---

[1] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، ل٤٠.

(٢) وەفدەکە پێکهاتبوو لە: (فەرەیدون دارتاش، خالید سەرکار، کامیل ئەحمەد، شێرکۆ بێکەس).

شێوە بارەگای سەرکردایەتی یان لەناو خاکی ئێران بوو، پەیوەندی توندو تۆڵ هەبوو لەنێوان (ئێرانو پارتی–ئێرانو سۆسیالیست) لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئێرانو (حشع) دا نەبوو. (حشع) هیچ گوشارێکیان لەلایەن ئێران نەخرابوە سەر. لەچاو بەرەی جوددا لەهەموویان زیاتر پێویستی بەوە هەبوو دەرەتانی گەڕانەوەی کوردستانی عێراقی لێ بکرێتەوە.[1]

هەربۆیە لە ١٩٨٤/١/١٥ شاندێکی(ی.ن.ك) بەناوی نوسەرانەوە* چون بۆ(کەرەژاڵ) نامەیەکی مام جەلالو نامەیەکی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ك) یان برد بۆ مەکتەبی سیاسی (حشع). داوای تازەکردنەوەی پەیوەندیان دەکرد هەردوو نامەکەیان بەبروسکە نارد بۆ مەکتەبی سیاسی کە ئەو کاتە (بەرزان) بوو، (ئەحمەد بانی خێلانی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حشع) داوای لە وەفدەکەکرد کەخۆیان نامەکە بگەیەنن بۆمەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی، چونکە بۆ ئەوان هاتووچۆ ئاسانتر بوو. حزبی شیوعی ئەوەیان ڕاگەیاند کەپێیان باش نیە لەدوای شەڕی پشت ئاشان، تازەکردنەوەی پەیوەندی نێوان(ی.ن.ك و حشع) لەمەڵبەندی سلێمانیەوە دەست پێبکاتو وایان بەباش دەزانی ڕاستەو خۆ وەفدەکە بڕواتە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی.[2]

---

[1] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەنا و بازنە،ل ١٦–١٧

* وەفدەکە پێکهاتبوون لە(حەمەی حەمەباقی و فەرەیدون دارتاشو محمد موکری).

[2] ئەحمەد بانیخێلانی: س.پ، ل٥٠٦



ههولنامەی کتێب

وەفدی (ی.ن.ك) دوای گەڕانەوەیان لە کەرەژاڵ لە ١٩٨٤/١/٢١ فەرەیدون دارتاش و محەمەدی حەمەی باقی چون بۆ بارزان، کەبارەگای مەکتەبی سیاسی (حشع) ی لێبوو چاویان بەچەند بەرپرسێکی حیزبی شیوعی کەوت. (حشع) داوای ئەوەیان کرد کە(ی.ن.ك) پێویستە داوای لێبووردن بکات لەبەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی لەپشت ئاشان بەرامبەر (حشع) کردبویان بەڵام (ی.ن.ك) رازی نەبوو.[1]

ئەم هەوڵانەی (ی.ن.ك) بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ بەرەی (جود) سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو چەندین شەڕوپێکدادان لەنێوان (ی.ن.ك)و(جود) دا روویدا. لەتەمموزی ١٩٨٤ هێزێکی (حشع) و (حسك) کەژمارەیان (٢٠٠)پێشمەرگە دەبوون، لەبادینان بەرێکەوتن و گەیشتنە دەوروبەری شەقڵاوە. هێزێکی (ی.ن.ك) لەتیپی (٩١ی سەفین) پێشیان لێگرتن لەدەوروبەری گوندی زێیادۆك شەڕ دەستی پێکرد، لەئەنجام دا چەند پێشمەرگەیەکی هەردوولا شەهید بوون. ئەمە یەکێکی تر بوو لەشەڕەکانی نێوان (ی.ن.ك)و(جود).[2]

هەربۆیە لەسەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆدا لە نێوان (ی.ن.ك)و حکومەتی عیراق رادیۆی (پ.د.ك)و راگەیاندنی پارتە سیاسیەکانی تر کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم پرۆسەیەو بەگاڵتە جاڕییەوە باسیان لێوە

---

(١) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناو بازنە، ل١٨

(٢) رێباز: س.پ، ل٩٧



هەواڵنامەی کتێب

دەکرد. لەهەمان کاتدا بەیانێکی رەسمییان بەناوی بەرەی جودەوە بڵاوکردەوە تیایدا دانوستاندنیان مەحکوم کرد.[1]

سەرەڕای ئەمانەش نوێنەرانی (ی.ن.ك) لەدەرەوەی وولات نارازی بوون پەیتاپەیتا نامەیان دەناردو نارازی بوونی خۆیان بەمەکتەبی سیاسی رادەگەیاند. لەنێو ریزەکانی (ی.ن.ك)دا ناکۆکی و ململانی توند هەبوو. هەندێ لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی لەگەڵ وەفدەکانیش دەچوون بۆ بەغداو لەگفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا بەشداربوون کە لەپاشملەو لەنێوان دۆستانی خۆیاندا نارەزایی وگلەییان لەگفتوگۆ دەکرد گوایە باش نییە.[2]

دیارترین نموونە (ئاڵای شۆڕش) بوو، مەلا بەختیار لەم رێکخراوە نهێنیە بوو. لەکاتێکدا ئەم رێکخراوە لەچەندین ئەندام و لێپرسراوەکانیان ئەندامی سەرکردایەتی(ی.ن.ك)و پێشمەرگەو کادێری یەکێتی بوو. ئەوانیش لەبڵاوکراوەکانیاندا لەناو خەڵك تیروتوانجیان لەیەکێتی دەدا.[3]

---

[1] بیان حول المفاوچات المژله التی أقدم علیها أوك مع النقام الفاشی العمیل فی العراق، ۱۹۸۳/۲۵۱۲.

[2] ئەرسەلان بایز: س.پ، ل۳۲۰

[3] شۆڕش حاجی رەسول:س.پ، ل٤٩

# هەڵوێستی جەماوەر بەرامبەر بە دانوستاندن

کۆمەڵانی خەڵك بەردەوام لە کۆششدابوون، بۆ پێشخستن و ئاسانکاری کارەکانی پێشمەرگە، لەلایەك خەڵکی گوندەکان بەردەوام نانخواردنیان بۆ پێشمەرگەکان ئامادەکردبوو، شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابنکردبوون، لەلایەکی دیکەش خەڵکی ناوشاریش یارمەتیدەرێکی سەرەکی بوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێکخستنەکانی ناوشار، کاتێکیش هەواڵی گفتوگۆ بەخێرایی بڵاوبۆوە زۆربەی خەڵك لەشارو گوندەکان پێیانخۆشبوو کە (ی.ن.ك) داواکەی حکومەتی لەمەڕ شەڕ ڕاگرتن و دەستکردن بە گفتوگۆ قبوڵکردووە.[1]

بەبڕوای خەڵکی کوردستان بەگشتی گفتوگۆ فاکتەرێك بوو بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و بەرهەمهێنانی هەناسەیەکی ئازادو سەربەست، تا رادەیەك فشارو دەستدرێژیان لەسەر کەم دەبویەوەو تینی گرانی و قاتوقڕیان لەسەر لادەچوو.[2]

ئەوەی جێگەی سەرنجە گفتوگۆ بەتایبەت لای خەڵکی گوندەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو، چونکە گفتوگۆ ژیانی گوندەکانی بە ئاقارێکی تردا دەبردو ئەگەر هیچ ئەنجامێکی نەبوایە، بۆ گوندەکان کەمێك دەستکەوتی هەبوو، بەلایەنی کەمەوە

هەواڵنامەی گێڕ

(1) شۆڕش حاجی رەسوڵ: س.پ.ل٤٦.

(2) یەکێتی نیشتمانی کوردستان: راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی (ی.ن.ك) ل٥.

لەکاتی گفتوگۆدا بەئاسانی بەروبوومەکانیان ساغ دەکردەوەو بەئاسوودەیی لەسەر کێڵگەو رەزو باخەکانیان کاری رۆژانەیان دەکرد بێئەوەی ترسی بۆمباباران و تۆپ و هەلیکۆپتەر لەسەریان هەبێت.[1]

هەروەها لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیە سیاسیەکان دەرکردو، گەڕانەوەی جوتیارو کرێکارە راگوێزراوەکان بۆ دێهات و کارگەکانی خۆیان، ئەمەش بووە زیاتر دڵخۆشکردنی جەماوەرو پاڵپشتیان بۆ گفتوگۆکە.[2]

لێرە بەڵگەیەکی ئاشکرا هەیە بۆ دیارخستنی هەڵوێستی جەماوەر، ئەویش ئاهەنگی نەورۆزی سورداش بوو، ماوەیەك پێش ئاهەنگەکە لەڕێگەی رادیۆو کەناڵەکانی رێکخستنی شارەکانەوە پڕوپاگەندەیان بۆ ئاهەنگی نەورۆز کرد، داوا لەخەڵك کرا بە (نان‌وئاوی) خۆیانەوە بێن بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکەدا، بەدرێژایی پردی تابین و سێ ڕێگای سورداش و کۆتەڵ خەڵك دانیشتبوو، خەڵك لە سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و زاخۆو بەغداو موسڵ و خانەقین و چەندین ناوچەی دیکە هاتبوون، هەر لەو رۆژەدا مام جەلال وتارێکی بۆ خەڵك خوێندەوەو باسی گفتوگۆی کرد لەگەڵ رژێمی بەعس، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك

---

[1] شۆڕش حاجی رەسوڵ: س.پ.ل٤٦.

[2] یەکێتی نیشتمانی کوردستان: راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی (ی.ن.ك) ل٧.



هەمەڵاالندەکتێب

ئاهەنگەکە بەردەوامبوو، ئەو ڕۆژە بەرۆژێکی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە.[1]

لەکۆبوونەوەو ئاهەنگە گەشتیەکاندا کەلەماوەی ئەوساڵەدا لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا ئەنجام ئەدران، کەدەیان هەزار خەڵکی کوردستان بەپیاو ژنو گەورەو بچووکەوە ئامادە ئەبوون، بەتایبەتی لەڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ دا نزیکەی نیو ملیۆن لەجەماوەری کورد لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا ڕوویان لەسورداش، دووکان کردو بەپەرۆشەوە گوێیان لە هەڤاڵ مام جەلال بوو کە لەو بۆنەیەدا ووردەکاریەکانی ئەو گفتوگۆیەی نێوان (ی.ن.ك) و ڕژێمی بەغدای بۆ باس کردنو لەبەر لێشاوی چەپڵە ڕێزانی جەماوەر ڕستەکان ئەو خوتبەیەی دووبارەو سێ بارە ئەکردەوە.

ئالەو ڕۆژەدا کەوەفدی حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی عیزەت دووری بەچەند فڕۆکەیەك گەیشتنە شوێنی ئاهەنگەکە بەچاوی خۆیان ئەو کۆبوونەوە فراوانەی جەماوەریان بینی، کەلەئەندامانی ئەو وەفدە بیسترابوو،

کەڕژێم ناتوانێت لەناوجەرگەی بەغداداو بەو هەموو دەسەلاتەیەوە بەچوارییەکی ئەوخەڵکە لەبۆنەیەکی وادا کۆبکاتەوە، ئەگەر مەسەلەی گرتنو نان بڕینیش بەکار بهێنێ.[2]

---

[1] ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣١٥-٣١٦.

[2] . محمد نوری تۆفیق: کارەساتی مەنعی تەجەولی ١٩٨٥، ل.٧

لەگەڵ ئەمانەشدا جەماوەر لە ئاست زوڵم و زۆرداری رژێمی بەعس لەهیچ کات و ساتێکدا بێدەنگ نەبووە، هەر لەماوەی گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ك)و رژێمی بەعس، چەندین هەڵچوون و خۆپیشاندانی جەماوەری لە کوردستاندا روویدا، لەئەنجامی کارە نارەواکانی رژێم، یەکێك لەو کارانە روخاندنی پەیکەری (کاوەی ئاسنگەر) بوو لەساڵی ١٩٨٤ لە سلێمانی کە ئەم پەیکەرە لەلایەن (یاس سلطان) کە ئەوکاتە بەپرسی رێکخستنەکانی بەعس بوو روخێنرا، ئەمەش خەڵکی سلێمانی وروژاندو لەشوێنی رووداوەکە کۆبوونەوە، ئەم کارەیان بەسوکایەتی لەقەڵەمدا، یەکێك لە ئەندامەکانی ناو ریزەکانی رێکخستنی (ی.ن.ك) بەناوی (جەمال محەمەد خواکەرەم) بۆ هێورکردنەوەی خەڵکەکە هات و قسەی بۆ خەڵك کرد، لەناکاو رەبایەیەکی بەعس کەوتە وێزە خەڵکەکە، خەڵك خۆیان پێڕانەگیراو پەلاماری رەبایەکەیانداو دەستیان بەسەرداگرت و ژمارەیەك جاشیان کوشت.[١]

لەلایەکی ترەوە دەیان هەزار سەربازی راکردوو لەشارەکان بوون، دەیانویست لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە فشاریان لەسەر نەبێت و بەئاسودەیی لەناو شارەکان دابنیشن.[٢]

بەڵام دەزگاکانی رژێم بێ وویژدانانە کەوتنە گیانیان و ژمارەیەکیان لێ گوللەباران کردن، ئەم تاوانە بیروڕای گشتی خەڵکی

---

(١) جەمال شێخ نوری: س.پ. ل٢٨-٤٩.

(٢) شۆڕش حاجی رەسوڵ: س.پ، ل٤٨-٤٩.

وروژاند، چونکە پێش گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ك)و رژێمی بەعس زۆر کەسیان گوللەباران کردبوو کەس گلەیی لە (ی.ن.ك) نەدەکردو هیچ پەیوەندییەك لەنێوان (ی.ن.ك)و رژێمی بەعس نەبوو، بەڵام ئەو دەمە گەمەی گفتوگۆ بوو، خەڵك لۆمەی (ی.ن.ك) دەکرد.[1]

هەرچەندە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بۆ بەرژەوەندی کێشە گەورەکەی کوردستان و دروست نەبوونەوەی شەری کوردستان تارادەیەکی زۆرباش دانی بەخۆداگرت و چاوی لەهەندێ لەو پیلانانە ئەپۆشی، کەلەمەشدا رووبەرووی رەخنەو گلەیی و گازەندەی دۆستان و تانەوتەشەری ناحەزانیش بووەوە، بەتایبەتی لەلایەن حزب وگروپە کوردەکانی ناوخۆوکەسانی کورد لەدەرەوەی وڵات، بەڵام ئەوانەی هەموو کرد بەقوربانی مەسەلە گەورەکەو چەندین جار وەفدی (ی.ن.ك) لەرۆژە سەخت وترسناکەکانیشدا بەرەو پایتەخت ئەبونەوەو ژیانی خۆیان ئەخستە مەترسی دەزگا ئەمنی و جاسوسیەکانی رژێمەوە بەتایبەتی مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی.[2]

سەرەڕای ئەمەش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عیراق (مجلس قيادة الثورة). بڕیارێکی ئاراستەی وەزارەتی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی کرد کە دەبێت هەموو زانکۆو پەیمانگاکان ئاگاداربکرێنەوە، کەهەموو خوێندکاران جگە لە

---

[1] . نەوشیروان مستەفا: خولانەوەی لەناو بازنە، ل٢٩.

[2] . محمد نوری توفیق: ل٨-٩

خوێندکارانی دوواقۆناغی خوێندن کەئەوانە دەبووایە خۆیان بچوایەن بۆ سەربازی، بۆیە هەموویان خستە ژێر مەشقی سەربازییەوە بە سەرۆکایەتی زانکۆو پەیمانگاکانیشەوە. بەلام هەر لەسەرەتاوە ئەم بڕیارە بەتایبەتی لەلایەن خوێندکارە کوردەکانەوە بەتوندی بەرپەرچ درایەوە کە دەبوو مەشقی بەناو (جیش الشعبی)یان تەواو بکردایە.[(١)]

لەم کاتەدا خوێندکاران بەرپەرچی رژێمیان دایەوە، لە (١٢)ی مایسی (١٩٨٤) خوێندکاران لەسلێمانی کەوتنە مانگرتن و خۆپیشاندان لەبەردەم ئەنجوومەنی پارێزگاری (محافظیة)دا، بووبە تەقوتۆق (٣) خوێندکار کوژرا، بۆ رۆژی دوایی کۆمەڵێك خوێندکار لەبەردەم بارەگای (جەیشی شەعبی)دا کۆبوونەوە، لەئاکامدا شەڕ لەنێوان جەیشی شەعبی و خۆپیشاندەراندا دروست دەبێ، پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بۆ پیشتوانی لەخۆپیشاندەران تێکەڵاوی شەڕبوون، زیاتر لە (٢٠) جەیشی شەعبی بەزیندوویەتی لەسەربانی بارەگاکەوە هەوڵدابوونە خوارەوە، لەم کاتەدا مام جەلال لەبەغدا بوو، سەدام پێی ووت (لەسلێمانی شتێکی وا روویداوە، بەڵام نەمهێشتووە لێکۆڵینەوەو ئیجرائات وەربگرێ بۆئەوەی گفتوگۆ تێك نەچێ، چونکە ئەزانم سلێمانی شاری یەکێتییە،

---

(١) . محمد حاجی محمود: رۆژمێری پێشمەرگەیەك، باسی رووداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات (١٩٧٦- ١٩٩٦)، ب٢، ب.ش، ل ١٩٣.

رووداوی وەها لەسلێمانی نەبوایە لەکاتی گفتوگۆدا، لەهەر شارێکی تربقەو مایە شارەکەم لەدەریای خوێندا نقوم دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستی نەکردوو زۆر بەتوندی هەڕەشەی لەخوێندکاران کرد.[1]

لەرۆژی (١٩٨٤/٥/١٧) خۆپیشاندانی خوێندکاران بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆر لەجەماوەر دەستی پێکرد سەرەتا لەبەردەرەکی سەراوە بەرەو شەقامی بەنهدیخانە، هێزەکانی رژێم تەقەیان لەخۆپشاندەرەکان کرد لەئەنجامدا چەند کەسێك بریندداربوون، دوابەدوای ئەم رووداوە رژێم ژمارەیەك خویندکاری گوێزایەوە بۆ بەسرەو کوفە.[2]

ئەوەی شایەنی ئامارەیە کە ئەم خۆپیشاندانە تەنیا شاری سلێمانی نەگرتەوە، بەڵکو زانکۆی صەلاحەدین لەهەولێرو زانکۆی موصلی گرتەوە لەئاکامدا ژمارەیەك خوێندکار ناچاربوون دەست لەخوێندن بکێشنەوە، لەپەیمانگای تەکنیکی کەرکوك بەهەمان شێوە خۆپیشاندان کرا لەئاکامدا (٥٤) خوێندکار فەصل کران وە خوێندکاران سەردانی لیژنەی (تەنسیق لەنێوان رژێمی بەعس و یەکێتی پێك هاتبوون)، یەکێك لەنوێنەرانی (ی.ن.ك) بەناوی (ئەبو شەهاب) کە چاوی بەخوێندکارەکان کەوت و داوای لێ کردن بەردەوام بن لەمانگرتن و خۆپیشاندان، وە هێز بۆ پاراستنیان دابین

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] . نەوشیروان مستەفا: خولانەوەی لەناو بازنە، ل٣٣.

[2] . جەمال شێخ نوری: س.پ، ل٣٣-٣٤.

دەكات دوو سەیارە بەچەكەوە لەناو پەیمانگاكەدا سازبدەن، بەڵام هەندێ لەكادیرانی سیاسی (ی.ن.ك) بەم كارە رازای نەبوون بەبڕوای ئەوان ئەم كارە دەبێتە ئاڵۆز بوونی بارودۆخی گفتوگۆ، هەربۆیە ئەم كارە جێ بەجێ نەكرا.[1]

ئەو لایەنگرییە جەماوەرییەیان و بەرینەی (ی.ن.ك) دەكرا لەماوەی ئەو ساڵەدا هەموو ئەو لێپرسراوە حكومیانەی نیگەران كردبوو، بۆیە ئەو كەسانە بەهاوكاری دەزگاكانی ئەمن، ئیستخبارات،موخابەرات، لێپرسراوی ئیدارییەكان، بەكوردەكانیانەوە، سەرۆك جاشەكان و هەندێ لەدەسەڵاتە عەسكەریەكان و خەڵكانی دوژمن بەكورد بەتایبەتی و دەزگاكانی حزبی دەسەڵاتدارو ئەمانە هەموو لەلایەكەوە و ناجدیەتی رژێمی بەغداش لەلایەكی ترو موخابەراتە ئیقلیمیەكانیش لەولاوە، كەلەبەرامبەر ئەو حەماسە گشتیەی جەماوەری كوردستان ترسیان لێ نیشتبوو، ئەمانە هەموو لەسەرەوە و لەژێرەوە ئەونی پیلانێكی گەورە و ترسناكیان دارشت بۆ سەنگەرگرتنی ئەو دانوستاندنەی كەلەماوەی ساڵێك درێژەی هەبوو، بۆیە لەو ماوەیەدا بەپیلانی دارێژراوی هەموو دامودەزگاكانی رژێم لەبەغداو كەركوك و هەولێرو سلێمانی و شوێنەكانی تردا، دەستكرا بەتێكدانی ئەو دانوسانەو كەلەوساڵەدا چەندین پێشمەرگەی ئازاد نەبەرد بەپیلانی دوژمنان سەریان تیاچوو، لەوانە ملازم سەید كەریم و مامە ریشەوچەندین

---

[1] . محمد حاجی محمود: س.پ، ل١٩٥.

کادری لێهاتوو. ئەمە جگە لەگرتن و زیندانی کردن، دەرکردنی خوێندکارو کارمەندانی کورد لەزانکۆو پەیمانگاکان، بەتایبەتی تاقە زانکۆکەی ئەو رۆژگارەی کوردستان (زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر) و لەپەیمانگاکانی کەرکوك و بەغداو گوللەباران کردنی لاوانی کورد کەگوایە ریزەکانی سوپایان لەوسالەدا جێهێشتبوو، لەوانە پۆلە لاوێك لەتانجەرۆ لەسلێمانی و مەعسکەراتی رژێم لەکەرکوك وهەولێروبەغداو جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو کوردانەی کەلەلایەن مەحکەمەی بەدناوی (الثورة) حوکم درابوون.[1]

لەلایەکی ترەوە کۆمەلێك لەناو خەلکی کوردستان ببوونە جاش لەخزمەتی رژێمی بەعس کاریان دەکرد، کاتێکیش گفتوگۆ لەنێوان (رژێم– یەکێتی) دەستی پێکرد، ئەم جاشانە پێیان ناخۆش بوو، لەبەرژەوەندی خۆیان ئەترسان، بەلام رژێم هەرزوو ئاگاداری کردنەوە گفتوگۆ لەسەر لاشەی ئەوان ناکرێ بەلکو زیاتر گرنگیان پێ ئەدرێ، بەرژەوەندییەکان ئەپارێزێ.[2]

---

(1) . محمد نوری توفیق: کارەساتی مەنعی تەجول، ل٨

(2) . جەمال شێخ نوری: س.پ، ل٢٤.

هەوالنامەی کتێب

## هەڵوێستی پارتە سیاسیە کوردیەکان بەرامبەر بە دانوستاندن

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکاتی گفتوگۆدا لەژێر فشاری حیزب و لایەنەکانی وەك(پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) دا بوو، ئەم سێ حیزبە بەرەکیان پێك هێنابوو بەناوی بەرەی(جود) بەندو بالۆرەی ئەوەیان بۆ(ی.ن.ك) لێ دەدا،کە گوایە(ی.ن.ك) هەرلەزووەوە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس دا هەبوەو ئێستا ئاشکرای کردوە، دەیان ووت(یەکێتی بەتەواوی بۆتە بەشێك لەڕژێم و هیچ دەسکەوتێك بۆ کورد بەدەست ناهێنێ) لای ئێران و سوریا ولیبیاش هەربەهەمان زمان قسەیان لەسەر (ی.ن.ك) دەکرد[1]

لەلایەکی دیکەشەوە بەکردەوە هەوڵیاندا گفتوگۆکە تێك بدەن بۆئەوەی دوو دڵی بکات چەند مەفرەزەیەکی چەکداریان ناردە خوارەوە تا ئەوە دەربخەن کە (ی.ن.ك) ناتوانێت ئارامی لە کوردستاندا دابین بکات.[2]

لەم ڕووەوە ئەگەر هەڵوێستی هەریەکە لەحیزبەکان وەربگریت بەرامبەر بە گفتوگۆ هەڵوێستێکی دژانە بەدی دەکەن. لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتر گفتوگۆی لەگەڵ بەعسدا هەبووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی باشی نەبووە بۆڕژێم وە بۆ کوردیش. هاوکات یارمەتی ئێرانیشی داوە بۆ گرتنی حاجی

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) –شۆڕشی حاجی ڕەسوڵ:س.پ،ل ٤٨

(2) –ڕێباز:س.پ، ل٩٤

ئۆمەران، هەربۆیە صدام حسین ئەم گورزەی لەبیر نەکردو تۆڵەی ئەم کارەی لەکەسانی بێ چەك و بێ دەخلی هۆزی بەرزانی کردەوە لەو خەڵکانەی سەرەتا لەساڵی (١٩٧٥) دا لەدۆڵی بەرزان دوور خرانەوە پاشان لەساڵی(١٩٨٠) دا لە ئۆردگای قوشتەپەی خواروی هەولێر نیشتەجێ بوون. حکومەت هەر بەمەوە نەوەستایەوە لەسپێدەیەکدا سەربازانی ڕژێم ڕژانە ناو ئۆردوگاکەو ژمارەیەکی زۆر بارزانی نزیکەی (٨٠٠٠) کەس دەبوون لەساڵی (١٩٨٢) ئەنفال کران هەربۆیە پارتی ئەمەی کردە بیانویەك و دژی گفتوگۆکە وەستان.[1]

حیزبی شیوعی عێراق بەهەمان شێوە ڕای وابوو کە(ی.ن.ك) بەهێزبێت خەڵکی ڕوو لەم حیزبە دەکەن بۆیە خۆی بەمیراتگری زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا دەنا.

لەسەرەتادا کاتێك (د.قاسملۆ) لەسەرەتای (١٩٨٢) چوەلای یەکێتی بۆ گفتوگۆ مام جلال نامەیەکی بۆ سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق (عزیز محمد) نارد بەمەبەستی بەشداری کردنیان لەگفتوگۆدا، بەڵام حیزبی شیوعی داواکاریەکەیان ڕەتکردەوەو ڕایان گەیاند کەشتێکی هاوبەشمان نیە لەگەڵ صدام حسین

هەواڵنامەی کتێب

(١) دیڤد ماكداول:س.پ،ل ٧٢١

گفتوگۆی لەسەر بکەین. بەم جۆرە دژی گفتوگۆکە بوەوەو یەکێتی یان بەهەڵخەڵەتاوزانی.[1]

حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەهەمان شێوە دژبە گفتوگۆ بوون، لەکاتێکدا پێشتر خۆیان گفتوگۆیان لەگەڵ ڕژێم سازداوە، جگە لەوەی سۆسیالست یەکێك بوو لەحیزبەکانی بەرەی (جود) لەگەڵ حیزبی شیوعی وپارتی دیموکراتی کوردستان، هەموویان یەك هەڵوێست لەم بەرەیەدا بەهەموو شێوەیەك دژی گفتوگۆ وەستان.

ئەگەر سەیری هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەین، دەبینین چونکە خەباتی ئەم حیزبە وابەستە بەپشتیوانی عێراق، بۆیە ئەوان زۆرلایان پەسەند بوو، کە مام جلال بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد بچێت بۆ بغدا، و گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بکات. ئەم حیزبە ڕۆڵی دیاریان گێڕا بۆ دروست کردنی زەمینە بۆ گفتوگۆ، وەك ناوبژیوان دەرکەوتن.[2]

لەو ماوەیەدا دەیان هەزار کەس سەردانی مام جلال و ئەندامانی تری سەرکردایەتیان کرد، لەناو ئەوانەدا بەسەدان ڕۆشنبیرو شارەزایان تێدابوو بیرو ڕاو پێشنیاری باش و بەکەڵکیان پێشکەش دەکرد. لەڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢١ فەرەیدون دارتاش، کامیل

---

[1] ئەحمەد بانی خێلانی:س.پ،ل ٤٤٤ ، بۆ دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

[2] دیڤد ماکداول:س .پ،ل ٧٢٢

ئەحمەد، خالید سەرکار، کە هەرسێکیان لەیەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بوون، چونە زیخان و بەڕێکەت شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەوێ دەبێ. هونەرمەندەکان پێشنیاریان کرد یەکێتی بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی جود دەست پێشکەری بکات. بەتایبەتی کەیەکێتی لەهەڵوێستێکی بەهێزدایە، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ناوبژیوانی و هاتووچۆی نێوان هەردوولا.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) پێیان باش بوو لەڕێگەی (حشع)ەوە ووتو وێژ لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود بکەن، چونکە بارەگای حیزبی شیوعی لەناو خاکی عێراقدابوو. نوێنەرانی(ی.ن.ك) بەئاسانی و بێ هیچ گیرو گرفتێك دەیانتوانی بگەنە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی. بەڵام بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو خاکی ئێراندا بوو لەگوندێکی نزیك وورمێ. حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بەهەمان شێوە بارەگای سەرکردایەتی یان لەناو خاکی ئێران بوو، پەیوەندی توندو تۆڵیان هەبوو لەنێوان (ئێران و پارتی–ئێران و سۆسیالیست) لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئێران و (حشع) دا نەبوو. (حشع) هیچ گوشارێکیان لەلایەن ئێران نەخرابوە سەر. لەچاو بەرەی جوددا لەهەموویان زیاتر پێویستی بەوە هەبوو دەرەتانی گەڕانەوەی کوردستانی عێراقی لێ بکرێتەوە.[1]

---

[1] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناو بازنە،ل ١٦–١٧

هەربۆیــــە لــــە ١٩٨٤/١/١٥ شــــاندێکی(ی.ن.ك) بــــەناوی نوســـەرانەوە کـــەپێکهاتبون لە(حەمــەی حەمــەباقی و فەرەیــدون دارتاش و محمد موکری) چون بۆ(کەرەژاڵ) نامەیەکی مام جلال و نامەیەکی مەکتەب سیاسی(ی.ن.ك) یان برد بۆ مەکتەبی سیاسی (حشــع). داوای تازەکردنــەوەی پەیوەنــدیان دەکــرد هــەردوو نامەکـەیان بەبروسـکە نـارد بـۆ مەکتـەبی سیاسـی کـە ئـەو کاتـە (بەرزان) بوو، ( ئەحمەد بانی خێلانی ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حشع) داوای لە وەفدەکەکرد کەخۆیان نامەکە بگەیەنن بۆمەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی، چونکە بۆ ئەوان هاتوو چۆ ئاسانتر بوو. حزبی شیوعی ئەوەیان ڕاگەیاند کەپێیان باش نیە لەدوای شەڕی پشــت ئاشــان، تازەکردنــەوەی پەیوەنــدی نێــوان(ی.ن.ك و حشــع) لەمەڵبەنـدی سـلێمانیەوە دەسـت پێبکـات و وایـان بـەباش دەزانـی ڕاسـتەو خـۆ وەفدەکـە بڕواتـە بارەگـای مەکتـەبی سیاسـی حزبـی شیوعی.[1]

وەفدی(ی.ن.ك) دوای گەڕنـەوەیان لـە کـەرەژاڵ لـە ١٩٨٤/١/٢١ فەرەیـدون دارتـاش و محمــەدی حەمــەی بـاقی چــون بـۆ بـارزان، کـەبارەگای مەکتـەبی سیاسـی (حشـع) ی لێبـوو چاویان بەچـەند بەرپرسـێکی حیزبـی شیوعی کـەوت. (حشـع) داوای ئـەوەیان کـرد کە(ی.ن.ك) پێویستە داوای لێبووردن بکات لەبەرامبەر ئەو تاوانە

---

[1] ئەحمەد بانیخێلانی: س.پ، ل٥٠٦

گەورەیەی لەپشت ئاشان بەرامبەر (حشع) کردبویان بەڵام (ی.ن.ك) رازی نەبوو[1].

ئەم هەوڵانەی (ی.ن.ك) بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ بەرەی (جود) سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو چەندین شەڕوپێکدادان لەنێوان (ی.ن.ك)و(جود) دا روویدا. لەتەمموزی ١٩٨٤ هێزێکی (حشع) و (حسك) کەژمارەیان (٢٠٠)پێشمەرگە دەبوون، لەبادینان بەرێکەوتن و گەیشتنە دەوروبەری شەقڵاوە. هێزێکی (ی.ن.ك) لەتیپی (٩١ی سەفین) پێشیان لێگرتن لەدەوروبەری گوندی زێیادۆك شەڕ دەستی پێکرد، لەئەنجام دا چەند پێشمەرگەیەکی هەردوولا شەهید بوون. ئەمە یەکێکی تر بوو لەشەڕەکانی نێوان (ی.ن.ك)و(جود)[2].

لەلایەکی دیکەشەوە بەرەی(جود) بەهەمان شێوە دژ بەگفتوگۆ بوون لەکاتێکدا (ی.ن.ك) یەکێك بوو لەبەرەی جوقد. لەبەیانێکدا لەرۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٥ دەریان کرد لەژێر ناوی (حول مفاوضات المذلة التی أقدم علیها الآتحاد الوطنی الکردستانی مع النظام الفاشی العمیل فی العراق). هەر بۆیە (ی.ن.ك) ئاگاداری جوقدی کردەوە، کەگوایە ئەم گفتوگۆیە هیچ زیانێکی بۆ جوقد نییە[3].

---

(١) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناو بازنە، ل١٨

(٢) رێباز: س.پ، ل٩٧

(٣) نەوشیروان مستەفا:- خولانەوە لەناو بازنە، ل١٥

سەرەڕای ئەمانەش نوێنەرانی (ی.ن.ك) لەدەرەوەی وولات نارازی بوون پەیتاپەیتا نامەیان دەناردو نارازی بوونی خۆیان بەمەکتەبی سیاسی رادەگەیاند. لەنێو ریزەکانی (ی.ن.ك)دا ناکۆکی و ململانێی توند هەبوو. هەندێ لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی لەگەڵ وەفدەکانیش دەچوون بۆ بەغداو لەگفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا بەشداربوون کە لەپاشملەو لەنێوان دۆستانی خۆیاندا نارەزایی وگلەییان لەگفتوگۆ دەکرد گوایە باش نییە[1].

دیارترین نموونە (ئالای شۆڕش) بوو، مەلا بەختیار لەم رێکخراوە نهێنیە بوو. لەکاتێکدا ئەم رێکخراوە لەچەندین ئەندامو لێپرسراوەکانیان ئەندامی سەرکردایەتی(ی.ن.ك)و پێشمەرگەو کادێری یەکێتی بوو. ئەوانیش لەبلاوکراوەکانیاندا لەناو خەڵك تیروتوانجیان لەیەکێتی دەدا[2].

---

[1] ئەرسەلان بایز: س.پ، ل٣٢٠

[2] شۆڕش حاجی رەسول:س.پ، ل٤٩

## هەڵوێستی دەوڵەتە ناوچەییەکان بەرامبەر دانوستاندن

هەریەکە لە دەوڵەتانی (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا) پارچەیەکی کوردستانیان داگیرکردووە. بەردەوام رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم دەوڵەتانەش لە هەوڵی توانەوەی کوردا بوون، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ لەبەردەم بەرژەوەندیەکانیاندا. کاتێك عیراق توشی بارێکی ئاڵۆزی هات و گفتوگۆی لەگەڵ (ی.ن.ك)سازدا کە بزووتنەوەیەکی کوردییە، هەریەکە لەم دەوڵەتانە بەشێوەیەك دەیانڕوانیە ئەم گفتوگۆیە. تورکیا ئەوکات چاکسازییەکی بەرووکەش بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی یاخیبووەکانی خۆی واتە ئەو کۆمەڵەی دژی حکومەتی تورکیا کاروچالاکیان دەکرد لەودیو سنووری خۆی دەستپێکرد. بەپێی رێکەوتنامەیەك کە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ عێراق مۆریکردبوو، تورکیا مۆڵەتی پێدرابوو بۆ هاتنە ناو خاکی عێراق. تورکیا لەم هێرشەدا هێزی زەمینی و ئاسمانی بەکارهێنا (١٥٠٠) کەسیان بەدیل گرت کە زۆربەیان هاووڵاتی گوندەکان بوون. زیانێکی زۆریان بە دوژمنانی بەغدا گەیاند، واتە نەیارانی رژێم ئەوانەی هەوڵی روخاندنی حکومەتی عێراقیان دەدا.[(١)]

جگە لەمەش تورکیا دژی گفتوگۆ وەستایەوە، چونکە ئەم گفتوگۆیە لەلایەك دژی دەستکەوتەکانی بوو، لەلایەکی دیکە نەیدەویست کورد ببێتە خاوەنی مافی خۆی، هەربۆیە لەکاتی سەرگرتنی گفتوگۆدا هەڵدەستێ بە سنووردارکردن و بەستنی رێگەی هاتوچۆی نێودەوڵەتی زاخۆ، بەستنی لولە نەوتەکان، کەتەواوی هاوردەی نەوتی عێراقی پێدا

---

(١) داڤید ماکداول: س.پ، ل٧١٨-٧١٩.



هەولێرنامەی کتێب

دەڕۆشت، ساڵی ١٩٨٤ بەساڵێکی دژوار دادەنرێت بۆ تورکیا. لەمانگی ئابی ١٩٨٤ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) خەباتی چەکداری خۆی راگەیاند، ئەمیش کەوتە راوەدونانیان لە سنووری عێراق.[١]

تورکیا هەوڵیدا گفتوگۆ بەئاقارێکی تردا بەرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی ئەرکانی هێزی تورکیا گەیشتبووە بەغداو ئاگاداری رژێمی کردەوە بۆ پاشگەزبوونەوە لە رێکەوتنی لەگەڵ (ی.ن.ك) و پێیڕاگەیاندن کە ئەم دانوسانە کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی کوردی چەکداری تورکیا دەبێت. ئەم کارەی تورکیا بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گفتوگۆ و لەباربردنی مافەکانی گەلی کورد.[٢]

لەماوەی گفتوگۆدا حکومەتی ئێران لەبەرەکانی شەڕدابوو لەبەرامبەر رژێمی بەعس. ئێران پەیوەندی لەگەڵ (ی.ن.ك) و پارتی لەبارێکی گرژیدابوو. ئێران پاش ئەوەی هێزەکانی پاشەکشێ پێکرد، دەستی بە هەڵمەتێکی پێچەوانە کرد. هەرچەندە ناوەندی سەرنجی ئێران شیعەکانی خواروی عێراق بوون، جارێکی دیکە ئێران بڕیاریدا بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە کوردستان بکاتەوە. لەمانگی تەموزدا بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان شاری حاجی ئۆمەرانی سەر سنوری گرت.[٣]

---

[١] کریس کۆچێرا: س.پ، ل٧٣.

[٢] صلاح الخرسان: م.س، ل٤٢٣.

[٣] دیڤد ماکداول: س.پ، ل٧١٩.

حکومەتی ئێرانیش دژ بەم گفتوگۆیە وەستا، هاشمی رەفسنجانی (سەرۆك وەزیری ئەو کاتەی ئێران). بەئاشکرا لەووتارێکدا دژایەتی ئێرانی دەربڕی بۆ گفتوگۆ کەو هێرشی توندی کردە سەر.[1]

سوریا کەدۆستێکی دێرینی (ی.ن.ك) کاتێك بەگفتوگۆکەی زانی بەئاشکرا لەسەری نەدوا، زۆر پێی نیگەران بوو وای دادەنا کەغافلگیرکرابن، چونکە پێشتر ئاگادار نەکرابوون و لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بیستبوویان. ئەمەش هەڵەی نوێنەرەکانی یەکێتی بوو لەسوریا، چەند مانگێك پێش دەست پێکردنی گفتوگۆکە، سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئاگاداری نوێنەرانی خۆیان کردبوو کەبەکاربەدەستانی سوری لێ ئاگادار بکەنەوە، بەلام نوێنەرانی یەکێتی پێیان رانەگەیاندبوون هەر بۆیە لەم گفتوگۆیە رەزامەندنەبوون.[2]

هەولێرنامەی کتێب

---

(1) دیڤد ماکداول: ه.پ، ل٧١٨

(2) نەوشیروان مستەفا:خولانەوە لەناو بازنە، ل١٥

# نیازەکانی بەعس لەم دانوستاندنەدا

لەدوای سیانزە مانگ لەگفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و ڕژێمی عێراق، دوای دەیان دانیشتنی دوورو درێژو بگرەو بەردە، دوای سەفەری چەندین جارەی نوێنەرانی یەکێتی بۆ بەغداو هاتنی نوێنەرانی ڕژێم بۆ کوردستان. ڕژێمی بەعس ئامادەنەبوو دان بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردا بنێت، دەیویست گفتوگۆ هەر بەردەوام بیٚو ئاسنی سارد بکوتن[1].

بەم کردارەی بەعس گومان لەلای (ی.ن.ك) دروستبوو بەرامبەر بەم گفتوگۆیە، کە لەکاتێکدا حکومەتی بەعس مەبەستی بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو نەك دەستەبەرکردنی مافی کورد. بەعس سازدانی گفتوگۆی کردە هەلێك بۆ چاکردنەوەو نویٚ کردنەوەی ئامێرو کەرەستە جەنگیەکان‌و تەقەمەنی، و ڕێکخستنەوەی هێزە جۆراوجۆرەکانی سوپایی‌و ئاسمانی‌و ئالیاتی عەسکەری‌و ڕێکخستنەوەی هێزە پەرش‌و بڵاوەکان‌و پڕکردنەوەو دروست کردنەوەی ئەو کەرتە عەسکەرییە ئیستخباراتیانەی لەناوچون‌و پەرتەوازە بوون[2]. هەروەها لەلایەکی دیکەوە بەعس دەیویست ئەم گفتوگۆیە بکاتە هەڕەشەیەك بۆ تورکیاو ئێران بەوەی کە ئەم مافی کوردی داوەو کوردستانی عێراق دەبێتە بنکەی ئەو وولاتە، بەوەش ئەو دەوڵەتانە ناچار بکات

---

(1) . ئەرسەلان بایز: س. پ، ل٣٣٦.

(2) . سوارە: س. پ، ل٧.

پەیوەندی بەڕژێمەوە بکەن و ڕێککەوتنی نوێ لەنێوان خۆیاندا تازە بکەنەوە دژی کوردەکان بوەستنەوە[(١)].

لەلایەکی دیکەش دەیویست کورد ناچار بکات لەگەڵ عێراقدا جیانەبێتەوەو هەموو ئەو ناوچانەی نەوتیان تێدایە لەئۆتۆنۆمی دابڕێ، کوردی تێدا نەهێڵێ، بەو بیانووەی ئەو ناوچانە سامانی سروشتی تێدایەو موڵکی هەموو گەلی عێراقە دەبێت بەدەست دەسەڵاتی ناوەندیەوە بێت. دەیویست هەموو ئەو ناوچانەی کە بۆ پاراستنی سنوری عێراق و بەغدای پایتەخت دانراوە لەئۆتۆنۆمی دابڕێت و کوردی تێدا نەهێڵێ و وە ئەو ناوچانەی سوودی کشتوکاڵی زۆرە بەهەمان شێوە لەئۆتۆنۆمی دابڕێ بەبیانوی دابینکردنی گوزەرانی جوتیارانی خوارووی عێراق، هەروەها لەهەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی کورد لەچاو عەرەبدا[(٢)].

جگە لەمانەش ڕژێمی بەعس دەیوست بەشێوازێك لەشێوازەکانی دیواری نائومێدی لەنێوان یەکێتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دروست بکات، دیارە یەکێك لەو شێوازانە شێوازی ڕاکێشانە بۆ سەر مێزی ووتوێژ چونکە بەعس باش دەیزانی کەچۆن مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەکات[(٣)].

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) .

(٢) . نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنە، ل ٧٥- ٧٦.

(٣) . جەمال شێخ نوری:- س. پ، ل٢٤.

لەلایەکی تریشەوە بزووتنەوەی کوردایەتی هەمیشە لەباڵێك زیاتر پێك هاتووە. هەر کاتێك ڕژێم لەگەڵ هەریەکە لەپارتە کوردییەکان گفتوگۆی ساز بدایە بەدڵنیاییەوە مەبەستی دروست بوونی دووبەرەکی و شەڕی براکوژی بوو، لەو دەمەشدا کە گفتوگۆی لەگەڵ (ی.ن.ك) کرد مەبەستی ئاڵۆزکردنی پەیوەندی (ی.ن.ك) بوو لەگەڵ پارتە کوردییەکان[1].

لەهەمان کاتدا هەوڵیدا زۆربەی کادیرە بەتواناکانی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) لەناوبەرێ، مەبەستی لەو کارەش دروست کردنی بۆشایی سیاسی بوو لەناو بزووتنەوەکەدا. دیارترین نمونەش شەهید کردنی (سەید کەریم) بوو لەلایەن جاشەکانی ڕژێمەوە[2].

جگە لەمانەش سەدام دەیویست لەلایەك ئاڵۆزی بخاتە نێوان (ی.ن.ك) لەگەڵ لیبیاو سوریا، کە بەیارمەتیدەرێکی سەرەکی دادەنران بۆ (ی.ن.ك)، لەلایەکی دیکەش دەیویست درز بخاتە پەیوەندی نێوان ئێران لەگەڵ پارتە کوردییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی چونکە بەیارمەتیدەری ئێران دادەنرا. کە لەکاتێکدا لەهاوینی (١٩٨٣) پارسەنگی هێز بەلای ئێراندا بوو، و پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکاری کردن بۆ

---

(١). سوارە: س. پ، ل٨.

(٢). جەمال شێخ نوری: س. پ، ل٢٧.



هەواڵنامەی کتێب

گرتنی حاجی هۆمەران کە ئەمە وەك هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی ڕژێم[1].

بەغدا دەیویست لێبوردنێکی گشتی تەنیا بۆ ئەندامانی (ی.ن.ك) ڕابگەیەنێ، نەك ب پارتەکانی دیکەو بەتایبەتی نەبۆ ئەحزابی شیعە، بەغداد دەیویست لەناو (ی.ن.ك)دا نوێنەران بۆ بەشداری لەحکومەت هەڵبژێرێت. لەکاتێکدا یەکێتی دەیویست کە ئەم کەسانە بەشێوەی دیموکراتی لەلایەن خەڵکەوە دیاری بکرێت.[2]

هەربۆیە بەعس توانی بەبەکارهێنانی ئەو سیاسەتە نیازەکانی خۆی بەدی بهێنێت بەم شێوەیە:-

١. لەماوەی ئەو ساڵەدا هێزەکانی دەست بەتاڵ دەبوون بەرامبەر بەهێزەکانی ئێران.

٢. نەمانی ئەو مەترسییەی لە سەریان بوو لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە کە لێی بدات.

٣. بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ.

٤. دامەزراندنی دەیان فەوجی سوك (افواج الخفیفە).

٥. ئارامی ڕێگای هاتوچۆی هێزەکانی بۆ ناوچە سنوورییەکان.

---

(١). دیڤد ماکداول: س.پ، ل٧٢١.

(٢). کریس کوچێرا:س.پ، ل.٧

**٦. ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیدا.** [1]

**هەموو ئەمانە تەواوی نیازەکانی بەعسمان بۆ دەردەخات.**

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) . ڕێباز:– س. پ، ل٩٤.

## هۆیەکانی سەرنەکەوتنی دانوستاندنەکە

کاتێك بەعس گفتوگۆی لەگەڵ (ی.ن.ك)دا سازدا، مەبەستی نەبوو داواکاریەکانی کورد جێبەجیٚ بکات، بەڵکو دەیویست سیاسەتی نەشەڕو نەئاشتی بگرێتە بەر بەقسەی خۆش (ی.ن.ك) سەقاڵ بکات بەگفتوگۆوە، بۆ ئەوەی شەڕ نەبێتەوەو هێزەکانی بەشەڕی کوردستان خەریك نەکات تاکو هەموو توانای سوپای عێراق ئاراستەی ئێران بکات. یەکێتیش لەمەرامی بەعس گەیشتبوو دەیزانی حکومەت هیچ بەکورد نادات، بۆیە لەو ماوەی گفتوگۆیەدا کەوتە ڕێکخستنی هێزەکانی، و هەوڵی دانانی پیلانی جەنگی دەدا بۆ شەڕ دوای گفتوگۆ.[1]

وەك لەپێشەوە ئامارەمان پیٚ کرد لەکاتی ووتوێژدا ڕژێمی عێراق ئاگاداری جاشەکانی کردبوو کە ئەوەندەی بۆیان ئەکریٚ دەست لەپێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) بوەشێنن. ئەمەش بوو بەهۆیەك بۆ ساردکردنەوەی ڕەوتی گفتوگۆو بەگژا چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك)و جاشەکان[2].

فشاری ڕژێم لەسەر خەڵك بۆ کردنیان بە (جەیشی شەعبی)و بەعەرەب کردنی کوردستانو بەبەعسی کردنیان لەلایەكو گوللە باران کردنی کۆمەڵێك لاوی کوردی بێتاوان بەبیانووی ئەوەی سەربازی هەڵهاتوون (عەسکەری فیرار) لەلایەکی تر، خۆی لەخۆیدا بووە هۆی دروست بوونی گیچەڵ لەبەردەم ڕەوتی گفتوگۆدا.[3]

---

[1] ئەرسەلان بایز: س.پ، ل ٣٢٩.

[2] جەمال شێخ نوری: س. پ، ل٤٣.

[3] نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنە، ل٢٩.

پاشەکشەوپاشـــگەزبونەوەی حکومـــەتی عێـــراق لـــەگفتوگۆدا، لەئـــەنجامی گوشـــاری حکومـــەتی ئـــەو ســـەردەمانەی تورکیـــادابوو، کەژێربـــەژێر ئەنقەرەوبەغـــدا ڕێککـــەوتنێکی نهێنیـــان ئیمزاکردبـــوو، کەلەدوایـدا هەنـدێ لەبەنـدەکانی ئـەو ڕێکەوتنامەیـە ئاشـکرا ئـەکران و چەند بەندێکی تریشی تائێستا ماوەتەوەو ئاشکرا نەکراون.[1]

وەفـدێکی تـورکی لەئـەیلولی (١٩٨٤)دا گەیشـتە بەغـدا. ئـەوەی لەماوەی گفتوگۆدا دەستەبەریان کرد بوو بۆ کورد، تورکیا وێرانی کرد، و ئەو گفتوگۆیەیان بەهەڕەشە دەزانی لەسەر ئاسایشی نەتـەوەیی تـورك. هەربۆیـە ووردە ووردە عێـراق کەوتـە پاسـاو هێنانـەوە بـۆ دواخسـتنی داواکارییەکانی کورد.[2]

مام جـەلال دەڵـێ: ڕۆژی سێ شـەممە لەبەغدابووم، بڕیاربوو ڕۆژی شەممە ڕێککەوتنەکە ئیمزابکـەین، لەکاتی ئیمزاکردنەکە هـات و دەبوایـە ئیمزا بکردایە، بەڵام (عزەت دووری) بەپەشۆکاوی هـات و ووتـی هەندێ مەسەلە ماوە گفتوگۆی بکەین و بۆیە دوای دەخەین.

مام جەلال دەڵێ: بەعزەت دووریم ووت بەڵام ئەم شتانەمان هـەمووی گفتوگۆ کردووە. لەسەری دەڕواو دەڵێ:

مـن تـوڕە بـووم و پرسـیم: ئەمـە ئیشـی تورکەکانـە؟ (لەوکاتـەدا وەفدێکی تورك لەبەغدابوون). تورکەکان هاتن و ئەوەی کە ئێمـە لـەماوەی یـەك سـاڵی تـەواودا بنیاتمـان نـا، ئـەوان وێرانیـان کـرد. عیـزەت دووری وەڵامـی دامـەوە: "بـەڵێ تـورك و ئـەمریکای شـەیتان". مام جـەلال دەڵـێ:

---

[1] محمد نوری تۆفیق: کارەساتی مەنعی تەجەولی ١٩٨٥، ل٦

[2] کریس کۆچێرا: س. پ، ل٧٢.

هەولنامەی کتێب

پاشان راستیەکەم لەئەمریکیەکان پرسی، وتیان: "عێراقیەکان درۆیان کردووە، ئێمە هەمیشە لەهەوڵی پەیداکردنی ڕێگەیەکی باشتردا بووین". چەند ڕۆژێك دوای ئەمە مام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردستان و کۆتایی بەدانوستانەکە هات.[1]

ئەم هەڵوێستەی عێراقیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەدووڕێگەوە پێویستی بەتورکیا بوو:-

یەکەمیان:- بۆ دابینکردنی مەسرەفی جەنگی ئێران، لەو کاتەدا تەنیا ڕێگای ناردنی نەوت لەلولەکانی تورکیا بوو، لولەکانی سوریا لەمێژوو بوو داخرابوو، هێشتا لولەکانی سعودیەش تەواو نەبووبوو.

دووەمیان:- تورکیا ڕێگایەکی گرنگی ترانزێتی کەل و پەلی ئەوروپا بوو، هەم لەڕووی نەوت و هەم لەڕووی ترانزێتی بازرگانی قازانجی زۆریان دەکرد، وەتوانی بەم دوو ڕێگەیە وا لەڕژێمی بەعس بکات پاشەکشە لەگفتوگۆو بەندەکانی کەلەسەری ڕێکەوتبوون بکات.[2]

لەلایەکی دیکەوە ئەمریکاش لەڕۆژی (٢٧/ ١١/ ١٩٨٤)، کەوتە یارمەتی دانی عێراق، و هەوڵیدا پەیوەندی پێوە بکات، لەدوای ئەوەی کەلەساڵی (١٩٦٧) پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا نەمابوو، هەر لەهەمان ڕۆژدا (تاریق عەزیز)ی وەزیری دەرەوەی عێراق لەکۆشکی سپی لەئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا (ڕۆناڵد ڕیگن) کۆبوونەوەو ڕێکەوتن لەسەر یارمەتی دانی ئەمریکا بۆ عێراق لەهەموو ڕوویەکەوە.[3]

---

(١) کریس کۆچیرا: س.پ، ل٧١-٧٢

(٢) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنە، ل٨١.

(٣) محمد حاجی محمود: س. پ، ل٢٢٥.

هەولێنامەی کتێب

هەروەها (رامسفیڵد) وەزیری بەرگری ئەمریکا سەردانی بەغدادی کردەوە پێی ڕاگەیاندن کەئەمەریکا یارمەتی عێراق دەداتو ناهێڵێ بڕوخێت. بەمەش سەدام پشت ئەستوور بوو دەیزانی دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەمریکای لەپشت بێت هەڕەشەو مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی دوور دەخاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە پشتگیری وولاتە عەرەبیەکان بۆ عێراق وپڕچەك کردنی عێراق لەلایەن هێزە گەورەکانی وەك فەرەنساو رووسیاو بەریتانیاو ئەڵمانیا زیاتر وای لەحکومەتی عێراق کرد پشت ئەستوربێتو گوێ بەداواکارییەکانی (ی.ن.ك) نەداتو پشتیان لێ بکات.

سەرەڕای ئەمانەش هەندێ مەسەلە هەبوون، ڕژێمی بەعس بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو سازش لەبارەیانەوە بکات، یەکێك لەو مەسەلانە چارەنووسی شاری کەرکوك بوو، کەهیچ کاتێك سەدام بەوە ڕازی نەدەبوو بستێك خاکی کەرکوك بدات بەکورد، هەر لەسەرەتای گفتوگۆکەشدا بەم جۆرە باسی لەم مەسەلەیە کردبوو ووتبووی:"کەرکوك نەشاری کوردەو ناشاری عەرەب بەڵکو شارێکی عێراقە". لەکاتێکیشدا عەرەبی تێدا نیشتەجێ دەکردو کوردەکانی لەو ناوچەیە ڕادەگوێزراو شێوازی توندو تیژی بەکار دەهێنا بەرامبەریان.

# لایەنە باش و خراپەکانی گفتوگۆ

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی لایەنی باشەو خراپەی گفتوگۆ لێك بدەینەوە دەتوانین بەچەند خاڵێك لەهەریەکەیاندا کۆی بکەینەوە:

## لایەنە باشەکانی گفتوگۆ:-

١-پەرەپێدان و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.

٢-بوژانەوەو پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) بە کۆمەڵەو شۆرشگێڕانەوە لەو ماوەیەدا توانیان لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشە بەخۆیان بدەن و بەهەزاران ئەندام لە ریزەکانی خۆیاندا ڕێك بخەن.

٣-پەرەسەندن و گەشەسەندنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان.

٤-بەرەسمی هێنانەوە کایەی مەسەلەی کورد لە عیراقدا، کە دەولەتی عیراق ناچارکرا مانەوەی مەسەلەی کوردو پێویستی چارەسەرکردنی سیاسیانەی مەسەلەکە جارێکی تریش بسەلمێنێتەوە.

٥-پاراستن و گەشەپێدانی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان. لەماوەی ئەو ساڵەدا خەڵکی لادێکان بۆ ماوەیەك پشوویاندا، دووربوون لەزەبرو زەنگی ڕژێم، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئابلۆقە ئابوریەی لەسەریان بوو لابرا، بەئاسانی پێویستییەکانی ژیانیان دەست دەکەوت.

هەواڵنامەی کتێب

٦-رزگاركردنی شۆڕش و (ی.ن.ك) لەو تەنگاویو تەنگو چەلەمەیەی تێی کەوتبوون کە لەهەموو لایەکەوە شەڕیان بەسەردا سەپێنرابوو.

٧-کوردستانی عێراق بووە بنکەیەکی شۆڕشگێڕ بۆ بۆ هێزەکانی کوردستانی ئێران و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری ئێران.

٨-شلەقاندنی گۆمی مەنگی جەماوەری بەهۆی گفتوگۆکردنەوە سەبارەت بە:

ا-شکاندنی سامو هەیبەتی بەعسو روخاندنی دیواری ترسو تۆقاندن.

ب-پەیدابوونو بوژانەوەی هیوای ماف سەندنەوە و ئومێدی سەرکەوتن لەناو جەماوەردا.

ج-هەستکردنی جەماوەری شارەکان بەوەی کەهێزێکی وەك (ی.ن.ك) پشتیوانیانەو لەسەریان هەڵدەداتیٚ.

د-لاچوونی مۆتەکەی کوشتوکوشتارو گرتنو دوورخستنەوەو ئازاردان لەسەر سنگی خەلك لەسەرەتای گفتوگۆوە.[1]

٩- گفتوگۆ بووە هۆی پشودان بۆ هێزەکانی (ی.ن.ك) کەماوەی (٨) ساڵ بێ وەستان لەشەڕدا بوون لەگەڵ بەرەی جود لەلایەكو ئێرانو عێراق لەلایەکی دیکەوە. ئەم ماوەیە هەلێك بوو بۆ

---

[1] . یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەل میری، ل٧٥-٨٤.

چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان و ناردنە دەرەوەی ئەوانەی برینەکانیان سەختە.

١٠- ناسینی دەسەڵاتی دوژمن و باشتر شارەزابوون لەتواناو هەڵوێستەکانی بەعس لەلایەن (ی.ن.ك)وە، کەئەمەش یارمەتیدەرێك بوو بۆ (ی.ن.ك) کەچۆن؟ وە بە چشێوازێك کار بکات. لەهەمان کاتدا ڕژێمی بەعس دانی نا بەنیشتیمان پەروەرێتی (ی.ن.ك)دا[1].

١١-لەپاش ئەو گفتوگۆیە وولاتی عەرەبی و دەروە، ئەوانەی بەپڕوپاگەندەو هاشوهوشی ڕاگەیاندنی چەواشەی ڕژێم، یان هەر باوەڕیان نەدەکرد کەشۆڕشێك لەکوردستانی عێراقدا هەیە بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد، یا بەد گومان بوون لەهێزی خاوەن دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەبەشێکی خاکی عێراقدا. عێراق هیچی نەهێشتووەو دەسەڵاتی بەسەر بست بەبستی مەرزەکانی خۆیدا گرتووەو ئەوەش کەجاروبار لەڕێی ڕادیۆیەك یان ڕۆژنامەیەکی ئەورووپیدا دەگوترێ هەواڵێکی درۆو دەستکردە. بەڵام لەوسالەدا ئاژانسی هەواڵ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی دنیا سەردانی کوردستانیان کردووە، چاویان بەپێشمەرگەکان کەوت و پەیوەندییان بەوەفدی کوردییەوە دەکردو هەموو ڕاستییەکیان بۆ روون دەبووەوە. پەردەی فرو فیشاڵیان لەسەر ڕاگەیاندنە

(1) . مەحمود سەنگاوی:س.پ، ل٢٠١

ساختەكانی ڕژێ م لاداو شۆڕشی كورد بۆ جارێكی تر لەمەیدانی سیاسی عێراقدا بەدەركەوت[١].

١٢–هەرچەندە جاشەكان (واتە چەكداری كورد لای ڕژێم) تاوانی زۆریان دەرهەق بەگەلی كورد كردووە، بەرامبەر گەلی كوردو شۆڕشی كورد، بەلاّم مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لێبوردنی گشتی بۆ دەركردن، بەم لێبوردنە ژمارەیەكی زۆر چەكدار چونە ڕیزی پێشمەرگەی كوردستان چەكی پێشمەرگایەتییان كردە شان[٢].

١٣– گفتوگۆ بوە هۆی ئازادكردنی ژمارەیەكی زۆر لەلاوی كورد كە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی كرابوون.

١٤– لەماوەی ئەو ساڵەدا كۆمەلاّنی خەلّك بۆیان دەركەوت كە (ی.ن.ك) هێزێكی سەربەخۆیە لەبریاردانی سیاسیدا، بەرژەوەندی كورد لەبەرچاو دەگرێ نەك هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی لەگەلّ دەولّەتان[٣].

١٥– ئەوساڵە بووە پشتو پەنا بۆ ئەو ڕووناكبیرو ڕۆشنبیرو نوسەرانەی كە لەوەوپێش دورەپەرێزبوون لەرووداوەكان ئاشنا

---

[١] . . محمد نوری توفیق: كارەساتی (مەنعی تەجەولی) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، ل(١٢– ١٣، ١٦)

[٢] . یەكێتی نیشتیمانی كوردستان: ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆبونەوەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی (ی.ن.ك) ل١٢.

[٣] . نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناو بازنە، ل٨٣.

هەواڵنامەی كتێب

بوون، جگە لەمانەش هەلێك بوو بۆ زیندووكردنەوەو سەوزكردنی ئەدەبیاتی كوردی لەكوردستان[1].

**لایەنە خراپەكانی گفتوگۆ:-**

١-بەعس توانی هێزێكی زۆر بگوازێتەوە بۆ بەرەكانی شەڕ لەگەل ئێراندا.

٢-لەرووی ورەو هەست بەئەمانكردی لەشكرەكەی لەكاتی جەنگدا كە بەرەی ناو مالەوەی مسۆگەربكات و لەپشتەوە لێی نەدرێ.

٣-مەسرەفی زۆروزەوەندی حكومەتی عیراق لەشەڕەكانی كوردستان زۆر كەم بوویەوە بە بەراورد لەگەل پێشتر.

٤-دابین كردنی بەرەی ناوخۆ بۆ هەیبەتو ناوبانگی بەعس لەدەرەوەی ولاتدا لەبەرامبەر دۆستو دوژمندا زۆر باش بوو.

٥-بۆ پاراستنی كادرەكانی سیاسی و حكومی و عەسكەری میری، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسودەیی كارەكانی خۆیان ئەنجام بدەن، گفتوگۆ زۆر بەكەلك بوو.

٦-بۆ زیادكردنی جاشو جەیشی شەعبی، بەعس زۆر سودی وەرگرت.

٧-دەولەتە عەرەبیەكانی دۆستی (ی.ن.ك) زویر بوون لێی.

---

[1] . محمد نوری توفیق: كارەساتی (مەنعی تەجەولی) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، ل١٣- ١٤.

٨-راگرتنی ئەو یارمەتیە ماددیانەی کە لەدەرەوە بۆ ی.ن.ك دەهات.[(١)]

٩- ئاشکرا بوونی چەندین کادری چالاكو بەتوانا لەماوەی ئەو ساڵەدا بۆ دەزگا جاسوسیەکان، وەك ئاشکرا بوونی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی و هەندێ لەشارو شارۆچکەکانی تر. لەوانە ئاشکرا بوونی (خەسرەو خاڵ، عومەر فەتاح) کە تائەو ساڵە بەشێوەی نهێنی لەخەباتدا بوون توانیان سەرکردایەتی ڕێکخستنەکان بەچاکی بکەنو لەچاوی دەزگا جاسوسیەکان بەدووری بکەن. لەو ساڵەدا بەحوکمی تێکەڵ بونیانو هاتووچۆی پێشمەرگەو کادرەکانی تر بۆ لایان، وادەرکەوت کەئەوانە بوون بەهۆی ئاشکرا بونیان. لەکۆتایی ئەو ساڵەدا شاریان جێهێشت خۆیان گەیاندە ناوچە ڕزگارکراوەکانو لەناو شۆڕشدا کاری نوێیان پێ سپێردرا[(٢)].

١٠- لەماوەی ئەو ساڵەدا حکومەتی بەعس توانی خۆی ڕێك بخاتەوەو سوپا پڕ چەك بکات، سوپای ئێران بشکێنێو جارێکی تر خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکاتو کۆنترۆڵی عێراق بکات. خۆی ئامادە کرد بۆ سەرکوت کردنی جولانەوە کوردییەکان کەهەموو

---

[(١)] . یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەل میری، ل٨٥- ٨٨.

[(٢)] . محمد نوری توفیق: کارەساتی (مەنعی تەجەولی) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، ل١٦.

ئەمانە جارێکی دیکە هێز دەکاتەوە بەبەری عێراق و زیان بەمافەکانی گەلی کورد دەگەینێت.

١١- شەهیدبوونی چەندین کادری چالاکی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لەماوەی گفتوگۆدا. نمونە وەك (ملازم کەریم)، لەدوای گفتوگۆش بەپلانێکی داڕێژراو لەلایەن جاشە خۆفرۆشەکان (نەجمەدین شوکر) کەناسراوبوو بە(مامە ڕیشە) شەهید کرا. هەروەها هەوڵی تیرۆر کردنی (مستەفا چاوڕەش) کادیری ناسراوی ناو ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لەسلێمانی و (شوان) لیژنەی (تەنسیق) لەکەرکوك درا، بەڵام سەری نەگرت.

١٢-دەرکردنی چەندین بەیاننامەو نامیلکە لەلایەن گروپ و حزبە کوردستانیەکان دژ بەیەکێتی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان کە ئەوانەش لەسەرەتادا کاری سەلبیان کردە سەر ڕیزەکانی شۆڕش و لێك ڕتازاندنی چەند گروپێك و هەڵوێستی سەلبی توندڕەوەکان ناوەوەو دەرەوەی ڕێکخستن، کە لەو کاتەدا کێشەیان بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دروست کردبوو.

١٣- لەماوەی ئەو ساڵەدا لەو کاتەی وەفدێکی (ی.ن.ك) لەبەغدا بۆ مەبەستی ووتوویژ چوون، کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەبات گێڕی ڕێکخستنەکانی (کۆمیتەی ئاگر) لەسێدارە دران[1].

## ئەنجام

[1]. محمد نوری توفیق: کارەساتی (مەنعی تەجەول) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، ل١٧.

دانوستاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا گەلێ ئەنجامی باش‌و خراپیشی لێ کەوتەوە کەلێرەدا گرنگترینیان دەخەینە بەرچاو:

*-پەرەپێدان‌و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لەهەردوو لایەنی چەندایەتی‌و چۆنایەتیەوە.

*- بەرەسمی دەولەتی عیراق ناچارکرا مانەوەی مەسەلەی کوردو پێویستی چارەسەرکردنی سیاسیانەی مەسەلەکە جارێکی تریش بسەلمێنێتەوە.

*-پاراستن‌و گەشەپێدانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان. لەماوەی ئەو ساڵەدا خەڵکی لادێکان بۆ ماوەیەك پشویاندا، دووربوون لەزەبرو زەنگی ڕژێم، ئەو ئابلۆقە ئابوریەی لەسەریان بوو لابرا.

*- گفتوگۆ بووە هۆی پشودان بۆ هێزەکانی (ی.ن.ك) کەماوەی (٨) ساڵ بێ وەستان لەشەڕدا بوون. ئەم ماوەیە هەلێك بوو بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان‌و ناردنە دەرەوەی ئەوانەی برینەکانیان سەختە.

*- ناسینی دەسەڵاتی دوژمن‌و باشتر شارەزابوون لەتواناو هەڵوێستەکانی بەعس لەلایەن (ی.ن.ك)وە، لەهەمان کاتدا ڕژێمی بەعس دانی نا بەنیشتیمان پەروەرێتی (ی.ن.ك)دا.

*- گفتوگۆ بوە هۆی ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لەلاوی کورد کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی کرابوون.

*- لەماوەی ئەو ساڵەدا کۆمەلانی خەلك بۆیان دەرکەوت کە (ی.ن.ك) هێزێکی سەربەخۆیە لەبڕیاردانی سیاسیدا، بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو دەگرێ نەك هاوپەیمانێتی‌و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتان.

*–بەعس لەهەندێ لایەنەوە سودی لە گفتوگۆکە وەرگرت، توانی هێزێکی زۆر بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لەگەل ئیراندا، و لەرووی ورەو هەست بەئەمانکردنی لەشکرەکەی لەکاتی جەنگدا کە بەرەی ناو مالەوەی مسۆگەربکات و لەپشتەوە لێی نەدرێ. مەسرەفی زۆروزەوەندی عیراق لەشەڕەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەل پێشتر کەم بوویەوە. ژمارەی جاش و جەیشی شەعبی زیاد کرد. لەماوەی ئەو ساڵەدا حکومەتی بەعس توانی خۆی ڕێك بخاتەوەو سوپا پڕ چەك بکات، سوپای ئێران بشکێنێ و جارێکی تر خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکات و کۆنترۆڵی عێراق بکات. خۆی ئامادە کرد بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوە کوردییەکان.

*–دەولەتە عەرەبیەکانی دۆستی (ی.ن.ك) زویر بوون لێی. ئەو یارمەتیە ماددیانەی کە لەدەرەوە بۆ ی.ن.ك دەهات راگیران.

*– شەهیدبوونی چەندین کادری چالاکی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لەماوەی گفتوگودا. هەروەها چەندین کادری تر لەماوەی ئەو ساڵەدا بۆ دەزگا جاسوسیەکان ئاشکرا بوون.

*–دەرکردنی چەندین بەیاننامەو نامیلکە لەلایەن گروپ و حزبە کوردستانیەکان دژ بەیەکێتی لەناووەو دەرەوەی کوردستان کە ئەوانەش لەسەرەتادا کاری سەلبیان کردە سەر ڕیزەکانی شۆڕش و لێك ترازاندنی چەند گروپێك و هەڵوێستی سەلبی توندڕەوەکانی ناوەوەو دەرەوەی ڕێکخستن، کە لەو کاتەدا کێشەیان بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دروست کردبوو.

*–وەك هەرجارێکی تری پێشوو داگیرکەرانی کوردستان یەکیان گرتەوەو یەك هەڵوێست بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد

هەواڵنامەی کتێب

وەستانەوە، ئەمجارەیان تورکیا هاتە ناوەوەو رلەگەڵ عیراقدا رۆلێکی زۆر خراپی گێڕا.

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:


١. ئەحمەد بانی خێلانی:بیرەوەری یەکانم، سوید، ١٩٩٧.

٢. ئەرسەلان بایز: رۆژانی سەخت، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣. بەهرۆز گەلاڵی: ڕسوڵ مامەند، ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات،سلێمانی ،١٩٩٨.

٤. جەمال شێخ نوری: وێرانکاریو تاوانەکانی بەعس لەبیرەوەریەکانمدا، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ئەبوبەکر خۆشناو، ب٢، سلیمانی، ٢٠٠٣

٦. رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، ب٢، هەولیر، ١٩٩٣.

٧. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، دامەزراندنو دەستپێکردنی شۆڕش (١٩٧٥- ١٩٧٦)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٨. سوارە: ئەزمونەکانی گفتوگۆ، سلێمانی، ١٩٩٣..

٩. شاخەوان شۆڕش: چل ساڵ خەباتو تێکۆشان ، چ،کوردستان،٢٠٠٢.

١٠. .شاخەوان عەباس: سەفەری کوردایەتی خەباتی شارو شاخ (١٩٧٤-١٩٨٠) ئایاری ٢٠٠٥.

١١.شۆڕش حاجی رەسول:ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق، چ٢، سلیمانی، ٢٠٠٣.

١٢.شێخ محمد عبدالکریم: کارەساتی (مەنعی تەجەول) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢.


هەواڵنامەی کتێب

١٣. عبداللــه كــەريم مــەحمود: پێشـــمەرگە پۆلايينەكــە، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٤. فاتيح رەسول: چەند لاپەڕەيەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد، بەرگی يەكەم، ستۆكهۆلم، ١٩٩٤.
١٥. كــريس كۆچـێرا: بزوتنـــەوەی نەتـــەوەيی كـــوردو هيـــوای سەربەخۆيی، و/ئەكرەمی ميهرداد، ب١، سليمانی، ٢٠٠٢..
١٦. مــەحمود ســەنگاوی: بيرەوەريــەكانی ســەنگاوی، ســلێمانی، ٢٠٠٤.
١٧. محمــد حــاجی محمــود: رۆژمێــری پێشـــمەرگەيەك، باســی رووداوەكـانی (٢٠) سـاڵی خـەباتی شۆڕشـی نـوێی گەلەكـەمان دەكـات (١٩٧٦- ١٩٩٦)، ب٢، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٨. محمـد نـوری توفيـق: كارەسـاتی (مـەنعی تەجـەول) (١٩٨٥)ی شاری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٩. نەوشـێروان مســتەفا: پەنجــەكان يــەكتری ئەشــكێنن، ديــوی نـاوەوەی روداوەكـانی كوردسـتانی عـيراق،(١٩٧٩-١٩٨٣)، ســلێمانی، ١٩٩٨.
٢٠. نەوشـيروان مسـتەفا:- خولانـەوە لـەناو بازنـە، ديـوی نـاوەوەی روداوەكانی كوردستانی عيراق،(١٩٨٤-١٩٨٨)، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢١. يـــەكێتی نيشـــتمانی كوردســـتان: راگەيانـــدنی كۆتـــايی كۆبونـــەوەكانی كۆميتـــەی (ی.ن.ك) لـــە٢٤-٢٧ی شـــوباتی ١٩٨٤، چاپخانەی شەهيد ئيبراهيم عەزۆ، ئاداری ١٩٨٤.
٢٢. يەكێتی نيشتمانی كوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ ميری، چاپخانەی شەهيد جەعفەر، كانونی دووەمی ١٩٨٥.

هەوارنامەی كتێب

٢٣. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ئەو پرۆژانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەت، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٣.
٢٤. بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هێنان بەگفتوگۆ لە ١٩٨٥٤/١/١٥.
٢٥. بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) لە پایزی ١٩٨٤ دەربارەی رێککەوتنەکەی تورکیاو عیراق.
٢٦. بەیانی بەرەی جود لە دژی یەکێتی بە ناونیشانی (بیان حول المفاوضات المذلة التي أقدم عليها أوك مع النظام الفاشي العميل في العراق، ١٩٨٣/٢٥١٢).
٢٧. بەزمانی عەرەبی:
٢٨. صلاح الخراسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، بيروت، ٢٠٠١.
٢٩. م.م. لیبێدڤە، سیاسیانە چارەسەرکردنی ململانێکان. مۆسکۆ ١٩٩٧. (بەزمانی روسی)
٣٠. چاوپێکەتن لەگەڵ عمر شێخ موس، ستوکهۆڵم(١٩٩٧)
٣١. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم لە ٢٠٠١/٣/٣ لە سلێمانی.

هەواڵنامەی کتێب

# الملخص باللغة العربية

مرت الحركة التحررية للشعب الكردي فى العراق بمراحل مختلفة، حيث امتازت بنضال سياسي وعسكري، بالاضافة الى ذلك كانت الحكومة العراقية عندما تشعر بالضعف تفتح ابواب المفاوضات مع القيادات الكردية، لكن دون جدوى، اى ان هذه المفاواضات لم تكتب لها النجاح بين الجانبين ثانية، وخير مثال على ذلك ما حدث فى نهاية سنة (١٩٨٣) و طوال عام (١٩٨٤) حيث عاد التاريخ نفسه.

فى عام (١٩٨٤) حدثت العديد من المفاوضات والمباحثات بين الاتحاد الوطنى الكردستانى والحكومة العراقية من اجل الحصول على الحكم الذاتي لكردستان العراق.

فى هذا البحث تطرقنا الى اسباب وعملية هذه المفاوضات والمباحثات، واستخدم فيها طرق البحث التحليلي والتاريخى من اجل القاء الضوء على الجوانب المهمة لهذه المفاوضات، بالاضافة الى موقف الحكومة العراقية والاحزاب السياسية الكردية ودول الجوار تجاه هذه المفاوضات، واخيرا تحدثنا عن اهم النتائج التى توصلت اليها المفاوضات والمباحثات.

## Abstract

Kurdish liberation movement in Iraqi Kurdistan underwent various stages, it featured political and militaristic struggle, whenever Baghdad government sensed its weakness or frailty, and it opened the door of negotiation and talks with the Kurdish leadership. But, whenever, those kinds of negotiation or talks failed, war erupted between them. At the end of ١٩٨٣, and along the ١٩٨٤ that history repeated itself.

PUK and Iraqi government in the ١٩٨٤ sat together and discussed the achievement of autonomous right to Iraqi Kurdistan. This study tackles the factors and the processes of this talk. Historical analytic method has been used to shed light on the important aspects of this negotiation, and also the stance of Iraqi government, Kurdish political parties and the neighbouring countries have been tackled, and also the result of the talks has been presented.


کتێبی هەولێرنامە

# پاشکۆ

## ئەو پرۆژانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داویەتی بەحکومەتی عیراق

هەواڵنامەی کتێب

# ئەو پڕۆژانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داویە بە حکومەتی عێراقی

هەواڵنامەی کتێب

- کۆتایی هێنان بە باروودۆخی نائاسایی کوردستان
- پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان
- یاسای ئۆتۆنۆمی گۆڕدراوی کوردستان
- ئاسایی کردنی باروودۆخی شاری کەرکوک

## ئاسایی کردنی دۆخی کوردستان
## بەکۆتایی هێنان بەدۆخی نائاسایی

١- بەڵێنی بووردنی گشتی لەتێکرای زیندانە سیاسییو دەستبەسەرو سەربازە ڕاکردووەکان و پەنابەرە سیاسییەکان و هەموو ئەوانەی چوونەتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەوە، چ کوردو چ ئەوانەی کورد نین، لەمەدەنییو ئەفسەرو سەربازی هێزە چەکدارەکان (ئەمەش هەموو هێزەکانی سوپا، پولیس، ئەمن و پاسەوانی سنور ئەگرێتەوە) بەمەرجێک ئەم لێبووردنە تێکرای جۆرەکانی سزا بگرێتەوە. واتە (العقوبات الاصلیه والتبعیه والاثار المدنیه). هەروەها لابردنی بڕیاری (حجز) لەسەر ماڵوبەرەو سەروەت و سامانیان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دەستبەسەراگرتنیان، پێویستە تەعویزی ئەواری زەرەرمەندەکانیش بدری و تێکرای مافەکانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. هەروەها ئازادکردنی تێکرای بەندکراوەکان، کە ئەم لێبووردنە ئەیانگرێتەوە لەبەندیخانەو شوێنەکانی تردا.

٢- گەڕاندنەوەی هەموو فەرمانبەرو موچەخۆرو کرێکارو ئەوانەی کەسەر بەهێزە چەکدارەکانن لەمەدەنییو ئەفسەرو سەربازو پولیس و هێزەکانی ئەمن و پاسەوانی سنور، هەروەها گەڕاندنەوەی دەرکراوو خانەنشین کراوەکان و هەموو ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەکی سیاسی لەسەرکار لابراون بۆ سەر ئیش و کارەکانی پێشوویان. حساب کردنی سەرجەمی کاتی دورخستنەوەیان لەکار، لەبەرزبوونەوەی پلەی کارو زیادبوونی موچەیان.

٣- تێکرای ئەو فەرمانبەرو موچەخۆرو کرێکارانەی نەقل کراون بۆ سەر کارێکی تر کەپەیوەندی بەکارەکانی پێشوویانەوە نییە، یان بۆ دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان لەسنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانی تری عیراق، بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان.

٤- گەڕاندنەوەی قوتابییە دەرکراوو بەندکراوو هەڵاتوو پەنابەرەکان و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەهـ. د. ک.ەوە کردووە بۆ قوتابخانەو فامۆزگاو زانکۆکانیان. ڕەخساندنی هەلی خوێندنیان و حساب نەکردنی ئەو ساڵانەی کە لەخوێندن دابڕاون بە (سنوات رسوب).

٥- وەرگرتنی قوتابییە کوردەکان لەتێکرای قوتابخانەو فامۆزگاو دەزگاکانی پەروەردەو زانست و زانکۆ مەدەنییو سەربازییەکان. هەروەها وەرگرتنی قوتابییە کوردەکان لەهەموو (زەمالەو بعثەو اجازە دراسییەکانی) ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا بەبێ جیاوازی و، بەپێی لێهاتوویی.



هەواڵنامەی کتێب

٦- گەڕاندنەوەی هەموو خەڵکانی لادێ و قەزا و ناحیەکوردنشینەکان کەبۆ ناوچەکانی دەرەوەو ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕاگوێزراوە، گەڕاندنەوەیان بۆ دێهات و ناوچە ئەسلییەکانی خۆیان بەپێی چەدوەلێکی کاتیی بڕیاردنی عادیلانەی زەرەرەکانیان و پێش خستنی ناوچەکانیان بەمسوگەرکردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ ئەوەی بەپێی توانای سروشتی کشتوکاڵی ناوچەکە ببێتە مەڵبەندی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەرو پیشەسازی سووکە و گەشت و هاوینەهەوار، بۆ ئەوەی لەمەسەلەی ئاسایش و بەرگری نیشتمانیدا و بۆ پێش خستنی ٥١ بووری تێکڕای وڵاتەکەڵکی لێوەرگیری.
٧- گەڕاندنەوەی تێکڕای ئەو عەرەبانەی کە لەکوردستاندا نیشتەجێ کراون بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان.
٨- ئازادکردنی بارزانییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەمەرجێکە هەردوو برگەکانی ١ و ٢ی بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە بیان گرێتەوە.
٩- ئازادکردنی کوردە فەیلییەکان و رێگە پێدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان یان ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بەمەرجێکە هەردوو برگەکانی ١ و ٢ی بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە بیان گرێتەوە.
١٠- جێبەجێ کردنی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵ لەکوردستاندا و دەستکاری کردنی بەجۆرێکی وا کە لەبەرژەوەندی جوتیار دابێو کۆتایی بە پەیوەندی یەکانی دەرەبەگایەتی بهێنێ، بەجۆرێکە جوتیاران ببنە خاوەنی زەوی و، باجی زەوی یان لەسەر لابرێ کەبەدرێژایی ماوەی پێشو لەسەریان کەڵەکە بووە.
١١- دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد بەچەشنێکی وا کەکیانی تایبەتی خۆی هەبێو یاسای ژمارە ١٢٣ی ساڵی ١٩٧٠ی کۆڕی زانیاری کورد جارێکی تر پەیرەو بکرێتەوەو لەسەرئەم بناغەیەدا یاسای ئیستای کۆڕی زانیاری عیراق دەستکاری بکرێ و کۆڕی زانیاری کورد بۆ پایتەختی ئۆتۆنۆمی بگوێزرێتەوەو وەکو لقێکی کۆڕی زانیاری عیراق حساب بکرێ.
١٢- برینەوەی موچەی تایبەتی بۆ تێکڕای شەهیدانی کوردستان و پەککەوتەکان. دابین کردنی شوێنی ژیان و بۆ خێزانەکانیان، بەپێی یاسایەکی تایبەتی. هەروەها هاوتاکردنیان لەگەڵ تێکڕای شەهیدانی عیراق و نیشتمان.
١٣- بەشداربوونی کورد لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا بەبێ ئەوەی لە مەسەلەی ئەرکە گشتییەکان دا بەمەنصەبە گرنگەکانی دەوڵەتیشەوە وەکوو وەزارەت و سەرکردایەتی سوپا و هی تر جیاوازی یان لەگەڵدا بکرێ. ئەبێ لێرەدا لێهاتوویی رەچاو بکرێ.
١- دان نان بەمافی گەلی کورد لەپێکەوەنانی ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و ڕوشنبیری و کۆمەڵایەتی یەکان دا وەکو ڕێکخراوی لاوان و ماموستایان و قوتابیان و .... هتد (هەروەکە چون لەبەیاننامەی ئازاردا هاتووە).
١٥- لابردنی ئابلوقەدانی ئابوری ناوچەی کوردستان و ئەمیشتنی
٤

بپولەی ئازوقە وەرگرتن و دابین کردنی هەمو جورە پێداویستیەکانی ژیان بو ناوچەی ئوتونومیو سزادانی قورسی قاچاخچیتیو هەمو ئەوانەی دەست بەسەر ئازووقەی گەلدا ئەگرن .

١- گێرانەوەی خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدانی ناوچەی کوردستان بەپروژەکانی ئاودێری و سەدو کشتوکال کارەباو پیشەسازی و مەعاری و ئاو و ڕێگاوبان و پردو کردنەوەی قوتابخانەو نەخوشخانەو تیمارگەو خانوبەرەشەوە . دانانی پلانێکی تایبەتی بو پێش خستنی ناوچەکە لەهەموو ڕویەکەوە ، بو لابردنی هەموو ڕوکاری دواکەوتنو زیانێکی کە لەکوردستان کەوتووە بەدیاری کردنی بودجەیەکی تایبەتی بوی .

١٧- هەڵوەشاندنەوەی مەفرەزە تایبەتیەکان (واتە جاش)و کەم کردنەوەی هێزەکانی سوپا لەشارو ناوچەکەو دێهاتەکان ، هەڵگرتنی ڕەبیەو سەربازەکان ، تەنیا لەو شوێنانەدا بمێننەوە کە پێویست بو بەرگری کردن دژی پەلاماردەرانی ئێرانی .

١٨- ڕێگە نەدان بەهێزەکانی سوپاو ئەمنو ڕێکخراوە حیزبیەکان بو دەست تێوەردان لەکاری هاوولاتیان و دەرچونیان لەسنوری دەسەڵاتەکانیان ، بەجورێکە کەڕێزی مافە دیموکراتیەکانی خەڵک بگرن .

١٩- بەزور نەکردنی هاولاتیان بەبەعسیو جەیشی شەعبی . نەبەستنەوەی (انتمای حزبی) هاوولاتیان بەمارسەی مافەکانیان بو گەیشتن بەپلەو پایە .

هەواڵنامەی کتێب

## پرنسیپە گشتییەکانی یاسای
## ئوتونومی کوردستانی عیراق

**یەکەم** : ناوەروکی ئوتونومی :

١- سەلماندنی مافی گەلی کورد لەحوکمکردنی ناوچەی کوردستانی عیراق، لەچوارچێوەی کوماری عیراقدا، لەرێی ئەنجومەنێکی یاسادانانەوە (تشریعی) کەمەجلیسێکی تنفیذی بڕیارەکانی بەڕێوە دەبات.

٢- ئیش و کارەکانی سەروکایەتی دەولەت، بەرگری، دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرگ، نەوت و پیشەسازی بە سەنگینەکان، بازرگانی دەرەوە، بانکەکان، دادپەروەری، پوستەو تەلگراف و تەلەفون، هەمووی دەکەونە ژێر دەسەلاتی بەڕێوەبردنی دەولەتەوە، جگە لەوانە چی هەبی لەسنووری ناوچەی ئوتونومیدا ردا، دەکەوێتە ژێر دەسەلات و بەڕێوەبردنی ناوچەی ئوتونومییەوە.

٣- جێبەجێ کردنی ناوەروکی بەیاننامەی ١١ئازاری ١٩٧٠، بو دان نان بەمافەکانی گەلی کوردا.

٤- ئەنجومەنی یاسادانان :

ا- هەلبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لەرێگای هەلبژاردنێکی ئازادو راستەوخوو دیموکراتییەوە، بەبێ دەست تێوەردانی هیچ کەس و تاقم و لایەنێک.

ب- ئەنجومەنی یاسادانان مافی دانانی ئەو یاسایانەی دەبی بو بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کەدەکەونە ژێر دەسەلاتییەوە. کە لە مادەی دووەمدا هاتوون. بەمەرجێک لەگەل دەستوری ولاتدا بگونجێن، خو گەر هاتوو نەگونجاندنێک هاتە پێش لەگەل یاساکانی دەولەتدا. ئەوا بو حەل کردنی پەنا دەبرێتە بەر ئەنجومەنی دەولەت، یان دادگای تەمیز.

٥- ئەنجومەنی راپەراندن (تنفیذی) :

ا- ئەنجومەنی راپەراندن لەسەروکی ئەنجومەن پێکدێت کەسەروکە کومار لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەلبژێردراو هەلی دەبژێرێت. لەگەل جێگری سەروک و چەند ئەندامێکی تر بو بەڕێوەبردنی دەستوری و دیموکراتیانەی ئەمانەتەکان کە لە داهاتوودا باسی دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

ب- ئەنجومەنداری یەکانی ئەنجومەنی راپەراندن پێکدێن :
١- ئەنجومەندارێتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ .
٢- ئەنجومەندارێتی تەندروستی .
٣- ئەنجومەندارێتی پەروەردەو فێرکردن .
٤- ئەنجومەندارێتی رۆشنبیری و راگەیاندن .
٥- ئەنجومەندارێتی کاروباری ناوخۆ .
٦- ئەنجومەندارێتی ئەوقاف .
٧- ئەنجومەندارێتی لاوان .
٨- ئەنجومەندارێتی شارەوانیو دیهات .
٩- ئەنجومەندارێتی بازرگانی ناوخۆ .
١٠- ئەنجومەندارێتی کاروباری کۆمەڵایەتی .
١١- ئەنجومەندارێتی گواستنەوەو هاتوچۆ .
١٢- ئەنجومەندارێتی کار .
١٣- ئەنجومەندارێتی پیشەسازی بە ناوچەییو سوکەکان .
١٤- ئەنجومەندارێتی تەموین .
١٥- ئەنجومەندارێتی [illegible] پێدان و ئاوەدان کردنەوە .
١٦- ئەنجومەندارێتی گەشت و گوزارو هاوینەهەوارەکان .
١٧- ئەنجومەندارێتی ئسکان و تعمیر .
١٨- ئەنجومەندارێتی دارایی .
١٩- ئەنجومەندارێتی ئاودێری .
ج- ئەنجومەنی (راپەراندن) دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ لەناوچەی ئوتونومیدا .
د- سەرۆکی ئەنجومەنی (راپەراندن) پلەی جێگری سەرەک وەزیرانی دەوڵەتی دەبێو ئەنجومەندارەکانیش پلەی وەزیر، مافی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیشیان دەبێ .
هـ- سەرەک کۆمار مافی چاودێری بەڕێوەبردنی کارەکانی نێوان ناوچەی ئوتونومیو دەوڵەتی هەیە .

<u>**دووەم**</u> : ناوچەی ئوتونومی :

ناوچەی ئوتونومی لەم پارێزگایانە پێکدێ :
ا- هەولێر .
ب- سلێمانی .
ج- دهوک کەئەم قەزایانەش دەگرێتەوە : ئاکری ، شێخان، شنگار.
د- دانانی پارێزگایەکی نوی یان زیاتر کەئەم قەزایانە بگرێتەوە بەهەموو ناحیەو ناوچەکانیانەوە :
١- کفری .
٢- توز .
٣- داقوق .
٤- کەلار .
٥- مەندەلی .
٦- خانەقین .

هەواڵنامەی کتێب

٧- قالتون کوپری .
٨- قادرکەرەم .
٩- قەرەهەنجیر .
١٠- لەیلان .

**سێیەم : زمان :**

١- خوێندنی زمانی عەرەبی وەک زمانێکی سەرەکی لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا . زمانی عەرەبی زمانی وتوویژو نامەکاری نێوان دەزگاکانی دەولەت و ناوچەی ئوتونومی دەبێ .
ب- زمانی کوردی ، زمانی رەسمی نێوان دەزگاکانی ناوچەی ئوتونومییە، و لەگشت دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیەکاندا بەکار دەهێنرێ . هەروا لەگشت قوتابخانەو ئاموزگاو زانکوکاندا . بە رەچاو کردنی مافی کەمە نەتەوەیەکانی ناوچەکە لەخوێندن بە زمانی زکماکی خویان شان بەشانی زمانی عەرەبیو کوردی .

**چوارەم : بودجە :**

ناوچەی ئوتونومی بودجەی تایبەتی خوی دەبێ، بو پڕکردنەوەی پێویستیەکان و بەرەوپێشبردنی کاروباری ناوچەکە . ئەم بودجەیە ئەنجومەنی رابەراندن دای دەنێو ئەنجومەنی یاسادانان بڕیاری لەسەر دەداو سەرەک کومار بەپێی مادەی هەشتەمی یاساکە بڕیاری لەسەر دەدا .

**پێنجەم : مافی کەمە نەتەوەکان :**

عەرەبەکانی ناوچەی ئوتونومیو کەمە نەتەوەیەکانی دی هەموو مافە روشنبیری و ئیداریەکانی خویان دەبێ، هەروا مافی نوێنەرایەتییان دەبێ لەئەنجومەنی یاسادانان و دەزگاکانی تری ئوتونومیدا .

هەواڵنامەی کتێب

## یاسای گوردراو
## ئوتونومی ناوچەی کوردستا

### بای یەکەم : ناوەروکاو پرنسیپەکانی یاسای ئوتونومی .
### بەشی یەکەم : پرنسیپە گشتیەکان .

**مادەی یەکەم :**

ا ـ ناوەروکی یاسای ئوتونومی :

سەلماندنی مافی گەلی کورد لە حوکم کردنی ناوچەکەیدا ، لە جوارچیوەی کوماری عیراقدا ،لەری ئەنجومەنی یاسادانار رابەراندنەوە .

ب ـ هەروەکا چون لەم یاسایەدا هاتووە کوردستان ناوچەیەکی ئوتونومیدار دەبیو پێی دەوتری ناوچەی ئوتونومی .

ج ـ ناوچەی ئوتونومی لەم پاریزگاو قەزاو ناحیانە پیکە دی :

١ ـ پاریزگاکانی : هەولیر، سلیمانی، دهوکا .

٢ ـ قەزاکان و ناحیەکانی: ئاکری ، شێگار ، شیمان ، زمار ، توز ، کفری ، داقوق، قەرەقیس، مەندەلی، ئالتون کوپری قادرکەرەم، قەرەهەنجیر، لەیلان .

د ـ ناوچەکە لەیەکە یەکەی (وەحدەی) ئیداری پیکە دی کەشەخسیەتیکی ئوتونومیدارە، لەجوارچیوەی یەکێتی یاسایی سیاسیو ئابووری کوماری عیراقدا ، بەپێی یاسای پاریزگاکانی عیراق بەرەچاو کردنی یاسای دەسکاری کراوی ئوتونومی ناوچەی کوردستان .

هـ ـ ناوچەکە بەشیکی جیانەکراوەیە لەخاکی عیراق و گەلەکەشی بەشیکی جیانەکراوەیە لەگەلی عیراق ، هەولیر پایتەختی ناوچەی ئوتونومیە .

و ـ دەزگاکانی ئوتونومی بەشیکن لەدەزگاکانی کوماری عیراق .

**مادەی دووەم: زمان**

ا ـ زمانی کوردی ، زمانی سەرەکی ناوچەکەیە ، لەهەموو دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو دەزگاکانی ئوتونومیو قوتابخانە ئاموزگاکان و لەهەموو قوناغەکانی خویندنا بەکاردەهینری بەرەچاو کردنی مافی کەمە نەتەوەکان لەخویندن بەزمانی زگماکی خویان شان بەشانی زمانی کوردی و عەرەبی .

ب ـ زمانی عەرەبی وەکوو زمانیکی سەرەکی لەهەموو قوناغەکانی خویندندا دەخویندری . هەروا زمانی ئاخاوتنی نیوان دەزگاکانی ئوتونومیو دەولەت دەبی .

٩

هەواڵنامەی کتێب

ح- دانیشتوانی ناوچەکە مافی خوێندنیان هەیە، بەمەرجی زمانێک کەدەیانەوێ، بەبێ ڕەچاوکردنی زمانی زگماکی.

د- خوێندن لەناوچەی ئوتونومیدا، بەپێی یاسای گشتی خوێندن دەبێ لەعیراقدا، بەرەچاوکردنی تایبەتیتی ناوچەکە.

ماددەی سێیەم:

ا- ماف و ئازادی یەکانی برا عەرەب و کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە بەپێی دەستور پارێزراوە، ئیدارەی ناوچەی ئوتونومی مافی بەکارهێنانی ئەو مافەیان بۆ دابین دەکا.

ب- عەرەبەکان و کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە مافی بەشداری کردنی دەزگاکانی ئوتونومیان هەیە بەپێی ڕێژەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، و بەشداری لەبەڕێوەبردنی کارەکانی ناوچەکەدا ئەکەن بەپێی ئەو ڕێژەیە، بەرەچاوکردنی توانا و لێوەشاوەییان.

ماددەی چوارەم: داوەری

داوەری بەپێی یاسا سەربەخۆیەو داوەری ناوچەی ئوتونومی بەشێکە لەداوەری کۆماری عیراق.

بەشی دووەم: پرنسیپەکانی دارایی

ماددەی پێنجەم:

دارایی ناوچەی ئوتونومی یەکەیەکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی یەکەی دارایی دەوڵەتدا.

ماددەی شەشەم:

ناوچەی ئوتونومی بودجەی تایبەتی خۆی دەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کە بەدەزگاکانی ئوتونومی دەسپێردرێن. ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە دادەنرێ و سەرۆک کۆمار بڕیاری لەسەر دەدا.

ماددەی حەوتەم:

بودجەی ناوچەی ئوتونومی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١- بودجەی ئاسایی.

٢- بودجەی ساڵانەی بەگەڕخستن (استثمار).

٣- بودجەی مۆسسەو کارگەکان و بەرژەوەندی بەبەرهەم هێنەکان (المصالح الانتاجیة) ناوچەییەکان.

٤- بودجەی ئیدارە ناوخۆی (الادارة المحلیة) و شارەوانی و هاوینەهەوارەکانی ناوچەکە.

ماددەی هەشتەم:

بودجەی ناوچەکە لەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێ:

ا- دەسکەوتی ناوخۆیی کە بریتییە لە:

ا- داهاتی باج و باجی کاروباری ناوچەکە (الضرائب والرسوم) بەدەسکەوتی باجی شارەوانییەکانیشەوە (الرسوم البلدیة).

٢- نرخی فرۆشیاری (مبیعات) و کرێی خزمەتگوزارییەکان.

٣- بەشی دانراوی ناوچەکە لەقازانجی (مصالح) و مۆسسەکانی سەر بەبودجەی ناوچەکە. ١٠

هەواڵنامەی کتێب

٤- باجی زەوی و زار .
٥- باجی زەوی بە کشتوکاڵییەکان ، بەبەشی ڕیفۆرمی کشتوکاڵییەوە لەبەرهومە کشتوکاڵییەکان .
٦- باجە سەرەکییەکان و (اضافی) زەوی و خانوبەرە .
٧- باجەکانی پاش مەرگ (ترکات) .
٨- ڕەسمی داشیرەکانی تاپۆ .
٩- ڕەسمی ناونوسی کردن و گۆڕینی خاوەنداریتی ئوتومۆبیل .
١٠- ئەو قەرزو بەخشندەگییانەی (منح) کەدەوڵەت پێشکەشی ناوچەی ئوتونومی دەکا .
١١- پارەی پولی ماڵی .
ب- دانانی ڕێژەیەکە کە لە ٢٥٪ میزانیەی ئاسایی دەوڵەت و پروگرامی پەرەپێدان کەمتر نەبی بۆ ڕاپەڕاندنی پێداویستیەکانی ناوچەکە ، بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی شان بەشانی هەموو عیراق .

ماددەی نۆهەم :

ژمێریاریی (حساباتی) ناوچەی ئوتونومی دەکەوێتە ژێر چاودێری سەروکایەتی چاودێری ماڵی گشتییەوە .

بابی دووەم: دەزگاکانی ئوتونومی و دەسەڵاتەکانیان .

دەزگاکانی ئوتونومی ئیشکردنی کارەکانی ناوچەکە بەڕێوە دەبەن جگە لەکاروباری سەروکایەتی دەوڵەت ، بەرگری و کاروباری دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی) گومرگە ، نەوت و پیشەسازی بنەگینەکان ، بازرگانی دەرەوە، بانکەکان ، دادپەروەری ، پوستە و تەلگراف و تەلەفون ، کەدەکەونە ژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە .

بەشی یەکەم : ئەنجومەنی یاسادانان
ماددەی دەیەم :

ئەنجومەنی یاسادانان ، ئەو ئەنجومەنەیە کەلەلایەن هاوولاتیانی ناوچەکەوە بەپێی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیی و سەربەست و ڕاستەوخۆ و بەبێ دەستتێوەردانی هیچ لایەنێکە ، هەڵدەبژێردرێ . بەپێی یاسا چۆنیەتی کارکردن و ڕێکخستن و مەرجەکانی هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێ .

ماددەی پانزەهەم :

ا- سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ڕازگری ئەنجومەن (امین سر) لەنێوان ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێردرێن .
ب- کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بەئامادەبوونی زۆربەی زۆری ئەندامان دەبەسترێ . هەروا بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێ . ئەگەر یاسای ئەنجومەن پێچەوانەی ئەوە نەبێ .
ج- دەرکردنی بڕیاری تایبەت بەناوچەکە لەو کارانەی کەدەکەونە



هەواڵنامەی کتێب

ژێر دەسەڵاتییەوە، بەبڕیاری تایبەتی دەربارەی باج و دەسکەوتی ناوچەکە، بەمەرجێکە دژایەتی دەستوورو پرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای دەوڵەت نەکەن.

د- دانانی پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە، کە ئەنجومەنی راپەراندن ئامادەی دەکا.

هـ- دەرکردنی بڕیاری پێویست دەربارەی بەڕێوەبردنی دائیرە رەسمی و نیمچە رەسمیو مۆسەسەو دامەزراوەکانی ناوچەکە.

و- بڕیاردان لەسەر بودجەی ناوچەکە.

ز- گفتوگۆ و لێپرسینەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن لەکارەکانیاندا.

ح- دەرکردنی بڕیاری متمانە پێکردنی ئەنجومەنی راپەراندن،بەیەکی یان زیاتر لەئەندامەکانی، ولابردنی هەر ج ئەندامێکە کە متمانە پێکردنی نەمێنی، بڕیاری وەرگرتنەوەی متمانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن، بەزۆری دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەدری.

ط- بڕیارەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، بەبڕیاری یاسایی دەژمێردری.

ماددەی دوازدەهەم :

ا- ئەنجومەنی راپەراندن دەستەی راپەڕبەری کاروباری ئوتونومییە لەناوچەکەدا.

ب- ئەنجومەنی راپەراندن، لەسەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و چەند ئەندامێکە، کەژمارەیان بەقەدەر ژمارەی ئەو ئەمانەتانەن یان دوو ئەندام زیاتر لەبڕگەی (ح) ئەم ماددەیەدا دێن پێک دێت.

ج- سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە دەست نیشان ئەکری، کەیەکێکە لەئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان دەبی، و ئەنجومەنی راپەراندن بەپێی دەستوورو بەشێوەیەکی دیموکراتی دادەنری.

د- سەرۆکی دانراوی ئەنجومەن، جێگرەکەی و باقی ئەندامەکانی ئەنجومەن لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان یان ئەوانەی مەرجی ئەندامەتیان هەیە، هەڵدەبژێری و داوای متمانەی ئەنجومەنی یاسادانان دەکا، پاش متمانە پێکردنی ئەنجومەنی یاسادانان، بڕیاری کۆماری لەدانانی ئەنجومەن دەدری.

هـ- سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن، جێگری سەرەکە وەزیران و ئەندامەکانی وەکە وەزیر دەبن لەدەولەتدا، مافی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە.

و- سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن، دەسەڵاتی سەرەکە وەزیرانی دەوڵەتی هەیە لەناوچەکەدا، ئەنجومەنیش دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە لەناوچەکەدا، و مافی دەرکردنی پرۆگرامی تایبەت بەناوچەکەیان هەیە.

ز- ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن (ئەمیندارە گشتییەکان)

١٢

هەوالنامەی کتێب

دەسەڵاتی وەزیریان هەیە لەکارەکانی ئەمانەتەکاندا .

ح- ئەم ئەمانەتانەی خوارەوە سەر بەئەنجومەنی راپەراندن دەبن:

١- رەی (ئاودێری) .
٢- ناوخۆ .
٣- پەروەردەو فێرکردن .
٤- رۆشنبیری و راگەیاندن .
٥- اسکان و تعمیر .
٦- کشتوکاڵ و ریفۆرمی کشتوکاڵ .
٧- پیشەسازی بە ناوچەیی و سوکەکان .
٨- گواستنەوەو هاتوچۆ .
٩- لاوان .
١٠- شارەوانی .
١١- گەشت و گوزارو هاوینەهەوارەکان .
١٢- پارێزگانی ناوخۆ .
١٣- ئەوقاف .
١٤- کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .
١٥- تەندروستی .
١٦- تەموین .
١٧- بەرەپیدان .
١٨- دارایی و کاروباری ئابوری .

ط- تیکرای دائیرە رەسمیی و نیمچە رەسمیی و مؤسسەو دامەزراوەکان پەیوەندی یەکی راستەوخۆیان دەبێ بەئەمانەتەکانەوە لەناوچەکەدا .

ی- سەرەکی کۆمار سەرپەرشتی دەزگاکانی ئوتونومی ئەکا ، بریارەکانی ئەنجومەنی راپەراندنیش بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عیراق دەنێری .

ک- سەرەکی کۆمار دەتوانی سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن لەکار بخا ، بەمەش ئەنجومەنی راپەراندن هەڵدەوەشێتەوە .

ل- لەکاتی هەڵوەشاندنەوە یان متمانە لێوەرگرتنەوەی ئەنجومەنی راپەراندندا ، ئەنجومەن بەردەوام دەبێ لەسەر راپەراندنی کارەکانی، تا دانانی ئەنجومەنێکی نوێ ، بەمەرجێکە ئەو ماوەیە لە١٥ رۆژ زیاتر نەبێ .

مادەی سیانزەهەم :

تێکڕای ئەو یاسایانە هەڵدەوەشێتەوە کەپێچەوانەی ئەم یاسایەن و، تەنها بەم یاسایە کار دەکرێ .

مادەی چواردەهەم:

ا- پارێزگاکانی ناوچەکە پەیوەندیان بەسەرەکی ئەنجومەنی راپەراندنەوە دەبێ .

ب- ئەمنی ناوخۆ (الأمن الداخلي)ی ناوچەکەو تێکرای هێزەکانی پاراستنی ئاسایش پەیوەندیان بەئەمانەتی ناوخۆوە دەبێ .

ج- ئەنجومەنی راپەراندن بۆ راپەراندنی کارەکانی سوود لە .

هەواڵنامەی کتێب

مەکتەبانە (مکاتب) وەردەگری :
١- مەکتەبی ئەنجومەنی راگەیاندن .
٢- مەکتەبی پشکنین و (متابعة) .
٣- مەکتەبی (احصاء )و پلان .

مادەی پانزەهەم :

ئەنجومەنی راپەراندن ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەی دەبی:

ا- مسوگەرکردنی کارکردن بەیاساکان لەناوچەکەدا .

ب- ئیلتزام کردن بەبریارەکانی داوەری .

ج- پاراستنی دادپەروەری و ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو پاراستنی دامودەزگا نیشتمانیەو ناوچەییەکان .

د- دەرکردنی بریاری پیویست بو بەریوەبردنی بریارەکانی تایبەت بەناوچەکە .

هـ- ئامادەکردنی پلانی گشتی دەربارەی کاروباری ئابوری و کومەلایەتیو پروژەکانی پەرەپیدان و کاری پەروەردەو فیرکردن و خویندنی بالاو تەندروستیو کار، بەشیوەیەکە کەلەگەل پلانی گشتی دەولەتدا بگونجی، پاشان بەرزکردنەوەی بو ئەنجومەنی یاسادانان بو بریار لی دانی .

و- دانانی ئەو موچەخورانەی کەبەپی بریاری کوماری دادەنرین بەپیی یاسای (قوانین الخدمة والملاك)و یاسای تایبەتیان بەسەرا دەچەسپینی .

ز- لەو ناوچانەی کەزوربەی دانیشتوانی کوردە بەریوەبەرانی کورد دەبن ، بەرەچاوکردنی مادەی سیهەمی ئەم یاسایە .

ح- بەریوەبردنی میرانیەی ناوچەکە بەپیی یاسای تایبەتی دەولەت.

ط- ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی راپورتی تایبەت دەربارەی ناوچەکە بو سەرەکە کومارو ئەنجومەنی یاسادانان .

بابی سیهەم : پەیوەندی نیوان دەولەت و دەزگاکانی ئوتونومی .

مادەی شانزەهەم :

جگە لەو دەسەلاتانەی کەدەزگاکانی ئوتونومی لەناوچەکەدا هەیانە ، مافی کارەکان لەسەرانسەری عیراقدا دەکەونە ژیر دەسەلاتی دەولەتەوە .

مادەی حەفدەهەم :

ا- دائیرەکانی دەولەت لەناوچەکەدا ، سەر بەوەزارەتە تایبەتەکان دەبن و کارەکانیان تەنها لەسنوری دەسەلاتیان ئەنجام ئەدەن ، دەزگاکانی ئوتونومی مافی ناردنی راپورتیان هەیە بو وەزارەتەکان لەسەر ئەو دائیرانە .

ب- دانان و لابردن و نەقل کردنی سەرەکی ئەو دائیرانەی کە لە برگەی (ا)دا هاتوون ، بەدەست وەزیری تایبەتمەند دەبی ، پاش پرس و را پیکردنی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان .

ج- دانان و نەقل کردنی کارمەندەکانی ئەو دائیرانەی لەبرگەی (ا)دا هاتوون بەپیی بریارو ئەو دەسەلاتانە دەبی کە لەکوماری عیراقدا کاریان پی دەکری ، بەرەچاوکردنی برگەکانی پیشوو . ١

د- دەوڵەت لەسنوری دەسەڵاتیا دەتوانی ڕێنمونـــی شـــیـــدارە ناوچەییەکان (الادارە المحلیە) بکات کە لەمادەی دوانزەهەمدا هاتوون .

**مادەی هەژدەهەم :**

ا- دادگایەکی باڵای دەستوری چاوەدێری بڕیارەکانی دەزگـــاکانـــی ئوتونومی دەکا .

ب- وەزیری دادپەروەری دەتوانی رەخنە لەبڕیارەکانی دەزگاکانـــی ئوتونومی بگری لەماوەی ٣٠ ڕوژدا لەبەردەم دادگایەکی بـــاڵای دەستوریدا پاش ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی دەولـــەتلـــەو بڕیارانە .

ج- لەکاتی ڕەخنەگرتن لەبڕیارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی لەبەردەم دادگای دەستوریدا . ئەو بڕیارە ڕادەگیری تا کاتـــی دەرکـــردنـــی بڕیاری دادگا .

د- دادگای دەستوری دەبی لەماوەی ٣٠ڕوژدا بڕیاری خوی لەبڕیـــارە ڕەخنە لیگیراوەکان بدا . و بڕیارەکانیشی یەکجاری یە .

هـ- بڕیارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی، پاش ئەوەی دادگای دەستوری بڕیاری کار پی نەکردنی دەدا ، بەهەڵوەشاوە دەژمیردری لەگەڵ هەرچی شتیکی پەیوەندیدار بەو یاسایە (علی ازالە جمیع الاثار القانونیە المترتبە علیها) .

و- دادگای باڵای دەستوری چاودێری دروستی یاسا و بڕیـــارەکـــانـــی دەولەت دەکا . تا لەگەڵ بڕیارەکانی ناوچەی ئوتونومیدا دژنەبن

ز- سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان مافی ڕەخنەگرتنی ئـــەو یـــاســـاو بڕیارانەی هەیە کە لەدەولەتی مەرکەزی یەوە دەردەچـــن و دژی یاساو بڕیارو دەسەڵاتە پیدراوەکانی دەزگاکانی ئـــوتـــونـــومـــین لەبەردەم دادگای باڵای دەستوریدا

ح- برگەکانی (ج) و (د) و (هـ) و (و) بەرپاو دەگیرین لـــەکاتـــی ڕەخنەگرتن و بڕیار لیدان لەبڕیارەکان دا .

**مادەی نوزدەهەم :**

ا- سەروکی کومار دەتوانی ئەنجومەنی یاسادانان هەڵوەشینیتـــەوە ئەگەر نەیتوانی کارەکانی بەڕیوە ببات ، یـــان بـــەهـــوی (ئیستیقالەی) نیوەی ئەندامانی ، یان نەبوونی (نصابی قانونی) لەکاتی کوبونەوەدا لەماوەی ٣٠ڕوژدا ، یان بەهوی متمانـــە پـــی نەکردنی دوجار لەسەریەکا ، وەکو چون لەبرگەی (د)ی مـــادەی دوانزەهەمدا هاتووە، یان لەکاتی بەجی نەهینانی بڕیارەکانـــی (هیئە الرقابە) بەپیی مادەی هەژدەهەمی ئەم یاسایە .

ب- لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانانـدا ، ئەنجومەنـــی ڕاپەڕاندن بەردەوام دەبی لەسەر کارەکانـــــی تـــا کاتـــی هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنیکی نوی لەماوەی (٩٠) ڕوژدا لـــەڕوژی دەرچونی بڕیاری کوماری بەهەڵوەشاندنەوەی .

**مادەی بیستەم :**

ئەم یاسایە لەڕوژی بلاوبونەوەی کاری پی دەکریت .

هەواڵنامەی کێبڕ

**دەربارەی ئاسایی کردنی بارو دوخی شاری کەرکوک و کردنی بەشاری برایەتی هاوخەباتی نیوان کوردو عەرەب و تورکمان ، شاری پاراستنی یەکیتی نیشتمانی عیراق**

**یەکەم** : گەراندنەوەی فەرمانبەرو موچەخورو کریکارە دەرکراو و خانەنشین کراو و عەزل کراو و دەست بی لەکار هەلگیراو و نەقل کراوەکان بو پاریزگاکانی تر، گەراندنەوەیان بوکارەکانیان لەشاری کەرکوکدا ، هەروەها گەراندنەوەی هەموو ئەوانەی لەکەرکوک دەرکراون بو شوینەکانی خویان ، و پاداشتدانەوەیان لەهەموو زیانیکی لیبان کەوتووەو ئامادەکردنی خانوبەرەی باش بویان .
هەروەها گیرانەوەی هەموو قوتابیە دەرکراو نەقل کراوەکان بو قوتابخانەکانیان ، بەمەرجیک ماوەی دورکەوتنەوەیان بەدەرنەچون نەژمیردریت .

**دووەم** : هەلوەشاندنەوەی هەموو بریارەکانی دەست بەسەراگرتن (مصادرەو حجز) بیارەو نەخشینەو خانوبەرەو زەوی و زاری هاوولاتیە کوردەکان ، و گیرانەوەی بویان . لەکاتی ئەوتانیدا پاداشتدانەوەیان .

**سیهەم** : گیرانەوەی جوتیارە کوردە دەرکراوەکان بو دیهات و دەوروپشتی شاری کەرکوک و پاداشتدانەوەیان لەهەموو زیانیکی کەلیبان کەوتووە .

**چوارەم** : هەلوەشاندنەوەی بریاری چاودیری (رفع الخطر) هەموو هاوولاتیەکوردەکان لەشاری کەرکوک و دەوروپشتی .

**پینجەم** : هەلوەشاندنەوەی بریاری چاودیری (رفع الخطر) هاوولاتیە کوردەکان لەتیکرای دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمی و دامەزراوە نەوتیو کبریت و کارەبا و باقی دائیرەکانی تردا لەگەرتی دەولەتیو تیکەلاو و تایبەتی ناو شاری کەرکوک .

**شەشەم** : (رفع القید) ریگەدان بەهاوولاتیە کوردەکان لەکرین و فروشتن و بیناکردن و زەوی و زارو خانوبەرەو شتی تر لەناو شاری کەرکوک و دەوروپشتی بەبی دەستتیوەردانی دەزگاکانی ئەمن و لایەنەکانی تر .

**حەوتەم** : کردنەوەی خویندن بەکوردی لەگشت قوتابخانەو گەرەکە کوردی یەکاندا .

**هەشتەم** : ئازادکردنی ریکخراوە پیشەییو سەندیکا و سیاسیو هونەری و ئەدەبیو کومەلایەتییەکان لەشاری کەرکوکدا .

**نوهەم** : نەهیشتنی امتیازاتی هاوولاتیە عەرەبەکان بو نیشتەجی بوون لەشاری کەرکوکدا و. هەلوەشاندنەوەی هەموو بریاریکی

١٦



هەواڵنامەی کتێب

بەزور بەعەرەب‌کردن و نیشتەجی کردنی بەزور .

**دەهەم** : کردنەوەی ناوی گەرەکە و قوتابخانەو بیمارستانگاو دیهاتە کوردی یەکان کەناوەکانیان گوردراوە بەناوی کوردی .

**یانزەهەم** : رەچاوکردنی هاوکیشەی نەتەوەیی لەوەرگرتنی کار لەدائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو باقی دامەزراوەکانی کەسەر بەدەولەتن .

**دوانزەهەم** : هاوولاتیە تورکمانەکان هەموو مافەکانی برا عەرەبو کوردەکانیان هەیە لەشاری کەرکوکە و دەوروپشتیدا .

هەواڵنامەی کتێب

خوشکان ... برایان ... هەڤالان

ئەمە دەقی ئەو پروزانەیە کەی . ن . کە ئاراستەی دەولەتی عیراقی کردبو گفتوگوکردن لەسەری . هەرچەند لەراستیدا ئەم پروزانە (تعبیر) لەتەواوی خواستەکانی گەلی کورد ناکەن ، بەلام کیشەی نەتەوایەتی گەلی کورد سەرەو نزیکە بوونەوە لەچارەسەرکردن دەبات ، و هاوخەباتی گەلانی عیراق دەپاریزی .

پروزەکانیش بریتین :

١- کوتایی هینان بەدوخی نائاسایی کوردستان .
٢- پرنسیپە گشتیەکانی یاسای ئوتونومی کوردستان .
٣- یاسای ئوتونومی گوردراوی کوردستان
٤- ئاسایی کردنی بارودوخی شاری کەرکوک ، بەجوریکە کەببیتە شاری برایەتی و هاوخەباتی نیوان کوردو عەرەب و تورکمان ، وپاراستنی یەکیتی نیشتمانی عیراق .

یەکیتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

مەکتەبی ڕاگەیاندن
لە یادی ٣٦ ساڵەی دامەزراندنی ی.ن.ك/دا لە چاپی داوەتەوە